# بۆپێشەوە

FORWARD
بڵاوکراوەیەکی سیاسی سۆشیالیستییە

ساڵی چوارەم ژمارە(84) بەرواری 1–10–2020 | بڵاوکراوەیەکی سیاسی سۆشیالیستییە | مانگی دووجار، لە (١)و (١٥) هەموو مانگێکدا دەردەچێت




**دۆسیەی ژمارە: ساڵی تازەی خوێندن و خوێندنی ئۆنلاین... ئەو پرسەیە کە هەریەک لە بەڕێزان جیهاد محەمەد و هیوا عەساف.... وەڵام بە پرسیارەکانی بۆپێشەوە دەدەنەوە...ل13-14**

لەدەستپێکی ساڵی تازەی خوێندندا:

# لەژێر سایەی دەسەڵاتی بزوتنەوەی کوردایەتیدا، کەرتی خوێندن و پەروەردە یەکێک لە پەراوێزخراوترین کەرتەکانە...

## وتەی ژمارە

لەکاتێکدا ئەمساڵ دەرگای قوتابخانەکان کرایەوەو خوێندن بۆ ساڵی ٢٠٢٠-٢٠٢١ دەستی پێکرد، کە لەلایەکەوە هەرەشەی کۆرۆنا ڤایرۆس سەرجەم پرۆسەی خوێندن و جوڵەی کۆمەڵگەی سنوردار کردووە، لەلایەکی تریشەوە کۆرۆنا ڤایرۆسی دەسەڵات دەستی ناوەتە بینەقاقای سەجەم کۆمەڵگەو خوێندن و پەروەردەش، بەتایبەت.

ساڵی تازەی خوێندن و هێنانی خوێندنی ئۆنلاین یان خوێندنی ئەلکترۆنی... لە هەلومەرجێکدا کە هیچ زەمینەیەک بۆی ساز نییە، و هیچ ئامادەکارییەکی پێویستی بۆ نەکراوە، لەپاڵ نەبوونی و گرانی و بێ موچەیی و دواخستنی موچەی مامۆستایان و کارمەندانی پەروەردەدا، سەرجەم پرۆسەی خوێندنی لەبەردەم مەترسیدا ڕاگرتووە.

لایەنێکی هەرە سەرەکی سیستەمی خوێندن و پەروەردەو فێرکردنی تەندروست، بەجیا لە ڕێرەوەو مەنهەجی ئازادیخوازانە و ئینسان سالاری، بوونی زەمینەیەکی گونجاو، زامنبوونی پێداویستییەکانی خوێندن، و ئامادەییەکانی خوێندکارو مامۆستا و بردنە سەری توانایەکانیانە.

لە هەرێمی کوردستانی ژێر سایەی بۆ لاپەڕە 2

# مێژوویەك لێوان لێو لە تاوان!


تاهیر حەسەن

شەوی ١٢ی ئەم مانگە، "مەلابەختیار" لەکەناڵی ئاسمانی "ڕووداو" ەوەو لە میانەی ناساندنی کتێبەکەیدا، کەلەژێر ناوی"لەبری بیرەوەری"دا بڵاوی کردۆتەوە، ودواتریش لە پریس کۆنفرانسێکدا، دانی نا بە چەندین تاوانی گەورەدا، کە لەمێژووی زیاتر لە نیو سەدەی بزووتنەوەی کوردایەتی شاخ و شار و سەرکردایەتی حزبەکەیدا بەتایبەتی"نەوشیروان مستەفا" ئەنجامیان داوە.
ئەم گۆشە بچوکە لە ڕاستی وتنەی مەلابەختیار، وەک خۆی دەڵێ هێشتا لە سەدابیستیشی نییەو هێشتا خاتری زۆر زۆر کەسی گرتووەو پەردەی لەسەر زۆر تاوانی تر هەڵنەداوەتەوە، شتێکی تاڕادەیەک تازە نییە، عەیامێکە خەڵکی داستانەکانی تەور وەشاندن ودیل کوشتن و تیرۆری سەرانی ئەم حزبانەی کوردایەتی دەزانن، ڕەنگە ئەوە تازە بێت کە کەسێک خۆی لەنێو دڵی... بۆ لاپەڕە...3

# بزوتنەوەی کوردایەتی و تاوان لە زمانی خۆیانەوە!


عەبدوڵا مەحمود

مەلا بەختیار، بەبڵاوکردنەوەی کتێبەکەی بەناوی "لە بری بیرەوەری" گۆمی مەنگ و لیخنی بزوتنەوەی کوردایەتی و کاراکتەرەکانی شڵەقاند. جارێکی تر ئەو ڕاستیەی دوبارە کردووە، کە بزوتنەوەی کوردایەتی و وەکو بزوتنەوەیەکی بۆرژوازی و کۆنەپەرستانە، کۆپی هەمان ئەو بزوتنەوە کۆنەپەرست و فاشیستانەیە کە ڕەنگڕێژی مێژووی ڕەشی گەلێک کۆمەڵگەو وڵاتیان کردووە بوونەتە پەڵەی ڕەشی ناو مێژووی مرۆڤایەتیش. دیارە مەلا بەختیار خۆیشی کاراکتەرێکی ناو ئەو بزوتنەوەیەو حزبی ئەو جوڵانەوە کۆنەپەرستە دژە ئازادییە.

هەر حزب و بزوتنەوەیەکی سیاسی، ڕزگاری ئینسان یان چارەسەری پرسێکی پەیوەندیداری گرنگ و چارەنووساز، بە ئینسان و کۆمەڵگەکەی خۆیەوە مەبنای بۆ لاپەڕە...4

# وەزارەتی ڕۆشنبیری بڕیارێکی بەعسیانەی دەرکرد...ل2

# ئەفسانە یان فاشیزم

## گفتوگۆ لەگەڵ ڕێبوار ئەحمەد، لەبارەی بڵاوبوونەوەی کتێبی "لەبری بیرەوەری" و کاردانەوەکانی



**بۆپێشەوە:** کتێبە تازەکەی مەلا بەختیار (لەبری بیرەوەری) گۆشەیەکی تر لە تاوان و کارنامەی بزووتنەوەی کوردایەتی و کاراکتەرە سیاسییەکانی دەخاتەڕوو، بەشێوەیەکی گشتی چۆن دەڕواننە ئەو کارنامە و مێژووەی بزووتنەوەی کوردایەتی، کە لەوێدا باسکراوە؟

**ڕێبوار ئەحمەد:** ئەو بەڵگانەی دەربارەی کارنامەی ڕەش و چەپەڵی بزووتنەوەی کوردایەتی و حزبەکانی و کاریزماکانی کە لەو کتێبەدا... هاتووە، دەکرێت بۆ لاپەڕە 11-12

# ڕابەرانی کوردایەتی بە دەم و پێنووسی خۆیان وێناو پۆرترەیتی ڕاستەقینەی دوێنێی خۆیان دەکەن.!!


شوان عەزیز

مێژووی کوردایەتی مێژوویەکی قێزەونەو دەمێکیشە لە دەمی خۆیانەوە هەڵدراوەتەوەو خەڵک و خوێنەریش... دەمێکە زانیویەتی. بۆیە پێویست ناکات لەم بۆ لاپەڕە...5

# سیکولاریزم و سیستمی پەروەردەو فێربوون


فوئاد قەرەداغی

سیکولاریزم سیستمی فەرمانڕەوایی نییە، وەک زۆربەی باوەڕداران و بەشێکیش لە بێباوەڕەکان وەها تێیگەیشتوون. دەشێت لە سایەی سیستمی سەرمایەداریدا، وەک سیستمی باوی لاپەڕە...6

# چارەسەر دەسەڵاتەکان بۆخەڵك بێت...ل9

# ئەمریکا و ئەوروپا جەنگی ماسك؛ وەحشەکانی ڕۆژئاوا بەبێ ماسك....ل10

گۆشەی ئەدەب و هونەر ل 8

پرسی ژن ل 7

بۆپێشەوە
FORWARD
بڵاوکراوەیەکی سیاسی سۆشیالیستییە

## درێژەی وتەی ژمارە

دەسەڵاتی بزوتنەوەی کوردایەتیدا، کەرتی خوێندن و پەروەردە، یەکێک لە پەراوێزخراوترین کەرتەکانە.

کەمی بینایەی خوێندن و نا ستانداردبوونی خوێندگاکان، کۆن بوونیان، چەند دەوامی، نەبوونی پێداویستی ناو قوتابخانەکان لەوانە تاقیگەو شوێنی سەرگەرمی، تا دەگاتە ئاو و کارەبای پێویست و ئەنتەرنێت و کتێب و دەفتەر و ....تاد

جیا لەهەموو ئەمانە، هەلومەرجی سەختی ژیان و گوزەرانی هاوڵاتیان، کاریگەری راستەوخۆی لەسەر منالەکانیان و کوڕ و کچەکانیان لەسەر پرۆسەی خوێندن هەیە. هاوکات کەمی موچەو دواکەوتنی موچە، توانایی و سەلیقەی مامۆستایان دەهارێت. کەمی بودجە بۆ پەروەردەو فێرکردن، بەمانای فەراموشکردنی کەرتی فێرکردن و پەروەردەیە. ئەوەی بۆ دەسەلاتی سیاسی هەرێم جێگای هیچ بایەخێک نییە، ریشەی لە دیدی دەسەلاتدایە بۆ کۆمەلگە و هاولاتیانی و خوازیاری ئەوەیە کۆمەلگە بەدواکەوتوویی و نەخوێندەواری بمێنێتەوە.

لە هەلومەرجی ئێستادا، کە ئەمە دۆخی خوێندکار، مامۆستا، قوتابخانەو بیناو پێداویستەکانی بێت، دەبێ خوێندن لە دۆخی تازەدا چۆن بێت؟

خوێندنی ئۆنلاین، پێویستی بە پێداویستی و فازیکی تر لە ئامادەیی هەیە. دابینکردنی کۆمپیوتەر یان ئایپاد، بۆ خوێندکاران، زامن بوونی کارەبا و ئەنتەرنێتی بەردەوام، بوونی ژوری تایبەت و کەشێکی ئارام بۆ قوتابی تا بتوانێت پرۆسەی خوێندن بە شێوەی ئۆنلاین دەست پێبکات، هاوکات لەگەڵ ئەوانەدا زامن بوونی ژیان و گوزەرانی خوێندکاران و خانەوادەکانیان... لەگەڵ فەراهەم بوونی ژیانێکی شیاو بۆ فێرکاران و مامۆستایان، سەرەتاییترین پێداویستی و لەراستیدا پێش مەرجی دەستبردن بۆ خوێندنی ئۆنلاینن.

بەداخەوە، نەک ئەوانە بۆ خوێندکار و کەس وکاریان، بەڵکو بۆ مامۆستایان و فێرکارانیش بوونیان نییە، ئەمەش هەر لەسەرەتاوە ساڵی تازەی خوێندن بەرەو رووی شکست و دارمان دەکاتەوە.

ئەم هەلومەرجە سەختە کەرووبەرووە لەگەڵ خوێندن و پەروەردە، بەشێک و گۆشەیەکە لە هێرشی دەسەلات بۆسەر کۆمەلگە، نەک وەلامدانەوەو نەخشەیەک بۆ هەلومەرجێکی تایبەتی لە دۆخێکی هەستیاری وەکو ئێستادا.

ئەگەر ئێستا کۆرۆنا ڤایرۆس، رێگرە لە خوێندن بەشێوەی ئاسایی و لەجێگایدا خوێندنی ئۆنلاین یان ئاوێتە، بوتە رێگایەکی ناچاری... ئەوا پێویست بوو ئامادەییەکان و پێداویستییەکانی ئەم شێوازە بۆ ساڵی نوێی خوێندن

بەرنامەرێژی بۆ بکرایە. بۆ ئەمەش دابینکردنی پێداویستی خوێندنی ئۆنلاین، بەتایبەتیش دابەشکردنی کۆمپیوتەرو ئایپاد بۆ هەموو قوتابی و خوێندکارێک لە هەموو ئاستەکان، لەگەڵ زامنکردنی کارەباو ئەنتەرنێتی بەردەوام...لانی کەمی ئەو پێداویستیانەیە کە دەبوو بۆ فەراهەم بکرێت. هاوکاتیش مامۆستایان و کارمەندانی پەروەردە موچەیان لەکاتی خۆیدا پێ بدرایە تا حەوسەڵەو توانای وانە وتنەوەی پێویستیان ببوایە.

نەبوونی زۆربەی پێداویستیەکان بۆ خوێندنی ئەمساڵ و بۆ سیستەمی بە ئۆنلاین کردن یان ئاوێتە کردنی خوێندن... لەپاڵ نەبوونی و گرانی و بێ موچەی و لێبڕینی موچەدا، بەراستی هێرشێکی بێ پاساوی دەسەلاتێکی نابەرپرسە بەرامبەر بە پرۆسەی خوێندن و گشت کۆمەڵگەو لێلکردنی ئاییندەی نەوەکانی داهاتووە.

مامۆستایان و کەس و کاری خوێندکاران، ئەرکیانە لە چوارچێوەی نارەزایەتیە فراوان و بەردەوامەکانیاندا، دەستی خەباتکارانەیان بخەنە ناو دەستی یەکتری، بۆ بەرگری لە خۆیان و ڕۆڵەکانیان و ناچارکردنی دەسەلات، کە ئاورێکی جدی لە پرسی خوێندن و پەروەردەو دۆخی مامۆستایان و کارمەندانی بداتەوە.

**کۆتایی سێبتەمبەری ٢٠٢٠**

## وەزارەتی ڕۆشنبیری بڕیارێکی بەعسیانەی دەکرد!

بەرواری ٢٤/٩/٢٠٢٠ وەزارەتی رۆشنبیری حکومەتی هەرێم!! بریارێکی دەرکرد، بەپێی ئەو بریارە لەمەودا لیژنەیەکی چاودێری پێکدەهێنن بۆ چاودێری ئەو کتێبانەی دەنووسرێن، بەمەبەستی پێدانی ژمارەی سپاردنیان. بە گوێرەی ئەم بریارەی وەزارەتی رۆشنبیری... کتێبێک بۆئەوەی ژمارەی سپاردن و رێگەی چاپکردنی پێبدرێت، پێویستە رەچاوی "بەرژەوەندی باڵای نیشتیمانی و نەتەوەیی و پاراستنی بەها پیرۆزییەکان بکرێت و شیرازەی کۆمەلایەتی و پاراستنی بەها و هێما پیرۆزەکان تێک نەدات"

ئەم تێکستەی وەزارەتی رۆشنبیری ریک و راست، قفلانە لەهەر دەنگ و قەلەمێکی نەیار بەدەسەلات، نەیار بە بزوتنەوەی کۆنەپەرستانەی قەومی و دینی خێڵ و سەرانی بە پیرۆزکراویان، مێژووی بەدرۆ نووسراویان، کارگەی دروستکردنی کاریزمای چنگ بەخوێنیان. وە رێگرە لەهەر رەخنەیەکی مۆدێرن و ئینسانی لەهەر نەریت و فکر و سیاسەت و کەلتورێک کە گومی لیخنی تاوانکاری بزوتنەوە کۆمەلایەتییە بۆگەن و لیخنەکان، دەشلەقێنی. وە دەرگا دادەخات لەبەردەم هەر لێکدانەوە توێژینەوەیەکی زانستی و رەخنەگرانە لە ژێر ناوی پاراستنی بەها و پیرۆزییەکاندا.

ئەم بریارە، بریاری چاوەروانکراوی دەسەلاتی تالانچی بزوتنەوەی کوردایەتییە و هاتاو تەریبە بە برسیکردن و موچە لێبرین و نۆکەرایەتی و خۆشخزمەتی و هەراجکردنی هەموو پیرۆزییەکانی ئینسان و بەهاو باڵا شکۆدارەکانی ناو کۆمەلگە، لە راستگۆیی و پاکی و بوون و مل نەدان و تێکۆشان و رەخنەکردنی پۆخڵەواتە بێ کۆتاو تاوانە زنجیرەیەکانی بزوتنەوەی کوردایەتی و حزبەکانی.

ئەم بریارە بەمانای وشە، بەعسیانە و داعشیانەیە و پاساوەکانیشی بۆ رێگەگرتن لە رەخنە و نووسین و ئازادی چاپەمەنی و بیرواو بەیان، هەمان پاساوەکانی بەعس و داعشە.

بەعس بەپاساوی پاراستنی سەروەری نیشتیمانی و شکۆی نەتەوەیی و بەها پیرۆزەکانی... کەشی ئازادی و بەیان و چاپەمەنی و نووسینی کلۆم دابوو، وە هەر بەو پاساوەش بەدەیان هەزار ئینسان لەکونجی زیندانەکاندا راگیران و بەدەیان و سەدانیان بەهەمان پاساوی ریزگرتن لە پیرۆزییەکان لەدار دران.


هەرێمی کوردستان-عێراق
سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران
وەزارەتی رۆشنبیری و لاوان
بەرێوەبەرایەتی گشتی دیوان
بەرێوەبەرایەتی یاسا

Kurdistan Regional Government
Council of Ministers – Ministry of culture and youth

اقليم كوردستان العراق
رئاسة مجلس الوزراء
وزارة الثقافة والشباب
المديرية العامة للديوان
مديرية القانونية

ژمارە: ٦/ ٨/ ٢٠٧٧
/٢٧١٩ کوردی
رێکەوت/ / /٢٠٢٠

فەرمانی وەزاری

پاڵپشت بە رێنمایی ژمارە (٦) ساڵی (١٩٩٩) ی وەزارەتمان،کە تایبەتە بە پێدانی ژمارەی سپاردن بۆ چاپکردنی کتێب، بێگومان پێدانی ژمارەی سپاردن ئەرکێکی گەورە و لێپرسراویەتی رۆشنبیری ئەخلاقیە. بۆیە لە دوای دەرچوونی ئەم فەرمانە بە شێوەیەکی مەرکەزی لە لایەن بەرێوەبەرایەتی گشتی کتێبخانە گشتیەکانەوە دەدرێت.

پێویستە ئەم ئەرکە زۆر بە گرنگی و بایەخ پێدانەوە جێبە جێ بکرێت و تیایدا رەچاوی بەرژەوەندی باڵای نیشتمانی و نەتەوەیی و پاراستنی بەها پیرۆزەکان بگرێت و شیرازەی کۆمەڵایەتی و پاراستنی بەها و هێما پیرۆزەکان تێک نەدات .

بۆیە بریارماندا پێش پێدانی ژمارەی سپاردن لە لایەن لیژنەیەکی شارەزای ئەو بوارەوە لە بەرێوەبەرایەتی گشتی ناوبراو پێداچوونەوە و هەڵسەنگاندن بۆ کتێبەکان بکرێت دواتر ژمارەی سپاردنی پێ بدرێت.

ئەم فەرمانە لە رۆژی دەرچوونی جێبەجێ دەکرێت.

حەمەی حەمە سەعید
وەزیری رۆشنبیری و لاوان

وێنەیەک بۆ:-
* سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران...بۆ زانین لەگەڵ رێزدا.
* گشت بەرێوەبەرایەتیە گشتیەکانی سەر بە وەزارەت/ بۆ ئاگاداری و پابەند بوون ...لەگەڵ رێزدا.
* گشت چاپخانە حکومیەکان و ئەهلیەکانی هەرێمی کوردستان.
* ب. یاسا / لەگەڵ سەرەتاکان.
* دۆسیەی تایبەت.
* خولاو.

٢٠٢٠/٩/٢٤

هەرێمی کوردستان- هەولێر/ شەست مەتری/ چوارریانی عیزەدین فەیزی
E- mail: malper@mcy-krg.com

داعش بەهەمان پاساوی بەرگری لە پیرۆزییەکانی ئیسلام و رەمزەکانی، بەسەدان و هەزاران ئینسانی سەربری و ژنانی لە بازاڕ و کرینی ئیسلامی و بەها" پیرۆزەکانی ئیسلامدا" خستە مامەڵەی ئیسلامی محەمەدییەوە... مێژووی رژێمە فاشیستەکانی دنیا سەر رێژە لەم بریارەی وەزارەتی رۆشنبیری!!

ئەم بریارە لە کاتێکدا دەردەچێت، کە وەزارەتی رۆشنبیری و راوێژکارە گەمژەکانی باش دەزانن، دنیای ئەمرۆ، دنیای سەردەمی بەعس و رژێمە فاشیستە قەلەم کوژە ئازادەکان نییە، دنیای کلۆم دراوی رابردوو نییە...سەردەمی میدیاو چاپەمەنی کۆنترۆلکراو نییە... ئەمرۆ سۆشیال میدیاو کەناڵەکانی راگەیاندن و گەیاندنی نووسین و پەیام و بۆچوون و لێکدانەوەو رەخنەکان، بە کۆمەلگە لە ئیرادەی هەموو دەسەلاتەکان بالاتر و گەورەترە و هەولدان بۆ چوارچێوەدان و کلۆمکردنی بە یاسای بەعس ئاساو داعش ئاسا، بەشوێنێک ناگات.

ئەم پەلەقاژەیەی وەزارەتی رۆشنبیری بۆ رێگەگرتن لە خستنە رووی تاوانکارییەکانی بزوتنەوەی کوردایەتی و کاراکتەرەکانی، بۆ بێدەنگکردنی ئاه و نالەی ئینسانی برسیکرا و موچە لێبڕاو، بۆ بێدەنگ کردنی و بێئیرادەکردنی ئینسانی نارازی و رەخنەگر لەو بەهایانەی بەناوی پیرۆزییە نیشتیمانی و نەتەوەیی و بەها پیرۆزە کۆمەلایەتییەکان، دەیانەوێت پیرۆزییەکانی ئینسانی ئازاد و دیدی ئازاد و رەخنەگرانە، قفل بدەن، بەشوێنێک ناگات.

هەروەکو چۆن پرۆژە یاسای رێکخستنی میدیای ئەلکترۆنی، لەناو بێشکەدا، خنکێنرا، ئەم بریارەش پێویستە ئاوا توربدرێتە ناو زبڵدانی بریارە بێ هەژمارە دژە ئینسانیەکانی تر... وە ناوی خاوەنان و ئەندازیارانی ئەم بریارانەش لە دیوار و ئەرشیفی سەرکوتگەری قەڵەم و رەخنە بنووسرێن، تا نەوە دوای نەوە ئەم قارەمانانەی جەنگیو لەدژی ئازادی بناسن.

جێگای ئاماژەپێدانە، ژمارەیەک نووسەر و رۆژنامەنووس بەدژی ئەو بریارەی وەزارەتی رۆشنبیریدا وەستانەتەوە، کە ئەمە کارێکی باشە، بەلام بەشی هەرەزۆری هەر ئەو نووسەر و رۆژنامەنووسانە، لەبەرامبەر داخستنی نووسینگەکانی ئێن ئارتی، دەستگیرکردنی دەیان لە هەڵسوراوان و بەشداری خۆپیشاندانەکانی بادینان و هەولێردا بێدەنگن. ئەمەش ناکۆکییەک لە هەڵوێستی ئەو نووسەرو رۆژنامەنووسانە لە مامەڵە لە پرسی ئازادی و ئازادییەکان و ئازادی بەیان و چاپەمەنیدا دەخاتە روو، کە پێویستە ئەم ناکۆکییە وەڵام بدەنەوە.

٢٨/٩/٢٠٢٠

# مێژوویەك لێوان لێو لە تاوان!

ڕووداوەکانەوەو بەبەڵگەوە وردەکاری چۆنیەتی ڕوودانیان و کاراکتەرەکانیان ئاشکرا دەکات.

ئەمە کارێکی خراپ نییە، بەڵام بەهیچ جۆرێک گەردنی مەلابەختیار لەو مێژووە ڕەش وپڕ لەتاوانەی سەرکردایەتی حزبەکەی ئازاد ناکات. ئەو تا ئێستاشی لەگەڵدا بێت لەهەرەمی سەرەوەی حزبەکەی دانیشتووە، نارەحەتییەک ئەگەر لە پۆستی ئێستای هەبێ، هی ئەوەیە مەودای سەلاحیەتی پۆستەکەی دیاری نەکراوە!.

سەرکردایەتی حزبەکەی مەلا بەختیارو پارتی لێپرسراوی یەکەمی تەواوی ئەو تاوانانەن کە لە مێژووی ڕەشی پەنجا ساڵی شاخ و شاریان لەژێر ناوی شۆڕشدا لەدژی خەڵکی کوردستان ئەنجامیان داوەو کۆمەڵگەیان بەم مەرگەساتەی ئێستا گەیاندووە. ئاشکراکردنی شەڕە قسەی نێوکۆنفرانس و ژوورە داخراوەکان، تازە دوای نیو سەدەو پچڕپچڕ، مەدالیای گەردن ئازایی ناکات لە یەخەی هیچ کەسێکدا.

وتنی هەرڕاستیەک، یان پەردەپۆشکردنی هەر ڕاستیەک، بەرژەوەندیەک لە پشتیەوە نووستووە. من نازانم پارچە پارچەکردنی هەموو ڕاستیەکان لەلایەن مەلا بەختیارەوە، چ بەرژەوەندییەکی ئەوی تێدایە، بەڵام لەوە شکم نییە کەبەقازانجی خەڵکی کوردستان نییە. هەر کاتێک حەقیقەت و سیاسەت ناکۆک وەستان، بێ شک سیاسەتەکە هەڵەیە،حەقیقەت بە پێی سیاسەت ناگۆڕێ.

ئامانجێک کە من لەنووسینی ئەم وتارەهەمە، ئەوە نییە کە شیکاری بۆ زەمینەکانی پشتی ئەم هەنگاوەی مەلا بەختیار بکەم و ئەو هۆیانە لێکبدەمەوە، کە بۆچی ناوبراو لەم کاتەدا ئەم کتێبە بڵاودەکاتەوەو بۆچی سەرانی گۆڕان ئاگریان گرتووەو لە دژی مەلا بەختیار دەستیان گرتووە بە داڕزیوترین فەرهەنگی جنێوفرۆشیەوە. ئەوە کێشەی دوو باڵی نێو خانەوادەی بۆرژوا ناسیونالیزمی کوردە، کارێکی وەها بەرچاو ڕوونییەک نادات بە بزووتنەوەیەک، کە دەبێ بۆ قلٚپکردنەوەی تەواوی ئەو مێژووە بەسەر خوڵقێنەرانیدا پێ بنێتە مەیدان و کۆمەڵگە لەم مشتە مافیایە بۆ هەمیشە ڕزگار بکات.

بەو هۆیەوە مێژوو هەمیشە سەرکەوتوەکان نوسیویانەتەوە، لێوان لێوە لەدرۆ و چەواشەکاری و شێواندنی ڕاستییەکان، کەللەپوتتیرین ئینسان دەکرێتە حەکیم و پەیکەرو مەزارگەی بۆ دروست دەکرێت!، تاوانباری تا ئەنیشک لە خوێنی ئازادیخوازاندا دەکرێتە فریادڕەسی دیموکراسی و مافی مرۆڤ!.

ئەوەی کە مەلابەختیار لە کتێبەکەیدا باسی دەکات، تەنیا مشتێکە لەخەرمانێک، بەڵام بزانن چ بۆگەناوێکی بڵاوکردۆتەوە، لێوان لێوە لە ئەسیرکوشتن، ژن کوشتن، ئەشکەنجەی گیانی ودەرونی، دزی و تاڵانی، بێ ئیرادەکردن و کەرامەت شکاندن، پیلانگێڕان و چاوساغی و جاسوسی بۆ وڵاتانی ناوچەکە. ئەو بزووتنەوەیەی کە چەندین دەهە وەک بزووتنەوەیەکی شۆڕشگێڕانەو ئازادیخوازانە دەکرا بە گەرووی خەڵکدا و گیانی شەریفترین ئینسانەکانی دەکردە قوربانی، لەبناغەدا کۆنەپەرستانەترین و وەحشیانەترین بزووتنەوەی بۆرژوازی سەردەمی ئێمەیە.

تەنیا یەک وێستگەشی تێدا نییە کە قابیلی پشتیوانی بێت. ئەوەی کە پێی دەڵێن خەباتی شاخ ئەم زەلکاوە بۆگەنە پاشخانە مێژوییەکەیەتی، کە٣٠ ساڵە لەژێر ناوی شەرعیەتی شۆڕشگێڕانەی شاخدا، هەرچی داهات و سەروەت و سامانی کۆمەڵگەیە کردیانە کۆشکی شاهانە بۆ خۆیان و ملیۆناها ئینسانیشان لەگەڵ مەرگی شێنەیی و و نادیاری چارەنووسیان ڕاگرتووە.

لێرەدا جێگای خۆیەتی لەسەر چەند وێستگەیەک لە قسەکانی مەلا بەختیار بوەستم، کەوەک تەواوی سەرانی بزووتنەوەی ناسیونالیزمی کوردو دوو ڕوویی وچەواشەکاری تێدایە.

مەلا بەختیار بە دروست باسی جەلادی نەوشیروان مستەفا دەکات لە کوشتنی دیلەکانی حزبی شیوعی لەپشتئاشان وقاڕناقا و دەڵێ نەوشیروان پێی وتم "من لێرە سەریانم پانکردۆتەوە تۆش لەوێ پەڕوباڵیان بکە!!". فایەق گوڵپیش لە سەرنجێکدا قسەکەی مەلا بەختیار پشتڕاست دەکاتەوەو دەڵێ "لە کۆنفرانسی ٣ی کۆمەڵەدا مەلابەختیار لە نەوشیروان مستەفای پرسی بۆچی دیلەکانی حزبی شیوعیت کوشت، نەوشیروان مستەفاش وەڵامی دایەوەو وتی، پێوەری سەرکەوتن لە شەڕدا ئەوەیە، کە چەند کەس لە دوژمنەکەت دەکوژیت!!، ئەمە لە کاتێکدا، ئەوکاتەی نەوشیروان مستەفا لەلایەن "حسک" ەوە بەدیل گیرابوو، حزبی شیوعی دەوری بەرجەستەیان هەبوو لەڕزگارکردنی گیانی داو بردیانە بارەگاکانی خۆیان و پاراستیان!.

بۆیە بەپێی هەرچی پێوەر هەیە لە دنیادا، نەوشیروان مستەفا تاوانبارێکی تابینەقاقا خوێناویەو ئەگەر زیندوو بێت جێگەی زیندانەو ئەگەریش مردبێت، جێگەی زبڵدانی مێژووە.

بەڵام وەرن بابزانین مەلابەختیار لە دوای مەرگی نەوشیروان مستەفا چۆن باسی دەکات:

"نەوشیروان مستەفا یەکێکە لە ڕابەرە دیارەکانی نەتەوەی کوردو خەباتی دیموکراسیە"، "پیاوێکی گەورەو هەڵکەوتوو لەکیس نەتەوەی کورد چوو"، "نەتەوەیەک نەتوانێ ڕێز لە گەورە پیاوانی خۆی بگرێت، شایستەی ئەوە نییە بچێتە شارستانیەتی مێژووەوە"، "کاک نەوشیروان بوو بە موڵکی مێژوو، بوو بە موڵکی نەوەکانی ئایندە!!".

ئاخر ئێوە ئەمە ناودەنێن چی؟!، ئەمە چ مەهزەلەیەکە؟!. مەلا بەختیار دەرگای چوونە ناو شارستانیەتی مێژوو بەڕووی خەڵکی کوردستاندا دادەخات، ئەگەر ڕێز لە تاوانبارو ئەسیر کوژێکی وەک نەوشیروان مستەفا نەگرێت و نەیکاتە تاجی سەری!.

ئەی هاوار، مەلابەختیار خۆی دەڵێ، ئەگەر وەک ئەوەی نەوشیروان مستەفا داوای لێکردم بەقسەم بکردایەو شەڕی حزبی شیوعیم بکردایە، دەبوو بۆ هەتا هەتایەسەری خۆمم هەڵبگرتایە. باشە ئەگەر وایەو ئەوکارەت ئەوەندە پێ قێزەونە بۆ خۆت، بۆچی ئەوەی سەری ئەو هەموو

ئینسانە دڵپڕ لە هیوایەی پان کردەوە، دەکەیت بە سمبول بۆ نەوەکانی ئایندەو قارەمانی مێژوو؟! هۆشت هەیە خەریکی چ خەتایەکی مێژوویی گەورە دەکەیت؟!.

ئەوەی کە لە نێو سیاسەت و کاروکردەوەی زیاتر لەنیو سەدەی مێژووی ڕەش و پڕ لە تاوانی بزووتنەوەی کوردایەتیدا هیچ بایەخێکی نەبووەو نییە، ئینسانە. ئینسان لە نێو فەرهەنگی ئەم بزووتنەوەیەدا شتێک نییە، جگە لە زەخیرەیەکی هەرزان و بێبەها بۆ گەیشتنی مشتێک سەرمایەداری کورد بەدەسەڵات، یان مانەوەیان لە دەسەڵاتدا. تەماشاکەن، نەوشیروان مستەفا لە کتێبەکەیدا دەڵێ "کە بە مام جەلالم وت ڕژێمی بەعس بە چەکی کیمیایی هەڵەبجەی بۆردومان کردووە"، مام جەلال وتی"سەد خۆزگە بۆ هەڵەبجەیەکی تر "مەسەلەی کورد ناوبانگی جیهانی پەیدا دەکات!!!.

تاڵەبانی سەد خۆزگەی خواردووە هەزاران عومەری خاوەری تر فریای هەڵهاتن نەکەوتنایە و کۆرپەکانیان تا دوا هەناسە بە سنگیانەوە بخنکایە، قەیدی نییە، گرنگ ئەوەیە خوانی دبلۆماسی ئەوان گەرم بێت و کروزانەوەی ڕەزیلانەی ئەوان بۆ سواڵی پارە لە میدیا جیهانییەکانەوە جێگایەکی چەند دەقیقەیی پێ ببڕێت!!. ئەمە بایەخی ژیانی خەڵکی کوردستانە لای تاڵەبانی کەئێستا بە مردوویش مەسرەفی تەشریفاتی گۆڕەکەی لە مانگێکدا زیاترە لە مووچەی چەندین هەزار کرێکاری شارەوانی (ئەویش ئەگەر هەبێت)، کە بەئارەقی نێو چەوانیان ناهێڵن شارەکان بۆگەن بکات.

بەڵام کوێخا خۆشی مەشموله، نازیەکانی ئەڵمانیا لە ئەوجی دەسەڵاتیاندا کەوتنە جینۆسایدی یەهودیەکان، بەڵام نەوشیروان مستەفا لەکاتی هەڵهاتندا، بەتەقاندنەوەی بەنداوی دەربەندیخان قیروسیای لە ژیانی خەڵکی کەلار وباوەنوور دەکات، بەڵکو بە خنکاندنی نیو ملیۆن ئینسانی بێ تاوان و بێ ئاگا، تۆڵەی ئەنفال بکاتەوە. ئەمە جگە لە فاشیزم ناکرێت هیچ ناوێکی تری لەسەر دابنرێت.

مەلابەختیار دەڵێ من تەنیا کەس بووم لەنێو سەرکردایەتی یەکێتیدا وتم کوشتنی کۆمۆنیستەکان کارێکی خراپەو سەدان ڕێگای تر هەبوو بۆ چارەسەری ئەوکێشەیە!.

من نازانم مەلابەختیار٢٠ ساڵ لەمەوبەر لەکۆبونەوەی داخراوی سەرکردایەتی حزبەکەیدا چی وتووە، بەڵام ئەوە دەزانم ئەو تەنیا کەسێکە لەسەرکردایەتی حزبەکەی کەڕوو بەدنیا و خولەچەخماخە ئاسا لە ڕادیۆی "لاوان"ی سویدەوە وتی "ئێوە هەمووتان ١٥ کەس بوون، بە مەفرەزەیەکی ئێمە عاقڵ کران وکۆتایتان پێ هات".

پرۆسەی بارگرژی نێوان ئێمەو یەکێتی لەساڵی ٢٠٠٠ دا، کە سەرئەنجام یەکێتی بەنەخشەو سەرپەرشتی ڕاستەوخۆی نەوشیروان مستەفا گەیاندی بە هێرشی چەکدارانە بۆ سەر حزبی ئێمەو کوشتنی ٥ ئینسانی دڵ پڕ لە هیوا بەڕۆژی ڕووناک و لەنێو چەقی شاردا، چەند مانگێکی خایاند.

سەرەتا بە گرتنی ٣ هاوڕێی ڕابەری عەرەب زمانی ئێمە دەستیان پێکرد، لەو ماوەیەدا چەندین جار وەفدی ڕابەری ئێمەو سەرکردایەتی یەکێتی لەبارەگای ڕێکخراوە دیموکراتیەکانی یەکێتی و بارەگای کۆمیتەی ڕابەری ئێمە بە ناوبژیوانی "فاروقی مەلا مستەفا" یەکترمان بینیوە، لەهەموو ئەوجارانەشدا من و مەلابەختیار لە وەفدەکاندا بووین. تەنانەت بەیانی کۆتایی ڕێکەوتنەکە مەلا بەختیار نووسی و ئێمەش قبووڵمان کرد، بەڵام دواتر "ئازاد جوندیانی" پەشیمانی کردنەوە.

لە هیچ یەکێک لەو پرۆسەیەدا بۆ لەحزەیەکیش هەستم بەوە نەکردووە، کە مەلا بەختیار لەم گێچەڵەی یەکێتی بە ئێمە نارەحەت بێت. کەسێک لەسیاسەتێک ناڕازی بێت، چۆن دەتوانێت لە نێو وەفدێکدا نوێنەرایەتی ئەو سیاسەتە بکات؟!.

مەلابەختیار هەرچیەک لەسەرتاوانکاری سەرانی حزبەکەی و بەتایبەتی نەوشیروان مستەفا بڵێت ڕاست دەکات، چونکە ئەو دڕندەییەی سەرکردایەتی یەکێتی بەسەرپەرشتی و نەخشەی نەوشیروان مستەفا بەرامبەر ئێمە کردی، لە مێژووی تاواندا کەم وێنەیە. تەماشاکەن. لەسەرەتاوە ئاو و کارەباو تەلەفۆنی بارەگاکانیان بڕی، ئینجا دەستیان کرد بە ڕەشبگیری، دەستیان لە منداڵ و پیریش نەدەپاراست، پاشان هێرشی سەربازیان کرد وله چاوتروکانێکدا سەیارەیەکی حزب کە لەبازاڕ دەگەڕایەوە، خستیانە بۆسەیەکی لە پێشدا ئامادەکراوەوەو ٥ ئینسانی تێکۆشەریان خەڵتانی خوێن کرد، پاشان نەک هەروەک ڕژێمی بەعسیشیان پێ نەکرا تەرمی ساردو سڕی هاوڕێیانمان بدەنەوە بە کەسوکاریان تا دوا نیگایان بکەن و ماڵئاواییان لێ بکەن، بەڵکو تەنانەت چەکداریشیان لەسەر گۆڕستان جێگیر کردبوو نەکا ببێتە ناوەندێک بۆ کۆبوونەوەی خەڵک. لە نێو یەکێتیداو لەدژی ئەم تاوانە تەنیا "شێرکۆ بێکەس" وچەند ئەدیب و ڕۆشنبیرێک بەیانی سەرکۆنەکردنی ئەو تاوانەیان بڵاوکردەوەو دواتر لەلایەن سەرکردایەتی یەکێتیەوە سزا دران.

لە کۆتاییدا دەمەوێ بڵێم ئەم پاشخانە دژی ئینسانیەی بۆرژوا ناسیونالیزمی کورد، جەوهەری ئەو بزووتنەوەیەیە لە بەشەکانی تری کوردستان، داری ژەقنەبووت تەنیا تەیری گول دەگرێ.

ئێستا ئیتر بۆ هیچ کەسێک شاراوە نییە، بۆچی دوای ٣٠ ساڵ حوکمڕانی ئەم بزووتنەوەیە خەبەرێک لە سەرەتاییترین پێداویستیەکانی ژیان نییە. ئاو نییە، کارەبا نییە، کار نییە، ژیان نییە. چاوەڕوانی ئایندەی باشتر لەم مشتە ئینسان کوژە، جگە لە کزکز سوتانی مۆمی تەمەنی خۆمان و منداڵەکانمان، شتێکی تری لێ بەرهەم نایەت. ئەمانە دەبێ بە هێزی یەکگرتو و ڕێکخراوی کرێکاران و لاوان و مامۆستایان و لەشکری دەستەنگانی کۆمەڵگە لە دەسەڵات بکێشرێنە خوارەوەو ڕاپێچی دادگای جەماوەری و ئاشکرای خەڵک بکرێن.

٢٥ ی سێپتەمبەری ٢٠٢٠

# بزوتنەوەی کوردایەتی و تاوان لە زمانی خۆیانەوە!

نەبێت، بانگەواز و پەیامە گشتیەکەی لە روکەشدا هەر شتێک بێت، سەرئەنجام دەبێت بەحزب و رێکخراوەی ناکوک بە ویست و داخوازی کۆمەڵگەو پرسە بناغەیەکانی، دەبێتە بزوتنەوەو حزبی ناکۆک بە ئازادی و مافە سەرەتاییەکانی ئینسان. دەبێتە ماشێنی تەسفیەو سرینەوەی نەیارانی ناوخۆیی و دەرەوەی باڵەخانەی حزبەکەی، دەبێتە ئوستازی پاساو هێنانەوە بۆ سەرکوت و کوشتار و دۆسیە سازکردن...

بزوتنەوەی کوردایەتی وەکو بزوتنەوەیەکی بۆرژوازی، لەگەڵ ئەوەدا بە خۆبەستنەوە و خۆ هەڵواسینی بە پرس و زوڵمی نەتەوایەتی خەڵکی کوردستانەوە، هاتۆتە مەیدان و پێی گرتووە، بەڵام لە بنەرەتدا چارەسەری مەسەلەی کورد و وەڵامدانەوە بە زوڵمی نەتەوایەتی، مەبنای نەبووە و لەوەش زیاتر خۆی بۆتە کۆسپێکی بەردەم ئەو پرسەو قوڵکردنەوەو ئاڵۆزکردنی...

خولانەوەی لە دەوری "مفاوەزات، شەر، مفاوەزات"، بۆ بەشداری لەدەسەڵاتی ناوەندیدا، مەبنای یاخی بوون و وەرێخستنی جوڵانەوەی سیاسی و چەکداریی بزوتنەوەی کوردایەتی بووە. بەشداربوون لە دەسەڵاتە دیکتاتۆری و هاوبەشی کردن لەگەڵ جەلادەکانی خەڵکی کوردستاندا، مەبنا و پەیامی روون راگەیەنراو و بە کردەوەی حزبەکانی بووە، بۆیە هیچ لەوە سانا تر نییە، خۆیان ببنە کۆپی و مۆدیلی دوبارەی هەمان ئەو دەسەڵاتە بکوژ و ببڕانەی، مێژوویان و کارنامەیان خوێناوی و سەرکوت و تەسفیەکردنی نەیارەکانیان، بێت. بزوتنەوەیەک خوازیار و پەرۆش و ستراتیجی ئەوە بێت، ببێتە بەشیک و لایەنیک لە دەسەڵاتی بەعس و گوێڕایەلی سەدام حسێنی دیکتاتۆر، هیچی لێ چاوەڕوان ناکرێت، ئەوە نەبێت ببیتە کۆپی بچوکراوەی ئەو دەسەڵات و جەلادەو کارنامەکەی.

کارنامەو مێژووی بزوتنەوەی کوردایەتی لەچوارچیوەی ئەم ئامانجەی ناسیونالیستی کوردا، لێوان لێو و سەرریژە، لە تاوانکاری و داهینانی کردن لە تاواندا... تاوان دەرەق بە نەیارانی سیاسیان، دەرحەق بە کادر و هاوڕێ ناکۆکەکانیان لەناو یەک حزبدا، دەرهەق بەسەرەتایترین ئازادییەکان، دەرهەق بە بیرورای جیاواز و ئازادی چاپەمەنی، دەرهەق بە "نا" وتن، بەسەرۆک و پیرۆزی بنەماڵە...

رەهەندی ناسیونالیستی، نازیزم، فاشیزم، راسیزم، ستالینیزم، بەعسیزم... ی لەخۆی هێناوەتە دەرەوە و مێژووی تەژی لە تاوانی وا قێزەون کردۆتەوە، کە بۆ مرۆڤایەتی بیرچوونەوە هەڵنەگرە.

ئەم بزوتنەوەیە لەهەر جیگا و لەهەر کۆمەڵگەیەکدا بێت، ڕەگەکانی ئەم رەوتە ئینسانکوژانە پایە بنەرەتیەکانی پێکدەهێنن.

ئێوە تەماشا بکەن... بزوتنەوەی کوردایەتی خاوەنی چ کارنامەیەکی رەش و خوێن ریژییە... لەجەنگی دەسەڵات و هەیمەنەو قەڵەمرەوی سیاسی، چۆن بەسەدان و هەزاران ئینسانی کردۆتە قەرەبروت، کەبەشێکی وەکو پیشەکی دراوە بەبەعس لە پیناو مفاوەزاتدا. یان دراوە بە ئێران بۆ پشتیوانی بەدەستهێنان. یان وەکو بەخشیش خوێنی سەدان ئینسانی ئۆپۆزیسیۆن رژێمی تورکیایان رادەستی میراتگرانی ئەتاتۆرک و ئیخوانییە ئەدۆغانیەکان کردووە. بە سەدان ئینسانی سەرنگوم و تیرۆر کردووە، یان لە پشتەوە و لە پلانی نەخشە بۆ داریژرواداا نەیارانی خۆیان و تەنانەت هاوڕیی گیان بەگیانی پێشووی خۆیان داوەتە بەر دەستڕێژ. بۆ شاردنەوەی تاوانەکانیان و سرینەوەی ئاسەواری تاوانەکانیان خەڵکیان تیرۆر کردووە، وریای مام وەهاب و بەکر عەلی لە نموونەکانی ئەم تیرۆرانەن... هیچ حزبێکی سیاسی لە خانەوادەی بۆرژوازی کورد لە هیچ بەشێکی کوردستاندا نادۆزینەوە کە کەمترین دەسەڵاتی بووبێت و دەستی لە تاوان و تاوانکاری و سەرکوتگەری پاراستبێ چ لەریزەکانی خۆیدا و چ لەبەرامبەر نەیارە سیاسیەکانیدا. هیچ حزبێک و ریکخراوەیەکیان نییە، دەستی بۆ چەک و کوشتار و تیرۆر و پیلانگێران نەبردبێ؟ کام حزبی بۆرژوازی کورد هەیە، لەشەری دەسەڵات و داسەپاندنی هەژموندا، دەستی رژێمە دڕندەکانی نەگرتبێ و خۆشخزمەتی بۆ نەکردبن... ئەگەر یەکێتی و پارتی لە شەری دەسەڵاتی ناوخۆدا چەکی کیمیایی و وێرانکارییان هەبوویە کێ گومانی دەکرد کە بۆ سڕینەوەی یەکتری دەستی بۆ نەبەن؟ کام حزبی سیاسی لەم خانەوادەیدا هەیە... لەبەرامبەر بەداوای خەڵک و هاوڵاتیان و مخالیفینی خۆیدا دەستی بۆ زەبروزەنگ، تیرۆری کەسایەتی و تیرۆری جەستەیی و ناو ناتۆرە دروستکردن نەبردبێ. کامیان هەیە کارنامەی تیرۆر نەبووبێتە پەڵەیەک بە مێژووی بوون و هەڵسوڕانیەوە.

تیرۆری د.شوان و پاشان سەعید ئاڵچی، تیرۆری ئیبرایم عەزۆ و عەلی عەسکەری و هاوەڵەکانیان... کەبە دیلی کوژران. دەیان پێشمەرگەی حزبی شیوعی لە قرناقاو پشت ئاشان کە بەدیلی گیانیان لێسەندرایەوە، ئاڵای شۆرش کەوتنە بەردەم گەورەترین رق و فاشیانەترین ترین رەفتاریان تەنها بەهۆی بیروڕای جیاوازەوە. حەمەی حەلاق و هاوەڵەکانی بە ئاشکراو بەرۆژی روناک قەسابی کران... عەبدوڵای قەسرێ و هاوڕیکانی بەدیلی کوژران، پینج ئەندام و کادری حزبی کۆمۆنیستی کریکاریی بە رۆژی روناک و لەناو جەرگەی شاردا درانە بەر دەستدرێژی گوللە و کە وەفدی باڵای حزبی کۆمۆنیستی کریکاریی لە ماڵی نەوشیروان بوون... ئەوە لەکاتێکدا کە رژێمی درندەی بەعس بۆ یەکجاریش پەیرەوی لە دەست بەسەر کردنی وەفدی مفاوزی حزبەکانی بزوتنەوەی کوردایەتی نەبرد... بەڵام حزبەکانی بزوتنەوەی کوردایەتی و یەکێتی ئەم رەفتارە قیزەونەشیان داهێنا. وەکو بەعسیش بەکۆمەڵ ژیر خاکیان خستن، وەکو بەعسیش ریگەی پرسە بۆدانانیانی یاساغ کرد. چەندین کەسایەتی سیاسی لەناو شارەکاندا تیرۆر کران، لە رەئوف ئاکرەیەوە تا دەگاتە نەزیر عومەر و ویداد و شاپور و قابیل و بەکر عەلی... لیستی تاوانی بزوتنەوەی کوردایەتی و حزبەکانی سەر رێژە، لە تیرۆر و کوشتار. هەر ئەو قارەمانانە!! و کاراکتەرانەی بزوتنەوەی کوردایەتی پیش لەشکریان کردە عادەت و بوونە چاوساغی پاسدار بۆ سەر کێڵگە نەوتیەکانی شاری کەرکوکی" قودسی کوردستان" بوونە چاوساغی فاشیستەکانی تورکیا و بەدەیان کادر و گەریلایان کردە خیر و سەدقەی نۆکەرایەتیان و کە تائێستاش بەردەوامە... چەندین جار بوونەتە قارەمانی پیش لەشکری بەعس بۆسەر کوردستان و بۆ سەر" پەرلەمان و حکومەتی" عەزیزیان. وا ئیستاش لە سەروبەندی ١٦ ئۆکتۆبەردانی کە حەشدی وەحشیان هینایەوە. تا روخانی رژێمی بەعسیش بەدەیان لەسەرکردەکانی حزبەکانی بزوتنەوەی کوردایەتی جاسوسی بەعس بوون و موچەی خیانەتکارییان وەردەگرت... ژن کوشتن بە جیا لەشاخ کە لەسەر خۆشەویستی و بۆ رەزایەت دان بە عەشیرەت و پیاوسالاری دەستیان بۆ برد، لەشاریشدا شەپۆلی ژن کوشتن ڕیک دوای راپەڕین خۆیان دەستیان بۆ برد و پاشانیش بە بەدەستەوە گرتنی یاساکانی بەعس و مل دان بە کۆنەپەرستی ئیسلامی شەرع و بە باوەشێن کردنی پیاوسالاری ناسیونالیستی ئەم قەسابییەی ژنان تا ئیستاش بەردەوامە. چەندین رۆژنامەنووس تیرۆر کران، ئەم تاوانانە تاوانی شارو شاخن، تاوانی ئاشکرا و بەچاو و هەندیکیان نهێنین...بەڵی کارنامەی بزوتنەوەی کوردایەتی، سیخناغە لە کوشتن و تیرۆر کردن و سەرکوت و ئیرهابی فکری و پاکانە پی پرکردنەوە و بوونی زیندانی نهێنی.

بەشیک لە خەرمانی ئەو تیرۆرانە، لەزمانی خودی بەشداربووان و رابەرانی بزوتنەوەی کوردایەتی و بە بەڵگەی حاشا هەڵنەگرەوە خراونەتە ڕوو... لە ئەدەبیاتی گێردراوەی کاراکتەرە سیاسییەکاندا، ناویان براوە هێشتاش دەیان و سەدان دۆسیە و فایلی تر بە نهێنی ماونەتەوە. ئەو کتێبەی مەلا بەختیار کەخۆی کاراکتەرێکی ناو ئەو بزوتنەوەیەیە تەنها گۆشەیەک لە کارنامەی بزوتنەوەی کوردایەتی و کاراکتەرەکانی خستۆتە ڕوو لە هەلومەرجێکی تایبەتی و ململانێیەکی نوێدا. کە وەکو خۆی دانی پیاناوە... هێشتا ٢٠% بیست لەسەدی بەیان کردووە و گومانی تیانییە، هەموو ئەوانەی تریش نیوەی تاوان و کارنامەی سەرکوتگەرییەکانیان نەخستۆتە ڕوو. بیهێنە بەرچاو... کە ئەگەر هەموو کاراکتەر و بەشدار و ئاگادار لە روداوەکان و مێژووی بزوتنەوەی کوردایەتی وەکو خۆی بخەنە ڕوو، دەبێ ئاستی قوربانیەکانی دەستی ئەم بزوتنەوەیەو چ کێوێک لە لاشەی ئینسانی بخاتە ڕوو... دەبێ چ روباری خوێنێک بەربووبێ... دەبێ سێڵاوی فرمیسکی دایکانی رۆڵە قەسابی کراو چ ڕوبارێکی لێ دروست ببێ؟ لەناو شەپۆلی ئەو هەموو تاوانکاری و کوشتارەدا نەوشیروانی مستەفا باوکی هەژاران!!... زۆرترین ئاماژەی پێکراوە. بە ئاشکرا بریارو پەیامی سەرپانکردنەوە و پەڕوباڵکردنی نەیارانی سیاسی خۆی داوە... بێ دادگا رەوایەتی کوشتنی کردۆتە ئاو خواردنەوە.

لەو کاتەوەی کتێبەکەی مەلا بەختیار بڵاوبۆتەوە... کادرانی بزوتنەوەی گۆڕان و میدیاکار و دەزگا راگەیاندنەکانیان... نەیانتوانیووە یەک کەسایەتی سیاسی رازی بکەن بەوەی گەردن پاکی نەوشیروان مستەفا نیشان بدات و پەڕیزی پاک!!ی بخاتە ڕوو. هۆکارەکەشی ئەوەیە ئەو تاوانانەی بە بریار و بەبەشداری راستەوخۆی نەوشیروان ئەنجام دراون، هێندە ئاشکران، داناپۆشرێن... بەرۆژی روون کراون، بەبەرچاوی دەیان کەسەوە ئەنجامدراون، نووسین و دەنگ و پەیامەکانی خۆی ماون و بەشێکیان خۆی تۆماری کردوون و بەشانازیی و بێ منەتیەوە دەستی بردووە بۆ تاوانەکان. بزوتنەوەی گۆران کاتێک ناتوانێت، پەرێز پاکی نەوشیروان مستەفا بسەلمێنێ، ناچارە دەست ببات بۆبەخشینەوەی جوێن، فایل سازی، بوختان، تەشهیری شەخسی، بێ مۆراڵی لە ململانێی سیاسیدا... کە بەراستی هیچ سنورکیان بۆی نەهێشتۆتەوە. کە دەتوانین بڵێن بزوتنەوەی گۆران و نەوشیروان مستەفا، نەوەیەکی لە ریزەکانیاندا پەروەردە کردووە، نەوەی بێ گوێ، کەڕ و کوێر و زمان پیس و بەمانای وشەش لۆمپن... کە لە جێگای وەڵامدانەوە و خستنە رووی بەڵگە و گفتوگۆ،، دەست لەهیچ وشە و دەستەواژەیەک ناپارێزن کە لە مەنهۆڵی بزوتنەوەکەی خۆیان و هاوشیوەکانیان، ئیستعارەیان کردووە. هێشتا شانازی بەبڵاوکردنەوەی پاکانە بەزۆر پڕکردنەوەیەک دەکەن، کە داهێنەرەکەیان بەعسیەکان و فاشیەکانن... هێشتا شانازی بە قارەمانی دیل کوژیانەوە دەکەن، هێشتا دەیانەوێ ماشینی تیرۆر جەسەدی و فکری وەربیبخەن و فتوا بدەن.

مەلا بەختیار و دەیان کەسی تر وەک کاراکتەری سیاسی و نووسەر بەشێک لەمیژووی شاخ و شار، لە مێژووی سەرکوت و تیرۆر، لە کارنامەی نۆکەرایەتی و خۆشخزمەتیان خستۆتە ڕوو... هێشتا هەموو ئەوەی وتراوە، دڵۆپێک لە دەریای تاوان و چەند تاڵە پۆشێکن لە خەرمانی کارنامەی دژە ئینسانی بزوتنەوەی کوردایەتی و حزبەکانی. بەڵام هاوکات مەلا بەختیار خۆیشی کاراکتەر و بەشداربوویەکی ئەو مێژووە رەشەی بزوتنەوەی کوردایەتی و یەکێتی نیشتیمانییە کە گێرانەوەکانی و مێژوو سازی ناتوانێت، ئەو لەو مێژووە و لەو کارنامەیە بێبەری بکات.

هەموو ئەو مێژووە خوێناوییە کە بزوتنەوەی کوردایەتی و کاریزماو کاراکتەرە سەرەکیەکانی لەشاخ و شار، لەسەردەمی ئۆپۆزیسیۆن بوون و دەسەڵاتداریتیدا ئەنجامیانداوەو بەو هۆیەشەو بە سەدان و هەزاران ئینسان بوونەتە قوربانی، سەد بارە پێویستی راماڵینی ئەم دەسەڵات و بزوتنەوەیەی کردۆتە ئەرکێکی لەدواخستن نەهاتوو... هەموو ئەو تاوانانە تێکهەڵکێشی تاوانی تاڵانی و دزی نەوت و دەست بەسەراگرتنی سامانی سەرزەوی و ژێر زەوی و سەرکوتگەری ٣٠ ساڵەی رابردووی دەسەڵات بوون.

ئەم بزوتنەوە و دەسەڵاتە، لەزمانی کاراکتەرەکانی خۆیانەوە، لە خوێنریژیدا نوقمن، لە تاوانکاریدا داهێنەرن، لە نۆکەرایەتی و خۆشخزمەتیدا، دەست لەسەر سنگ و هەڵکورماوی بەردەم وەزارەتخانەکانی رژێمە درندەو چنگ بەخوێنەکانن... لە ململانێی سیاسی نیوانیاندا ئوڵفەتیان بە نزمترین فەرهەنگی جنیو فرۆشێ و شکاندنی کەسایەتی و دەستبردن بۆ ژیانی تایبەتی نەیارانیان بردووە. ئەم بزوتنەوە کۆنەپەرستەی کوردایەتی کە بەچکەکانی پارتی و یەکێتی و گۆڕان و هاوشیوەکانین، لەگەڵ راماڵینیان، سەران و تۆمەتبارەکانیان دەبێ بخرینە بەردەم دادگایەکی جەماوەری... بۆ خستنەڕووی سەرجەم تاوانکاریەکانیان. تا نەوە دوای نەوە، بەو میژووە رەشە ئاشنا بن، کە لەژیر ناوی شۆرش!! خەبات دژی داگیرکاری!! ئەنجامیان داوەو خەون و ئاواتی دەیان هەزار پیشمەرگە و ئەندام و لایەنگر و جەماوەرەکەیان، خنکاندووە، هەمووشی لەپێناو هاوبەش بوون و خزمەتکردن بەو دەسەڵاتە رەشانەی، کە میژوویەکی رەش و پر خوێناوییان لەدژی خەڵکی کوردستان و هەموو دەنگێکی ئازادیخواز و ئینسانیدا، تۆمار کردووە.

# ڕابەرانی کوردایەتی بە دەم و پێنووسی خۆیان وێناو پۆرترێتی ڕاستەقینەی دوێنێی خۆیان دەکەن.!!

نووسینەدا باسی ئەو کارانە بکەین کە بزووتنەوەی کوردایەتی لە دژی ئینسانیەت، لە دژی دیموکراسی، لە دژی ئازادی و هەروەها لە دژی خەڵکی کوردوستان کردوونی، چونکە یەکەم: هەر بۆخۆیان ئەو کارە قێزەونانەیان لەشێوەی بیرەوەری کردویانن بە کتێب و بڵاویانکردوونەتەوە. دووەم ئەم نووسینە کورتە بۆ نیشاندانی ئەو کارانە نییە. بەڵام هەرچۆنێک بێت ئاماژە بە دوو کاری کۆمەڵکوژی یاخود جینۆسایدکردن دەدەم کە بزووتنەوەی کوردایەتی هەوڵیداوە کە ئەنجامی بدا یاخوود ئاواتەخواز بووە ئەنجام بدرێت.

یەکەم: بە پێنووسی ڕابەرێکی دیاری بزووتنەوەی کوردایەتی کە نەوشیروان موستەفایە نووسراوە کە مام جەلال لە کاتی کیمیابارانی هەڵەبجەدا لەبەردەم خۆی و چەندین بەرپرسی تردا وتوویەتی "ئاخ بۆ هەڵەبجەیەکی تر" . واتە ئاواتی خواستووە یاخوود ئاخی هەڵکێشاوە بۆشارێکی تری وەک هەڵەبجە کە کیمیایی لێبدرایە. دیارە ئەگەر سیاسیانە لێکی بدەیەتەوە ئەو ئاخ و ئاواتە ئەوە دەگەیێنێت تا بزووتنەوەی کوردایەتی لەبەرژەوەندی خۆیدا بەرهەمهێنانی تێدا بکات.

دووەم: مەلابەختیار هەم بەدەنگ و ڕەنگ لەکەناڵی ڕووداوداو هەمیش لە کتێبەکەیدا باس دەکا کە "پلان دانراوە بۆ ئەوەی بەنداوی دەربەندیخان بتەقێننەوە. بەڵام پلانەکە سەرکەوتوو نەبووە". ئای کە کارەساتێکی گەورەی مرۆیی و ژینگەیی بەدوای خۆیدا دەهێنا ئەگەر پلانی بزووتنەوەی کوردایەتی سەرکەوتووبووایە. بیهێننە پێش چاوی خۆتان ئەگەر ئەو پلانە سەرکەوتووبووایە بەدڵنیاییەوە هەرچی دەکەوتە بەر جغرافیاو مەدای بەنداوی دەربەندیخانەوە تێدادەچوو بەدارو بەردیەوە، بە تەڕوو پووشیەوە، بەشارو ناحیەو لادێکانیەوە، بە زیندەوەرو نازیندوویەوە، بە ئینسانی چاک و خراپیەوە، بەبێ تاوان و تاوانبارەوە، بە ژن و منداڵەوە، بە پیرو پەککەوتەو ساغ و ناساغەوە، بە عەڕەب و کوردو نەتەوەی ترەوە، بە کافرو موسڵمان و تەواوی مەزهەبەکانیەوە، بە کورتی و کوردیەکەی هەموو شتێکی ئەو دەڤەرە لەناودەچوو.. ئای کە کارەساتێکی گەورەی مرۆیی دەبوو. ئەمە چ تۆڵەو چ ڕق و چ گرێیەکی دەروونی لە پشتەوە بووە. یاخوود چ بەرژەوەندیەکی بۆ خەڵکی کوردستان لەپشتەوە بووە؟ وەڵامەی لای بزووتنەوەی کوردایەتییە.

ئەو دوو نموونەیە بەسن. عارفان حەرفێکیان بەسە. ئەگینا بە سەدان نموونەی تر هەن. شەنگال و بەدەستەوەدانی یەزیدیەکان و تەسلیمکردنی ژنەکان و کچەکانیان بە داعش لەو جۆرە نموونانەیە کە بزووتنەوەی کوردایەتی بەرهەمهێنانی سیاسی تێداکردووە.

مەلا بەختیار ئەوە یەکەم جاری نییە کە ئەو وێناو پۆرتڕەیتە درووستەی بزووتنەوەی کوردایەتی و ڕابەرایەتیەکەی نیشانی ئێمەمانان دەدا، بەڵکو جاری ترو پێشتریش بە جۆرێک لە جۆرەکان ئەوکارەی هەرکردووە. هەروەها لەسەردەمی ئەوداو لە پێش ئەویشدا جۆری لەوکارە کراوە. هەر لەلایەن ڕابەران و نووسەرانی خودی بزووتنەوە کوردایەتیەکەی مەلابەختیارەوە چەندین جارو بەچەندین کتێب و بیرەوەری ئەو وێناو پۆرتڕەیتە کێشراوە.

بەبڕوای من مەلا بەختیار لە کردنی ئەوجۆرەکارانەدا نە یەکەم کەسەو نە یەکەم کاریشیەتی وە نە کۆتا کەسیش دەبێ. بۆیە تا بزووتنەوەی کوردایەتی هەبێ و لەمەیداندا بێت، وێناکەی لەو وێنایەی کە مەلابەختیارو ئەمسالی ئەو کێشاویانە باشتری لێ ڕەچاوناکرێت..

هەر بە بڵاوبوونەوەی کتێبەکەی مەلابەختیار، لەبری بیرەوەری، وە بە تایبەتی چاوپێکەوتنەکەی لە کەناڵی ڕووداو دەربارەی ناوەڕۆکی کتێبەکەی، جووڵەو مقۆمقۆیەکی زۆری لەناوخەڵکدا لێ پەیدابوو.

مەلابەختیار ئاراستەی بەشێکی زۆری کتێبەکەی بەڕاستەوخۆیی ڕووی پێ لە نەوشیروان موستەفا کردووە. ئەوەی کە شارەزای دیوی ناوەوەی بزووتنەوەی کوردایەتی بێت کە یەکیەتیەکەی مەلا بەختیاریش بەشێکی سەرەکی ئەو بزوتنەوەیە پێک دەهێنێت و مەلابەختیاریش لە ١٦ ساڵیەوە تێیدا چالاکانە لە هەڵسوڕاندایە، تێدەگا کە پاڵنەری سەرەکی بۆ دەرخستنی ئەو مێژووە لە لایەن مەلابەختیارەوە چییە. ئەوە یەکەم جار نییە مەلا بەختیار ئەو مێژووە دەخاتەروو. جاری تریش لەسەردەمی شاخدا ئەو مێژووە کوردایەتیەی بەهەمان قێزەونی بەڵکو بە زیاتریشەوە نیشانداوە کە لە کتێبی لەبری بیرەوەریدا خستوویەتیە ڕوو. کەچی سەرباری ئەوەش بۆ یەک لەحزەش لەو مێژووە قێزەونە کوردایەتیە دانەبڕاوەو هەر لەخزمەتیدا بووە. بێجگە لەو ماوەیەی کە خراوەتە زیندانەوە بە بڕیاری دەستەجەمعی خودی هاوەڵەکانی خۆی. دیارە ماوەی زیندانیەکەشی هەرچالاکی و هەڵسوڕان بووە. نووسین و سەرپەرشتیکردنی ئاش بووە، بەڵام بەئاراستەی پێچەوانە لەگەڵ پارتە سیاسیەکەی دایک.

خەڵکی تریش وەک و مەلا بەختیار هەر لەناو ئەو یەکیەتیەی کە مەلا بەختیاری تێدا بووە کە لەسەردەمی شاخدا لەگەڵ مەلا بەختیار بوون و ئەوانیش نووسەربوون، کاربەدەستبوون و بەرپرسیاریەتیان هەبووە. وە ئەوانیش بیرەوەری و کتێبیان لە وێنەی کتێبەکەی مەلابەختیاریان دەرکردووەو چاپکردووە. هەموو ئەوانە چیان بەباش زانیوەو لەگەڵ دیدو بوچوون و بڕواو بەرژەوەندیاندا گوونجاوە چاپیان کردووەو تا ئەوشوێنەی توانیویشیانە نووسینەکانیان بەبەڵگەی سەردەمی شاخ پشت ئەستوور کردووە. هەموو ئەوانەش زۆر باش لەگەڵ مێژووی پارتەکەی مەلا بەختیاردا ژیاون و لەناویابوون. هەروەک چۆن مەلابەختیار شارەزایەتی، لەناویابووە، وە بەشداریش بووە لە پێکهێنانی ئەو مێژووەدا.. کەواتە ئەوانیش بەهەمان شێوەی مەلابەختیارو ڕەنگە هەندێکیان زیاتریش شارەزای دیوی خەفەکراوی ناوەوەی مێژووی ئەو بزووتنەوە کوردایەتیە بن.. ئەوانیش ئەوپارتەی مەلا بەختیاریان بەهی خۆیان زانیەوەو هەتا بۆشیان کراوە مێژوویەکی قێزەونیان خستۆتە سەرکاغەزو چاپیان کردووە. وەکو کتێبەکەی ئەو هی ئەوانیش کەوتۆتە بەردەست جیلی بێئاگا لەشاخ و هەروەها خەڵکی تریش کەشارەزای دیوی ناوەوەی شاخ و بزووتنەوەی کوردایەتی نەبووە. بۆیە بەهۆی ئەو بیرەوەریانەوە ئەوانیش هەلی ئەوەیان بۆ ڕەخسا کە شارەزابن و بزانن مێژووی کوردایەتی سەردەمی شاخی مارکسی لینینیەکان و یەکیەتییە نیشتیمانییەکان چۆن بووە؟.

با ناوی چەند کەسێک بێنین کە ئەوانیش هەیان بووە لە شوێنی بڕیارداندابووەو هەشیانە بەرپرس و نووسەریش بووە. هەموویان بەشێوەی بیرەوەری دیوی ناوەوەی خەباتی شاخی یەکیەتی و کۆمەڵەیان نووسیوەتەوەو پیشانی خەڵکیان داوە.

یەکەم: نەوشیروان موستەفا. لە ڕێگەی چەندین کتێبیەوە مێژووی شاخ و بزووتنەوەی کوردایەتی بە زمانێکی زۆر ڕوون خستۆتە سەرکاغەز. لەو کتێبانەی بە نموونە: کارەساتی هەکاری، لە کەناری دانووبەوە بۆ خڕی ناوزەنگ، پەنجەکان یەکتری دەشکێنن و هەروەها خولانەوە لەدەوری بازنەدا.

دووەم: مەلا بەختیار، لە ڕێگەی لم یعد الصمت ممکنا، یان: چۆن چەپکێک و کام مێژووی کۆمەڵە، هەروەها لەر ڕێگەی نووسراوەکانی ئاش و بەیانەکانی.؟ سێهەم: فەرەیدوون عەبدولقادر. هەڵۆسوورەکانی قەندیل. چوارەم: عادل ڕفیق: هەندێک لە دۆکیومێنتەکانی ئاڵای شۆڕش. پێنجەم: پشکۆ نەجمەدین: ئەزموون و یاد. شەشەم: مامۆستا جەعفەر: بە خەونی گەورەوە کەوتینە ڕێ. حەوتەم: هەڤاڵ کوێستانی: ئەو ڕۆژانەی نیشتیمان هی هەمووان بوو. هەشتەم: مام جەلال: دیداری تەمەن. نۆهەم: ئیبراهیم جەلال: چەپکێک لە مێژووی کۆمەڵە. دەهەم: موحسن عەلی ئەکبەر: کتێبی هەورێکی نەزۆک و مێژوویەکی ناکۆک یان چەپکێکی ژاکاو لە مێژوویەکی هەڵبەستراو.

ئەمانەی سەرەوە کە ناویان هات هەموو ئەو کەس و نووسەرانە نین کە یادەوەری و بیرەوەریان لەسەر کۆمەڵەو یەکیەتی و بزووتنەوەی کوردایەتی نووسیوە. ئەوانە تەنها ئەوانەن کە ڕاستەوخۆ لەوێنەی نووسینەکەی مەلابەختیار دیوی ناوەوەی ئەو بزووتنەوەیەی شاخیان دەرخستووە. ئەوانە ڕاستەوخۆ پەیوەندیداربوون بەیەکەوە. نووسینی ئەمانە وەڵام دانەوەو کێشانی پۆرترەیتی بزووتنەوەوەی کوردایەتی و بەرپرس و ڕابەرەکان بووە. بۆیە حەتمەن کەسی ترو نووسەری تریش هەیەو کتێبی تریش زۆر هەیەو زۆرتریش دەبێ.. با مەلا بەختیار وادانەنێ کە هەر خۆیەتی و بەس ئەو شارەزای کێشانی وێنەی دیوی ناوەوەی بزووتنەوەی شاخە.

هەر یەکێکیش لەو نووسەرو بەرپرسانەی سەرەوەش بە جۆرێک بیرەوەریەکانی خۆیان نووسیوەتەوە کە حەتمەن چەندین کەس و تاقم و پیڕو خێزان و تاکیش دڵخۆش دەکەن. لەبەرامبەریشدا بەقەدەر ئەو لایە و ڕەنگە زیاتریش خەڵکی نارەحەت بکەن. جا ئەو لایەی کە دڵخۆش دەبن بەو نووسینانە پێیان وایە کە هەموی ڕاستەو درۆی تێدا نەکراوە. لایەکەی تریش پێی وایە هەموی درۆیەو مێژووی چەواشە کردوە. هەردووک لاش بە بەڵگەوە قسە دەکەن. چونکە بەڵگە هێندە زۆرن هەردولا دەتوانن لێیان ئیستیفادە بکەن... یا بە واتایەکی تر هەردووک بەرە بەڵگەیان داوە بەدەستەوە.

ئەم نووسەرانە هەر هەموویان تا ڕاددەیەک بەپێی جێگەو ڕێگەو بەرپرسیاریەتیان لە شاخدا هەوڵیان داوە نووسینەکانیان بە بەڵگەوە بڵاوبکەنەوە. ئەوەش ڕاستە هەر هەمووویان وەک یەک نەیان توانیوە کە نووسینەکانیان بەڵگەدار بکەن، بەڵام خۆ ئەوە بە مانای ئەوە نییە کە ئەو کەسانە بێئاگا بوون. بەڵکو جێگاو ڕێگایان بەجۆرێک بووە کە نەتوانراوە بەڵگە بپارێزن. بۆ نموونە کەسێکی وەک نەوشیروان موستەفا جیاوازی هەبووە لە ڕووی بەرپرسیاریەتی و ئیمکاناتی بەردەستی بۆ پاراستنی بەڵگە لە کەسێکی وەک بۆ نموونە هەڤاڵ کوێستانی یان مامۆستا جەعفەر.

بەڵام بە بڕوای من بۆچوونی درووست ئەوەیە کە هەموو ئەو کەسانە و ئەو نووسەرانە لە بزووتنەوەیەکدا کاریان کردووە کە پێی گوتراوە بزووتنەوەی کوردایەتی و بەهەمووشیان ئەو مێژووەیان دروست کردوە. بە هەمووشیان بەیەکەوە دیوی قێزەونی ناوەوەی ئەو بزووتنەوە کوردایەتیەیان دەرخستووە. بۆیە بەڕاستی ئەوانە هەر هەمویان جێگەی پێزانینن. ئەگەر کەسانی وەک و ئەوان نەبوایە ئەوا جیلی لەدایکبووی دوای ڕاپەڕین یاخوود جیلێک کە بەشدارنەبووە لەو بزووتنەوە کوردایەتیەدا بە بێئاگایی و بێخەبەر لە دوێنێی شاخ دەمایەوە. واتە دیوە قێزەونەکەی کوردایەتی هەر بە نادیاری دەمایەوە.

کەواتە مەلا بەختیار نەیەکەم کەسەو نە دواهەمین کەسیش دەبێ لەوبوارەدا. هەر یەکەیان بەجۆرێک و لە ئاستێکدا ئەو مێژووەی پیشانی خەڵکداوە.

ئەگەر ئێستا مەلابەختیار وا خۆ نیشاندەدا کە ئەو هەمیشە موخالف بووەو هەمیشە لەگەڵیان موافق نەبووە، ئەی ئەوە چ خێر بووە هەر نەیتوانیوە لێیان داببڕێت. چونکە بە بڕوای من بە دابڕانی تەواوەتی مەلا بەختیار لەوان دەیتوانی بۆ هەتا هەتایێ ئەو قسانەی ئێستای خۆی پشتڕاست بکاتەوە.

بە بڕوای من مەلا بەختیار ڕێک ئەو کتێبەی بە هەمان نەفەس نووسیوە کە ناوەڕۆک و بەشێکی زۆری کتێبەکەی لەسەر نووسراوە. ڕق، گرێ، تۆڵە، فۆبیا، شکست و ڕێگریەکانی ڕابردووی مۆتیڤ و پاڵنەری نووسینەکانی ئەوون.

بەڵام پاڵنەر هەر شتێک بێ دەبێ ئەو ڕاستیە بزانین کە مێژووی کوردایەتی و خەباتی چەکداری نێوشاخ هەر ئەوەی لێ چاوەڕێ کراوە کە ئەو برادەرانە لە بیرەوەریەکانیاندا بۆ ئێمەو نەوەکانی داهاتویان خستۆتە سەرکاغەز. ئەوانە زۆر ڕاستگۆ بوون کە تا ڕادەیەک ڕاستگۆیی دیوی ناوەوەی دوێنێی شاخیان بۆ ئێمە وێنا کردوە. ئەوانە زۆر چاکەیان کردووە کە هاتوون تا ڕادەیەک ڕاستگۆیانە پۆرترەیتی ڕاستەقینەی کاربەدەست و بەرپرس و ڕابەرەکانی کوردایەتیان بۆ ئێمە وێنا کردووەو ئیتر ئەو کەسایەتیانە ناتوانن بە پۆرترەیتی شاراوەی جارانیان جیلی دوای ڕاپەڕین هەڵخەڵەتێنن.

شوان عەزیز

**٢٣ی ئەیلولی ٢٠٢٠**

.

# سیکولاریزم و سیستمی پەروەردەو فێربوون



ئەمرۆ لە جیهاندا، دەوڵەتەکان سیکولار بن یان سیکولار نەبن. دەشێت سیستەمی فەرمانڕەوایی پەرلەمانی یان سەرۆکایەتی بێت، بەڵام بۆ هیچ یەکێکیان سیکولاربوون مەرج نییە، دیسان دەشێت سیکولار بن یان سیکولار نەبن.

سیکولاریزم پەیوەندی بە پەیوەندی نێوان دەسەڵاتی ئایینی و دەسەڵاتەکانی دیکەوە هەیە. واتە پەیوەندی نێوان دەسەڵاتی ئایینی و دەسەڵاتەکانی یاسادانان و جێبەجێکردن و دادوەری ڕێکدەخات و سنوورو ڕادەی ئەو پەیوەندییانە دیاری دەکات.

سیکولاریزم لەسەر بنەمای دوو پرنسیپ دادەڕێژرێت، پرنسیپی سەرەکی: جیاکردنەوەی ئایینە لە دەوڵەت، ڕێگرتن لەوەی دەسەڵاتی ئایینی و دامەزراوە ئایینییەکان دەست وەربدەنە کاروباری دەسەڵاتە جیاجیاکانی دەوڵەتەوە. پرنسیپی دووەمیش، جیاکردنەوەی ئایینە لە پرۆسەی پەروەردەو فێربوون، ڕێگرتن لەوەی ئایین سەرچاوەی خوێندنی گشتیی بێت و بە ئاراستەی پەروەردەی یەکێک لە ئایینەکان، کە ئایینی باوی کۆمەڵە.

بڕیاری جیاکردنەوەی ئایین لە دەوڵەت وەک پرنسیپی سەرەکیی، لە واقیعی دەسەڵاتەکانی دەوڵەتەوە سەرچاوە دەگرێت، چونکە دەستووەردان هەموو بوارەکان دەگرێتەوە، ئەو بوارانەی کە دەسەڵاتی سیاسیی دەوڵەت بەرجەستە دەکەن. بۆیە دەستکۆتاکردنی دەسەڵاتی ئایینی دەبێتە مایەی سەربەخۆیی سیاسەتی دەوڵەت و جیایی لە ئاراستەی دامەزراوەی ئایینی، دەبێتە مایەی کاری سەربەخۆی دەسەڵاتی جێبەجێکردن و کارکردنی بەپێی ئەو پلان و نەخشانەی پەیوەندی بە کاروباری ژیانی سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتیی ڕۆژانەی خەڵکییەوە هەیە، هەروەها دەبێتە مایەی سەربەخۆیی دەسەڵاتی یاسایی و دەرکردنی یاساکانی ڕێکخستنی هەموو بوارەکانی ژیان بەپێی بەرژەوەندییەکانی چینی باڵادەستی کۆمەڵ لەهەر قۆناغێکی مێژوودا، نەک ئایدیۆلۆژیایەکی غەیرە دنیایی دیاریکراو.

پرسی پەروەردەو فێربوون، بوارێکی گرنگ و زیندووی ژیانی کۆمەڵایەتییە و کاریگەریی سیاسەت و ئابووری و ڕۆشنبیریی بەسەرەوەیە، مەیدانێکی ململانێی چینایەتی نێو کۆمەڵە، پەیوەندی بە دەسەڵاتەکانەوە هەیە، بەتایبەت بڕیارەکانی هەردوو دەسەڵاتی جێبەجێکردن و یاسادانان، ڕەوتی پرۆسەکەو ئامانجەکانی و دواڕۆژی دیاری دەکەن، چۆنایەتیی (مخرجات) ی سیستمەکە دیاریدەکەن، بەوەی ئەو (مخرجات) انە، گونجاو دەبن لەگەڵ سەردەمەکەی خۆیاندا؟ بەشێک دەبن لە ڕەوتی کۆمەڵایەتیی کۆمەڵگاکەیان؟ یان بە ڕێچکەی ڕابردوودا دەڕۆنەوە، هەمان بەرهەمی ڕابردوو و هەمان چۆنایەتی دەبن؟

دیارە بەدیهێنانی سیکولاریزم لەڕێی دەستوورێکی سیکولارەوە، یارمەتی مەیلی پێشکەوتووانەی کۆمەڵگە دەدات، ململانێکانیان بۆ کۆمەڵگەیەکی باشتر بەرەو پێشەوەو، تیادا پەروەردەو فێربوون هۆکارێکی پربایەخی ئەو گۆرانکارییانە بێت کە کۆمەڵگە لەڕەوتی بەرەوپێشەوەچوونی خۆیدا، چ بۆئیمڕۆ، چ لە دواڕۆژدا بۆ سیستمی جێگرەوەی سیستمی ئێستا، پێویستیتی.

لێرەدا، وەک پێشتر ئاماژەمان بۆکرد، جەخت لەوە دەکەینەوە کە بابەتی سەرەکیی سیکولاریزم، پەیوەندیی بە ڕێکخستنی میانەی ئایین و دەوڵەتەوە هەیە. جیاکردنەوەی ئایینیش لە سیستمی پەروەردەوفێربوون، دەکەوێتە بازنەی ئەو ڕێکخستنەوە.

هەڵوێستی فیکری سیکولاریستی و پراکتیککردنی لە قوتابخانەدا، فیکرو پراکتیک و کەسایەتیی خوێندکاران لە ژیانیاندا دیاری دەکەن، ڕوانگەیان بۆ ئایینەکان و پێکەوەژیان و هاوولاتیبوون پێکدەهێنێت.

سەرچاوەی ئەم بیرکردنەوەو پراکتیکە، چۆنایەتیی تێگەیشتنە لەو پەیوەندییە، هەروەها چۆنایەتیی هەڵوێستی دەوڵەتە لە ئایینەکان، بەوەی ئایا لایەنداریی لە ئایینێکی دیاریکراو، کە ئایینی باوە، یان بێلایەنییە لە ئایینەکان و ڕێزگرتنی چوونیەکە لە هەموویان و ڕێپێدانی شوێنکەوتووانیانە، ئازادانە ڕێورەسمی تایبەتی پەرستن و نەریتەکانیان پراکتیک بکەن.

یەکێک لە بنەماکانی بیرکردنەوەی سیکولاریستی هەڵوێستی بێلایەنانەی دەوڵەتە لە ئایینەکان، ئەم هەڵوێستە دەستیوەرنەدانی دەوڵەتیش لە کاروباری ئایینی ئایینە جیاوازەکان دەگرێتەوە، بە ڕەچاوکردنی بنەماکانی مافی کەسێتی لەدەستووردداو، ڕێزگرتنی یاسا گشتییەکانی تایبەت بە ژیانی سەرجەم هاوولاتیانەوە. بە واتایەکی دیکە پاراستنی مافی هەموانە لە ئازادی بیرکردنەوەو دەربڕین و پاراستنی هاوکێشەی پەیوەندی نێوان ئەرکەکانی ئایین و ئەرکەکانی دەوڵەت و، نەبەزاندنی ئەو سنوورەی دەستوور لە نێوانیاندا دەیکێشێت، ئەمەش لە پراکتیکدا هۆکارێکی بنیاتنانی پەیوەندییە دیموکراتییەکانی نێو کۆمەڵ دەبێت لەسەر بنچینەی پرنسیپەکانی ئازادی و یەکسانیی هاوولاتییان و ڕێزگرتنی بەرامبەر بە هەموو جیاوازییەکانەوە.

ئەم پرنسیپانە، لە وڵاتێکی فرە ئاییندا، گرنگییەکی زێتریان هەیە، سەبارەت بە واقیعی جیاوازی و ململانێی ئاینی و، ئەو دەمارگیریی و یەکتر ڕەتکردنەوەیەی هێزە باڵادەستەکانی کۆمەڵ، لەپێناوی بەرژەوەندییەکانی خۆیاندا دنەی دەدەن. هەروەها بۆ چینە نەدارو چەوساوەکان، دیسان گرنگییەکی چارەنووسسازی هەیە، بۆ یەکخستنیان و ڕێگرتن لە دزەکردنی چەمکەکانی هەڵاواردنی ئایینی بۆ پەرتەوازەکردنی ڕیزەکانیان و لاوازکردنی لەبەرامبەر ئەو توێژو چینانەی بەرژەوەندییان لە ناکۆکیی نێو ڕیزی چینە بندەستەکاندا هەیە.

بە لەبەرچاوگرتنی ئەم ڕاستییانە، سیستمی پەروەردەوفێربوون، دەتوانێت ڕۆڵێکی بەرچاوبگێڕێت لە بنیاتنانی هزری یەکسانی و لیبوردەیی و، بەرجەستەکردنی پرنسیپەکانی ئازادی و مافەکانی مرۆڤ و تەبایی و پێکەوەژیان لەنێوان ئایینە جیاوازەکاندا. سیستمی پەروەردەو فێربوون، بە پراکتیککردنی ئەو پرنسیپانە لە قوتابخانەکاندا، لە ڕێی بەرنامەکانی خوێندن و شێوازی پەیوەندییەکانەوە، بە سەرپەرشتیی ئیدارەو مامۆستایان، دەتوانێت بەردێک لە بنچینەی تەلاری سیکولاربوونی پەروەردەو کۆمەڵگە دابنێت و، بەمەش کۆمەڵگە لە ناکۆکی و جەنگی ئایینی و توندڕەوی و دەمارگرژی و ڕەتکردنەوەی بەرامبەرو سووکایەتی بە کەمینە ئایینییەکان بپارێزێت و کۆمەڵگەیەکی مەدەنی گونجاو لەگەڵ پرنسیپەکانی سیکولاریزم و جیهانی هاوچەرخ بنیاتبنێت.

# دەستپێکی ساڵی تازەی خوێندن بە نارەزایەتی دەستپێکرد...

لەگەڵ دەستپێکردنی ساڵی تازەی خوێندنی ئەمسال، نارەزایەتی و مانگرتن و بایکۆت و خۆپیشاندان دەستی پێکرد. بەشێکی بەرچاو لە مامۆستایان و فەرمانبەران، لە بەشێکی شارو شارۆچکەکانی کوردستان، لەوانە سلێمانی، گەرمیان و ڕاپەرین... بەشێوەی جۆراو جۆر دەستیان دایە نارەزایەتی دەربڕین بەرامبەر بە دواکەوتنی و موچە و لێبڕینی موچەکانیان.

نەبوونی و گرانی و هەژاری، لەپاڵ بڕینی موچەو دواکەوتنی موچەی مامۆستایان کارمەندانی پەروەردە، لەپاڵ دەیان موسیبەت و کوێرەوەری تردا، هیچ ڕێگایەکی لەبەردەم مامۆستایاناو موچە خۆراندا نەهێشتووە جگە لە نارەزایەتی دەربڕین و هاتنە سەرشەقام و "نا" وتن، بەو بێدادییەی دەسەڵاتی بۆرژوازی کورد لاباکانە پەیرەوی دەکات.

ساڵی تازەی خوێندن، یان خوێندنێکی لانی کەمی ستاندارد، بەوە دەبێت، مامۆستایان وکارمەندانی پەروەردە، لانی کەمی ژیان و گوزەرانیان زامنکراو بێت، شوێنی ژیان و موچەی بۆ بەڕێوەچوونی ژیان و گوزەرانیان و ژینگەیەکی تەندروست بۆ خوێندن و پەروەردە هەبێت.

دەسەڵاتی سیاسی و نوخبەی بەڕێوەبەرو بەرپرسی هەرێم... تا دێت شانی خۆیان لە دابینکردنی موچە و پێداویستیەکانی مامۆستایان و کارمەندان، کەرتی پەروەردە، خاڵی دەکەنەوە، ئەمەش لە توانای ئینسان بەدەرە... هەر بەو هۆیەوە مامۆستایان لەسەرەتای ساڵی تازەی خوێندن و لەدرێژەی نارەزایەتیە بەردەوامەکانی پێشوویاندا، بە نارەزایەتی دەربڕین پێشوازیان لە ساڵی نوێی خوێندن کرد.

بەشی هەرە زۆری کەس و کاری خوێندکاران و قوتابیان، خەڵکی هەژار و بێکار و برسین و هاوکات نارازین بەدەسەڵاتی تالانچی و مافیایی هەرێم، ئەم ئۆردووە پێویستە دەست لەناو دەستی مامۆستایانی نارازی بنێن بۆ گوشار خستنە سەر دەسەڵاتی سیاسی هەرێم تا ناچار بەوەڵامدانەوە بە گرفت و داواکارییەکانی مامۆستایان و کارمەندانی پەروەردەیان بکەن و ڕێگە بگرن لەوەی چیتر ئاستی خوێندن و پەروەردە بەرەو دارمان بڕوات و ئایندەی نەوەکانی داهاتوویان نارۆشن و هیوا کوژ بێت.

## پرسی ژن ؟

تووندوتیژی دژ بەژنان، لە هەڕەشەو سوکایەتیەوە بۆ لێدان و تیرۆرکردن، یان ناچارکردنی ژنان بە خۆکوژی، دیاردەیەکی شەرماوەرى کۆمەڵگەى کوردستانە... بەمەبەستی تاوتوێکردنی بنەماو هۆکارە سەرەکیەکانی توندوتیژی و ڕێگەگرتن و کۆتاییهێنان بەو دیاردەیە، بۆ پێشەوە، ئەم تەوەرە تایبەتییەی کردۆتەوە کە لەهەر ژمارەیەکی دا لە ڕێگای وتار، دیمانە، ڕاپۆرت، بابەتی وەرگێڕدراو... تیشك دەخاتە سەر هەلومەرج و پرسی ژنان و خستنە ڕووی ئەزموون و ڕێگاچارەی ئینسانی و یەکسانیخوازانە..



بەرپرسی گۆشە: شوانە حەسەن
بۆ پەیوەندی و ناردنی بابەت: shwana.journalist@gmail.com

# "دەستدرێژی سێکسی و کاریگەرییە نەرێنیەکانی"

**نووسینی: مستەفا زاهیدی**

تێبینی: ئەوەی لە خوارەوە دەیخوێننەوە ڕانانە بۆ کتێبی (Aggression and Violent Behavior)کە باسکردنە لە توندوتیژی سێکسی، پێناسەکانی، جۆرەکان و کاریگەرییەکانی و هەروەها بە تایبەت توندووتیژی سێکسی لەلایەن شەریکە سێکسی یان جنسییەکانەوە. تا ئێستە ئەم باسە لە کۆمەڵگەی کوردیدا زۆر کەم باسی لێوەکراوە. زۆرجار کە باسی توندوتیژی دەکرێت باس لە فۆڕمە جیاوازەکانیتری توندووتیژی دەکرێت، وەک توندووتیژی جەستەیی یان زارەکی و... کاتێکیش باس لە توندووتیژی سێکسی دەکرێت، زۆر کەم باس لەو فۆڕمە لە توندووتیژی سێکسی دەکرێت کە لە لایەن شەریکە سێکسییەکانەوە وەک هاوسەر و هاوژیان یان ڕەفیقەکوڕ (Boy Friend)ەوە ئەنجام دەدرێت. لەم ڕانانەدا باس لە چەمکی توندووتیژی سێکسی دەکرێت لە لایەن هاوژیانەکانەوە بۆ سەر ژنان.

ئەم ڕانانە بە زمانی فارسی و لەلایەن (عصمت صوفیە)وە ئەنجامدراوە. بەڵام بۆ زیاتر دەوڵەمەندکردنی باسەکە گەڕاوینەتەوە سەر کتێبەکە و چەند خوێندنەوەیەک کە بۆ ئەم کتێبە بە زمانی ئینگلیزی کراوەو بە کەڵک وەرگرتن لەو خوێندنەوەو ڕانانانە توانیومانە باسەکە دەوڵەمەندتر بکەین.

ئایا تا ئێستە دەستدێژیتان کراوەتە سەر. نەک ئەوەی لەلایەن کەسانی نەناسراوەوە هێرش بکرێتە سەرتان. نەک ئەوەی لە شوێنی کار تەنها مابێتنەوە، هەرلێرە، لە ماڵی خۆتان، ژووری خەوەکەتان و تەنانەت لەسەر تەختی خەو، شەو، ئەو کاتەی کە لات وایە بە ئارامشەوە لای هاوسەرەکەت خەوت لێ دەکەوێت، لەگەڵ خواستە نباوەکانی هاوسەرەکەت ڕووبەڕوو دەبیتەوەو ڕەنگە بەرگرییەکی بچووک ببێت بەهۆی بێتاقەتی هاوسەرەکەت و.... لە ڕاستییدا تۆ دەستدرێژێت کراوەتە سەر. "دروستبوونی هەر جۆرە پەیوەندییەکی سێکسی لەگەڵ ژن کە بە ڕەزامەندی ژنەکە نەبێت بە دەستدرێژی دەژمێردریت." لەم وتارەدا نووسەرەکان دەست دەکەن بە لێکدانەوەوی دەستدرێژی سێکسی لە پەیوەندی ژن و مێردایەتیدا وەک توندووتیژی خێزانی.

دەستدرێژی لە پەیوەندی ژن و مێردایەتیدا، ئەمڕۆکە بووە بە پرسێکی جیدی کۆمەڵایەتی و کێشەیەکە لە بواری تەندروستی گشتی و دەروونیدا. تا چەند ساڵ لەوە پێش تەنها لەهەندێ لە وڵاتان ئەویش بە شێوەی سنووردار باسی لێوە دەکرا. جگە لەوەی بە تاوان نەدەزانرا، بەڵکوو کەس ناوی دەستدرێژیشی لێ نەدەنا.

بە درێژایی مێژوو، ئەو پیاوانەی دەستدرێژیان کردۆتە سەر ژنەکانیان لەبەرامبەر سزای یاساییدا پارێزراو بوون. بەپێی یاسای دادوەری پلەبەرزی بەریتانیا لە سەدەی ١٧ی زایینیدا، ئاغای ویلیام هیک، ناکرێت مێرد سزا بدرێت لەبەرئەوەی دەستدرێژی کردۆتە سەر ژنی خۆی. لەبەرئەوەی بە پێی گرێبەستی ژیانی هاوسەرێتی و بە ڕەزامەندی، ژنەکە خۆی بە تەواوی دەخاتە بەردەستی پیاو.

ئەم بۆچوونەی ویلیام هیل کە وەک (دۆکترینی هیل) دەناسرێت، بەشێوەی فەرمی لە سیستەمی یاسایی بەریتانیا و ئەو وڵاتانەی کەداگیری کردبوون و هەروەها لە باکووری ئەمریکا کاری پێدەکرا. پێشتر کەسێک بە ناوی بلاک ستۆن وتبووی کە ژن بەشێکە لە ملکی پیاو لەو ماوەیدا کە ژن و مێردن. بە پێی ئەم تێڕوانینە، مێرد تاوانبار نییەو بە هەر شێوەیەک بیهەوێت دەتوانێت لەگەڵ کاڵاکانی خۆیدا ڕەفتار و هەڵسووکەوت بکات و بەکاریان بێنێت. کەس بە هۆی دەستدرێژی و بەکارهێنان یان خەسار گەیاندن بە کاڵا و ملکی خۆی بە تاوانبار نازانرێت.

چەمکی دەستدرێژی لە پەیوەندی ژن و مێرددا دەکرێت بڵێین تا سەردەمی "بزووتنەوەی ژنان بۆ گۆڕینی سیستەمی یاسایی" لە دەیەی ١٩٧٠ بە جیدی نەهاتە بەر باس. بە هەوڵ و کۆششی چالاکانی بزووتنەوەی ژنان لە ئەمریکا و بەتایبەت خاتوونێک بە ناوی لارا ئێکس، بۆ یەکەمجار لە ساڵی ١٧٩٧ لە ئەیالەتی کالیفۆڕنیا پیاوێک بە تاوانی دەستدرێژی سێکسی بۆ سەر ژنەکەی بە تاوانبار ناسرا. لە ئێستادا یاسای "قەدەغەبوونی دەستدرێژی سێکسی لە ژیانی هاوسەریدا" لە ئەمریکا و بەشێکی زۆری وڵاتادانی ئەورووپایی بە فەرمی ناسراوەو کاری پێ دەکرێت. بەفەرمی ناسینی ئەم یاسایە لە لایەن دەوڵەت و سیستەمی یاساییەوە لەم وڵاتانە بووە بەهۆی ئەوەی کە دەوڵەتەکان بە شێوەی جیدیتر کێشەکانی تایبەت بەم بوارە لەبەرچاو بگرن و بوودجە و سەرمایە تەرخان دەکەن بۆ لێکۆڵینەوەی زانستی و ئاکادێمیک لەم بوارەدا.

تیۆرییەکانی سەر بە فێمنیسم، بونیادگەرایی و دەوری جێندەر لە کۆمەڵایەتی بوونی کەسەکان، سێ تیۆری ئاوانگارد و پێشەنگن کە لە زۆریەک لە لێکۆڵینەوە زانستی و ئاکادێمییەکانی تایبەت بە بە دەستدرێژی سێکسی لە پەیوەندی ژن و مێردایەتییەدا بەکار دەبرێن. بونیادگەرایانی کۆمەڵایەتی جەخت لەسەر ئەوە دەکەنەوە دەستدرێژی لە پەیوەندی ژن و مێرددا، ڕەنگدانەوەی حەزی پیاوە بۆ زاڵ بوون بەسەر ژندا و پاراستنی هێزی نەریتیانەیان بۆ پارێزگاری لە خۆیان و پارێزگاری لەو شتەی کە خاوەنداریێتی دەکەن.

خاوەنڕایانی دەور و نەخشی جێندەر لە کۆمەڵایەتی بوونی کەس لەسەر ئەو باوەڕەن دەستدرێژی لە پەیوەندی ژن و مێرددا، لە داسەپاندن و قبووڵکردنی باوەڕە نەریتییەکانەوە بۆ دەوری ژنەکان لە پەیوەندی سێکسیدا سەرچاوە دەگرێت. بەپێی ئەم ڕوانینە، دەور و نەخشە نەریتییە جێندەرییەکان فێری پیاوان دەکات کە دەوری جێندەر یان ڕەگەزی بەهێزتر بگێڕن و بەزۆری هێرشبەر بن و بە پێچەوانەوە ژنان ملکەچ و بێ کردە بار دەهێنرێن.

پۆلێن بەندی کردنی دەستدرێژییە سێکسییەکان:

### ئەزیەت و ئازاردانی سێکسی نافیزیکی

ئەمجۆرە ئازاردانە سێکسییە بە زۆری جۆرێک تووڕەبوون و هەڵچوونی زمانی و دەروونیە کە بە دوو فۆڕمی بنەڕەتی "ناچارکردنی کۆمەڵایەتی و نۆرمەکان" و "ناچارکردن بە پێی پەیوەندی نێوان کەسەکان/ ئەرباب و نۆکەر" ڕوو دەدات. ناچارکردنی کۆمەڵایەتی و نۆرمەکان باوترین جۆرە لەم بەشەدا. لەم جۆرە لە ئازاری سێکسیدا، ئەرکی ژن ئەوەیە خزمەتی مێردەکەی بکات بە پێی ئەرکی ژن و مێردایەتی. ئەرکی سەرەکی ژن دابینکردن و دامرکاندنەوەی هەستی سێکسی مێردەکەیەتی، تەنانەت ئەگەر سێکس بە پێچەوانەی حەز و ویستی دەروونی ژن بێت.

لە جۆری دووهەمدا، مێردەکە بە کەڵک وەرگرتن لە سەرچاوەو ئیمکانە مادییەکان یان هێزی خۆی، وا لە ژنەکەی دەکات ملکەچی خواستە سێکسییەکانی ئەو بێت: بۆ وێنە لە بەرامبەر پارەدا وا لە ژنەکەی دەکات ملکەچی خواستی سێکسی پیاوەکەی بێت، تەنانەت ئەگەر کردەی سێکس بە پێچەوانەی حەز و ویستی ژنەکە بێت و ئازار بچێژێت یان هەست بە سووکایەتی بکات.

### هەڕەشە یان ناچارکردنی سێکسی

ژمارەیەکی زۆر لە ژنان لە ترسی ئاکامەکانی بەرگریکردن لە بەرامبەر ئازاری سێکسی مێرد یان شەریکی سێکسیان، مل ئەدەن بە پەیوەندییەکی سێکسی نەخوازراو. ئەوان لە پەرچەکرداری نێگەتیڤی شەریکە سێکسییەکەیان یان مێردەکەیان دەترسێن. ئەم پەرچەکردارە نێگەتیڤە زۆربەی کات وەک هەڵچوون و تووڕەیی زمانی و دەروونی یان شەڕ و لێدانی جەستیی خۆی دەردەخات. ئەم وتەزایە خۆی بە سێ بەش دابەش دەبێت

### لێدان و ئازاردان:

دەستدرێژیەک کە لێدان و ئازاردانی لەگەڵدایە و زۆربەی کات توندووتیژی زمانی و فیزیکیشی لەگەڵدایە.

### دەستدرێژی فیزییکی و بە زۆر:

ئەم جۆرە دەستدرێژییە بە هۆی کێشەی بەردەوامی ژن و پیاوە لەسەر جۆر و شێوەو فۆڕمی سێکس. لەم جۆرە دەستدرێژییەدا، کەسی دەستدرێژیکەر تا ئەو کاتەی ئەتوانێت ئەو شێوەو فۆڕمە سێکسەی کە خۆی دەیهەوێت ئەنجام بدات، کەڵک لەم جۆرە توندووتیژییە وەردەگرێت و بەزۆر و بە لێدان بەرامبەر ناچار ئەکات بەوەی ملکەچی خواستی ئەو بێت.

### دەستدرێژی سادیستی و گرێیانە:

ئەمجۆرە دەستدرێژییە زۆربەی بە ئەنجامدانی جۆرێکی ناباوی سیکس دەردەکەوێت. ئەو کارە ناعەقڵانی و لادەرانەی کە وا دەکات قوربانی ئازاری پێ بگات لە کاتی سێکسدا. ئەمجۆرە دەستدرێژی سێکسی لە لایەن پیاوەوە زۆربەی کات بۆ ئەوە نییە ژن یان شەریکە سێکسیەکەی خۆی کۆنتڕۆڵ بکات و ملکەچی بێت، بەڵکوو بە مەبەستی زیاتر ورووژانی سێکسی خۆی بەکاری دەبات.

لێکۆڵینەوەی زۆر کراوە لەسەر ئەنجام و کاریگەرییەکانی توندووتیژی جەستەیی و سێکسی بۆ

بۆ لاپەڕە ... 15

## چەندشیعرێکی: خالید بایەزیدی
## (دلیر) ونکوور



-١
پیشکەش بەکوڵبەران
ئەمشەو دەمەوێ فوو لەمومی
تەمەنم کەم
بی دەنگی چریکەی بولبول
لەچەمەنم کەم
تەواوی ژیانم هەر هەمووی
چەرمە سەری بوو
بۆ هاتم و بۆ دەبێ حاشا
لەدیمەنم کەم

-٢
ئەگەر زانییام:
ژیان ئەوەندە چلکن و پیسە
هەرلەکاتی لە دایک بوونمدا
ڕۆژمێرەکەمم دائەخست؟؟!!!

-٣
رولەکەم!
تاقانە گوڵەکەم
کاتێک ئەبینی:
ژیان...!
پائیزێکی گەڵارێزانە
یان...کراسێکی چلکنە
وە بەجێگای نان
خەم و پەژارەت دەرخوارد ئەدەم
لێم زویرمەبە...!
ئەوە نەزمی نوێ جیهانە
رۆڵەکەم
تاقانە گوڵەکەم
کولان وشەقامەکانی شارزور
گەڕام
بازاری کۆیلەکانیش گەڕام
هەروەها بازاری
درۆفرۆشتنەکانیش....
بەلام!
هیچ شتێکم دەست نەکەوت
بۆ شۆرینی ئەم ژیانە کراس
چلکنە
تەنیا پیالەیەک نەبێ...
لە فرمێسکەکانم...!
رۆڵەکەم
تاقانە گوڵەکەم
بەهاری ئێمە هەمیشە پایزە
بزەو پێکەنین لێمان زیزە
کەڵەباب لە منارەکانی ئەم گوندە
هەمیشە بی وەخت ئەخوێنێ
بەبێ بزەو خەندە
بۆ ئێمەی هەژاری برسی؟؟!!!

-٤
ئەی ئاش!
لەبەرچی ئەسووڕێتەوە
کاتێک کە...
پاروە نانێک
هەرگیز!
ناگاتە دەستی منالانی
هەژارو برسی؟؟!!!

-٥
سیلوکان!
پرن لە گەنم...
بەلاّم من ئێستاش
خەمی نانم هەیە؟؟!!!

-٦
پارووە نانێک و
ئێتر هیچ...
وتم:
بەشەکەی ترم
وتیان:
بەشەکەی تو
هەر لەئەوەڵی لەدایک بوونت دا
هەر ئەوە بووە؟؟!!!



## (خۆر شەوق ئەداتەوە)

هۆنراوەی : شاعیری سۆشیالیستی و یەکسانیخواز (هێرمان خۆرتەر)
بەوەرگێرانی: ئەحمەد جوانکار

خۆر وەک
گوڵێکی ئاڵتونی خۆی دەکاتەوە..
منیش لەبەر
پەنجەرەکەدا وەستاوم و
پڕ بەسیەکانم هەناسەیەک
هەڵدەمژم.

دەروەە تەواو کپەو
لەژێرچەترى
ئاسمانێکی شیندا بەئاستەم
ئەتوانی دەنگێک ببیستی.
ژوورەکەم وەک سندوقێکی
تاریک وایەو
پەنجەرەکانی هەڵم گرتویەتی..
هاتووچۆمە بەژوورەکەمداو
لەکۆتادا لەدەردەم
دیوارێکی تاریکدا دەوەستم.

لەدوای هەموو
هەول و تێکۆشانێ..
لەدوای هەموو
کەوتن و هەستانەوەیە..
لەکۆتایدا .. لەتەمەنی
هەرزەکاریدا توانیم
بەبەختەوەری و.. دڵخۆشی ژیان
بگەم* .
هەتا تیشکی خۆر.. بەونەرمیە
بەسەر دنیادا پەخشبێ
من گەشبین و.. هەرلەبەختەوەری
وخۆشیدا ئەبم.

*هێرمان خۆرتەر لێرەدا
مەبەستی
ئاشنا بونێتی بەسۆشیالیزم..
باوەری بەخۆری سەربەستی و
یەکسانی هەبووە لەرۆژە
ناخۆشەکانی ژیانیدا..
رەشبینی شکستی پێ نەهێناوە.

## گۆشەی ئەدەب و هونەر

گۆشەی ئەدەب و هونەر، گۆشەیەکی تایبەتی بۆپێشەوەیە کە لەهەر ژمارەیەکدا بابەتێکی ئەدەبی یان هونەری لەشێوەی هۆنراوە، تێکستی ئەدەبی، وەرگێران، بڵاودەکاتەوە. یاخود دیمانە لەگەڵ ئەدیب و هونەرمەندێك یان ناساندنیان ڕێك دەخات...

ئامادەکرنی گۆشە: کاوان قادر و هیوا ساڵح، حەکیم میرزا



## بەشێکی تر لەدەقی
## (( بەسەرهاتی ئاهێکی سەرد))

ئێوە لە ئەزەلەوە
ئولفەتتان بەخوێنەوە گرتبوو
دژی یاسای
کچی عازەب و
گۆزە و کانی بوون
فڕینی ئاوتان بەئاسمانەوە بەر
فیشەک دەدا
بارانتان زیندەبەچاڵ دەکرد
تەڵەو داوتان بۆ کچە
چاوشینەکانی
ئاسمان دەنایەوە

ئێوە لە ئەزەلەوە
ئولفەتتان بەخوێنەوە گرتبوو
یاسای مرۆڤایەتیتان
نەخستە ڕستەوە
تا یەکسانێتی
بە زیکری دەروێشێکی
عاشق بە بینینی
خودا
داتنەکرد
چاوێکتان بەبادا نەنارد
هەناسەی بارانێکتان بۆ
نەخستە نامەیەوە و
بۆت پۆست نەکردم
ئاورێکی ماشوو برنجیت
بەژوورەکەمدا
شۆڕ نەکردەوە
سێبەرێکی خۆت لە
وسێتامەکەدا نەنوسیەوە

تۆ درۆیەکی سەیر بویت
ئێواران
ئەهاتی و
بیانیان وندەبویت
شەوانە دەبویتە چراو
بەیانیانیش
قۆڵت دەکرد بەقۆڵی
ڕەشەبادا و
بە کۆڵانی کوکوختیەکاندا
پیاسەت دەکرد

تۆ درۆیەکی
دوو ڕوو بویت
بەلای هەر دار مێوێکدا
رۆشتبێتی
گەلایەکت کوشتوە
بەرسیلەیەکت وەراندوە

من زۆرجار نەفرەت لەخۆم
دەکەم
بەدەستی خۆم
چەمۆڵە لەخۆم دەنێم
بەرەو نوێژەکانی. ژێر
ناوچەوانی
سوژدەی خۆم دەشکێنم
بەسەر ئەم هەموو نەفامیەی
خۆمدا
شۆڕ دەبمەوە

**حەکیم میرزا**



# کرانەوەی ڕازەکانی ژیانێکی باشتر

# چارەسەر دەسەڵاتەکان بۆخەڵک بێت

عبدالرحمن رسول

## بەشی دەهەم

سەرجەم قەیران و کێشەکان بەرهەمی کارگەی سیستەم و دەسەڵاتێکی کۆنەپارێز وچەوسێنەرە کەوای کردووە لە کوردستان و عێراق و ئێران و ناوچەکە خەڵک گیرۆدە بێت بە هەلومەرجی ناخۆش وخراپی ژیان، لەڕوویی بێکاری و هەژاری و برسێتی و سەرکوت و نابەرابەری و دزی و گەندەڵییەوە، کەوایە هەمووومان دەبێت هاوبەشبین لەتێکۆشان بۆ چارەسەری ئەم بارودۆخە خراپەی خەڵکی کوردستان. ئەمەش ئەوە دەردەخات کە تەنها پەیوەست نییە بەچینێک و بەشێکی کۆمەڵگەوە، بەڵکو هەموو مرۆڤەکان لێی بەرپرسن. پێویست دەکات دڵسۆزانە تێکۆشانی بۆ بکەن. ئەم بارودۆخەی ناخۆشەی ئێستا بەشێکی دەرئەنجامی ڕازی بوونی خود خەڵک و بەپلەی سەرەکیش نائامادەیی پیویستە بەدژی ئەو جۆرە سیستەم و دەسەڵاتەی کە لەڕابردوو لەئێستاشدا کۆمەڵگای تووشی گێژاوی قەیران و کێشە کردووە. بەهیچ جۆرێکیش بە نەخشەی ڕێگای ئەم جۆرە سیاسییەی ناو حیزبەکانی دەسەڵات و بەناو ئۆپۆزیسیۆن چارەسەر ناکرێت، بەڵکو سەرجەم نەخشە ڕێگا وبەرنامەو پلانەکانیان کۆمەڵگە زیاتر بەرەو قەیراناوی و کێشەی زیاتر دەبن، لەبەشەکانی تری ئەم بابەتەش باسم کردووە و ئێستاش دەڵێم بەهیچ جۆرە ئەقلییەت و چالاکییەکی ریفۆرمیستی و چاکسازی و پینەوپەڕۆ چارەسەر نابێت، لەبەرئەوەی سەرتاپایی پێکهێنەری سیستەمی دەسەڵاتداریێتی و بەڕێوەبردن لەعێراق و کوردستان لەیەک جۆر لەناوەڕۆک لە کارگەی سیاسی بەشێوازی جیاواز بەرهەم هاتوون کەبناغەی ئیدارەدانیان لەسەر بنەمای چەند پایەیەک کەبۆتە هۆکارێک بۆ گەشەی هەژاری و چەوسانەوەو بێمافی و سەرکوتەکان وەستاوە :یەکەم- پێکهێنەران و بەڕێوەبەرانی دەسەڵاتی ئیداری ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆ بەپێی پلان و نەخشەڕێگای دەوڵەتانی کۆنەپەرستی ناوچەکە و جیهانی ئاراستە دەکرێت، زۆر بەسادەیی دیارە کە لە شارەکانی هەولێر و دهۆک سیاسەتی دەوڵەتی تورکیا ڕۆڵی بەرچاوی هەیە بەبێ هیچ جۆرە سانسۆرێک ئازادانە هێزی سوپاو ئەمنی و میتیان دێت و دەچێت و بارەگاو نوسینگەو سەربازگەی خۆیان هەیە هەروەها لەسلێمانی و هەڵەبجەو کەرکوک سیاسەتی کۆماری ئیسلامی ڕۆڵی بەرچاوی هەیە هەر کاتێک ئارەزوو بکات بەبێ سانسۆر سوپاو هێزەکانی ئیتلاعاتی دێتە کوردستان چالاکی خۆیان ئازادانە ئەنجام دەدەن. بۆشارەکانی عێراق بەهەمان شێوە ڕۆڵی سیاسەتی دەوڵەتانی کۆنەپەرست دەبیندرێ. کەوایە لەکوردستان و عێراق ئەوانەی حکومەت و دەسەڵات بەڕێوە دەبەن ڕاستەخۆ لەدەرەوەی ئیرادەی خەڵکی کوردستان و عێراق دان، بۆیەش هەرگیز ناتوانن ڕەچاوی پاراستنی بەرژەوەندی خەڵکی کوردستان و عێراق بکەن، ڕۆژ لەدوای ڕۆژ ئەم جۆرە حیزب و سیاسییانە کۆمەڵگەی کوردستان و عێراق بەرەو وێرانتر دەبن. دووەم- هۆکار ئەوەیە زۆرینەی پێک هێنەرەکانی حکومەت و دەسەڵات لەکوردستان و عێراق کەسانی گەندەڵکارو دزن بۆیەش هەرگیز ناتوانن چارەسەری کێشەو قەیرانەکان بکەن. سێیەم – خودی ئەوبەرنامە و نەخشەڕێگایەی دەسەڵاتداران و لایەنی بەناو ئۆپۆزیسیۆن لەعێراق و کوردستان کاری لەسەر دەکات بەهەمان نەخشە ڕێگای ڕابردووە کە لەگەڵ چارەسەرکردنی کێشە و قەیرانێک چەندین کێشەو قەیرانی تر لەدایک دەبن، هۆکارەکەشی ئەوەیە پشت بەسیاسەتی ئابووری لیبرالیزم و نیولیبرالیزمی سەرمایەداری بە گرێدانی بەرژەوەندی خێڵ و حیزبەکانیانەوە کە دەرئەنجام هەرخۆیان زیاتر دەوڵەمەندەبن و دەبنە سەرمایەدارو بازرگان و خاوەن پارەو کۆمپانیایی جۆراوجۆر بەپارەی دزراوی گشتی خەڵک، زۆرینەی خەڵکیش ڕۆژ لەدوایی ڕۆژ هەژارو بێکارو بێ خزمەتگوزاری زیاتر و ڕووبەڕوی سەرکوتی زیاتر دەبێتەوە، ئەمەش بەهۆی ئەوەیە سەرجەم نەخشە ڕێگاکان بۆ دوورخستنەوەی خەڵکە لەبەشداریکردنی دەسەڵات و بەڕێوەبردن و ئیدارەدان و چاودێری کردنی سەرجەم بەشەکانی ئیداری و کارگێڕی و دیبلۆماسی و دارایی و بازرگانی و بەرهەمهێنان و دابەشکاری بەئارەزوویی سیاسی دەسەڵاتدارەکان.

چوارەم- ڕاگەیاندنی حیزبەکان بەلایەنی دەسەڵات و بەناو ئۆپۆزیسیۆنەوە لەکوردستان و عێراق ڕاگەیاندنێکە بۆ ڕازی بوونی خەڵکە بە چەمانەوەی لەیاسا و سیستەی کۆنەپارێزو چەوسێنەرەکەی دەسەڵاتدا، هەر بۆیە لەجیاتی خستنە ڕوویی نەخشە ڕێگای چارەسەری ئینسانی، سەرجەم ڕاگەیاندنەکان گرینگی بە بەرنامەو پلانە چەند بارەبووەکانی حیزبەکان و کەسایەتییە حیزبییەکان دەدەن، ئەمەش بۆئەوەی بەپێی پلان ئاراستەی کۆمەڵگە بەرەو بێ ئومێدی و بێ هیوایی و پەرتەوازەیی بەرێت، بەئیرادەی لاوازەوە خەڵک چاوەڕوانی داهاتوویی دەسەڵات بێت کە کۆمەڵگە چۆن و بەچ جۆرێک ئاراستە دەکات بەپێی بەرژەوەندییە حیزبی وخێڵایەتی و بنەماڵەییەکانیان.

بۆچارەسەری دەبێت لەدەرەوەی نەخشە ڕێگای حیزبەکانی پارێزەری کۆنەخوازی و چەوسانەوە هەنگاو بنێین کە لەبەرژەوەندی گشتی خەڵکی کرێکارو زەحمەتکێش و هەژارو چەوساوەو بێکار و گەنجان و لاوانی کوڕو کچدا بێت. ئەمەش بە بزووتنەوەیەکی جەماوەری لەجۆری ئیدارەدانی شورایی مەیسەر دەبێت. کە پێویستە بەتێکۆشان بەنەخشەڕێگایەکی ئینسانی سەرجەم خەڵکی ناڕازی لەناوەوەو دەرەوەی وڵات لەپێناوی چارەسەری کێشەو قەیرانەکان و هێنانەدی ماف و ئازادی و بەرژەوەندی خەڵک بەگشتی بەتێکۆشانی کارو چالاکی دڵسۆزانەی هاوبەش و یەکگرتووانە کاری لەسەر بکەن بەرێکخرابونیان. چونکە قۆناغ و هەلومەرجەکە گەیوەتە ئاستێکی باڵا کە هەرگیز بە وردە چالاکی حیزبێک یان چینێک یان توێژێک تێپەڕێنرێت، بەڵکو تەنیا بە بزووتنەوەیەکی جەماوەری کۆمەڵایەتی ئازادیخوازی و یەکسانیخوازی سەرتاسەری گشتی کەلەناو هەناوی ناڕەزایەتییەکانی کۆمەڵگەوە بەرەو ڕێکخراوبوونی خۆی بەئیدارەدانی خۆبەڕێوەبەری لەڕێگای شوراکانییەوە کە وەرچەرخان و گۆڕینی ریشەیی بە ئامانجی خۆی دابنێت، تێدەپەڕێنرێت. کە بەچەند هەنگاوێک دەکرێت سەرکەوبێت کەلەبەشەکانی داهاتوو لەسەر هەر هەنگاوێک زیاتر دەدوێن کە ئامانجی ستراتیژی ئەم بزوتنەوە کۆمەلامەتییە نارازییە گەڕانەوەی سەرجەم دەسەڵاتەکان بۆ خودی خەڵک بێت لەڕوویی ئیدارەدان وکارگێڕی و دیبلۆماسی وداراییەوە، دواتر خودی خەڵک خۆی ڕاستەوخۆ بەبێ هیچ ڕێگرێکیش چاودێربێت بەسەر سەرجەم بەشەکانی دەسەڵات و کاروباری ئیداری و دیبلۆماسییەکانی دەسەڵاتدا. ئەگەر ئەم نەخشە ڕێگایە لەلایەن خەڵکی ناڕازییەوە جێبەجێ نەکرێت ئەم گێژاوە هەر قووڵتر و فراوانتر دەبێت کێشە و قەیرانەکان گەورەتر دەبن بۆ خەڵک و دەسەڵاتیش لە هەڵلوشینی سامان و هەموو بەهاکانی کۆمەڵگەدا بەردەوام دەبێت، تا هەموو شتێک نغرۆ دەکات. من زۆر بە ڕاشکاوی دەڵێم هەرگیز ناکرێت خەڵکی ناڕازی و کۆمەڵگە چاوەڕێی فریاد ڕەسێک لە دەرەوەی ئیرادەی خەڵک خۆی بکات، بەڵکو تەنیا ڕێگایە ئەوەیە کە خەڵکی ناڕازی بەرێکخراوبوونی خۆی لەبزووتنەوەی شوراییدا خۆی فریادڕەسی خۆی بێت و دەتوانێت بەبزووتنەوەی جەماوەری ناڕازی دڵسۆزانە هەنگاو بۆ چارەسەرو ڕزگاری بنێت خۆی وکۆمەڵگە لەم قەیران و کێشەیە کەدەسەڵاتی چەوسێنەری کۆنەخوازی حیزبە بنەماڵەییەکان سازی کردووە، تەواوی تاکەکانی کۆمەڵگەی گیرۆدەی گێژاوی کوشندە کردووە ڕزگار بکات. هەروەک کارڵ مارکس دەڵێت: چەندان میللەتی ژێر چەپۆکی ڕووسیاو نەمساو پروسیا، دەستیان کرد بە خەبات لە پێناوی سەربەخۆیی نیشتمانیدا، بەڵام چارەنووسی ئەو شۆڕشە نیشتمانیانە بەسترابوون بە چارەنووسی شۆڕشی پرۆلێتاریەوە .. نە مەجەریەکان و نە پۆلۆنیەکان، وە نە ئیتالیەکانیش، ئازاد نابن مادام کارگەر کۆیلەیە!" (مارکس، The Class Struggles in France, ،(1848 to 1850مارکس ڕاست دەکات چارەنووسی تەواوی کۆمەڵگە بەندە بەڕزگاری خەڵکی هەژارو کرێکارو برسێیەکانی کۆمەڵگەوە، ڕزگاری خەڵک لەدەست بێکاری و برسێتی و هەژاری بەندە بەجۆری تێکۆشانی خەڵک بۆ بەهێزکردنی ئیرادەیان بەئاراستەی وەرگرتنی سەرجەم دەسەڵاتەکان بۆ خودی خەڵک. لەزۆر کۆمەڵگەو وڵاتی جیهاندا گەلان و نەتەوەجیاوازەکان سەربەخۆن ودەوڵەتیان هەیە، بەڵام گیرۆدەی هەژاری و برسێتی و بێمافی وسەرکوت وچەوسانەوەن کەوایە دەبێت ڕێگای دروست هەڵبژێرین ئەویش گەشەدانی ئیرادەی خەڵکە بەئاراستەی بەڕێوەبردنی کۆمەڵگە لەلایەن شوراکانی خۆیانەوە هەرخۆشی خەڵک ڕاستەوخۆ چاودێربێت لەسەر ڕاستی وخراپی وچەوتی و خەراپییەکانی ئیدارەدانی دەسەڵات بەواتایەکی سادەتر کۆی دەسەڵاتەکان بگەڕێندرێتەوە بۆخودی خەڵک خۆی. کەوایە پێویستە خەڵک ڕێگای تێکۆشانیان بگۆڕن بۆ گۆڕانی سستەم و دەسەڵاتی کۆنەخوازو چەوسێنەر دواتر خەڵک خۆی ئیدارەی کۆمەڵگە بەڕێوەبەرێت ئەم ڕێگاش بەبێ ماندووبوون و قوربانی دان نابێت، بۆیە دەبێت دڵسۆزانە هەموومان هاوکارو پشتیوان بین بۆ هێنانەدی کۆمەڵگایەکی باشتر. هەرووەک دەڵێن گەورەترین تراژیدیا لەژیانی مرۆڤەکان مردن نییە، بەڵکو مردنی بەها و نرخی مرۆیی و ئینسانییە. بەهۆی یاساو سیستەمە کۆنەپارێزو چەوسێنەرو سەرمایەدارەکانەوە. ڕۆژانە بەردەوام هەژاران و برسی و کرێکاران دەبنە قوربانی، بەڵام پێویستە بەرێکخراوبوونی خەڵکی ناڕازی کۆمەڵگە جۆرو شێوازی مردن و قوربانی خۆیان لەناو چالاکی تێکۆشانی یەککگرتووانەیان بگۆڕن بەبەرگری کردنیان لەبەهاو نرخی ئینسانیان لەبەرگریکردنیان لە هێنانەدی نان، کار، ئازادی، ئیدارەدانی شوراریيان. ئەبێت خەڵک لەسەرجەم هەنگاوەکانی خەباتیدا پشت بەخۆی ببەستێت و ناوەندی گۆڕانکارییەکانیش تەنها خودی خەڵک خۆی بێت.

هەر بۆیە جێبەجێکردنی نەخشە ڕێگای ئیدارەدانی شورایی لەڕێگایی بزووتنەوەی جەماوەری خەڵکی ناڕازی یەوە کە لەناو ناوەندەکانی کارو گەرەک و شوێنی ژیانی خەڵکەوە گرینگی وبایەخی زۆری هەیە ڕاستەوخۆ کاریگەری ئەرێنی و ئیجابی لەشوێن وشێوازو جۆری ژیانی خودی خەڵک دروست دەکات. ئەم بزوتنەوە جەماوەرییە بەهەبوونی ئیرادەی شۆڕشگێڕانە دەتوانێت گوڕانکاری لەسیستەم و دەسەڵاتی کۆنەخوازو چەوسێنەری سەرمایە بکات بەشۆڕش و ڕاپەرینی جەماوەری دەسەڵاتی مافیاو دز و چەتەگەر ڕابماڵێت لەجێگەیدا حکومەتی شورایی دابمەزرێنێت. ئامانجە پیویست و گرینگەکان :

ئەم بزووتنەوەی جەماوەرییە ناڕازییە سەراسەرییە گشتییە پێویستە سەرجەم بەشەکانی ڕێکبخرێت لەناو بزوتنەوەیەکی جەماوەری بەهێزی ڕێکخراودا کەسەرجەمیان کۆک بن و هاوپشت و هاوکاربن لەتێکۆشانی دڵسۆزانەی پڕ ئیرادەی ئینسانی دا بۆ هێنانەدی نان، کار، ئازادی ئیدارەدانی شورایی. دواتر هاوهەڵوێست بن لەسەر خواست و داواکاری یە ئینسانی یە هەنوکەییەکانی وەک دابینکردنی موچەی تەواو لەکاتی خۆی دا و دابینکردنی بیمەی بێکاری و ڕەخساندنی کار بۆ بێکاران و دانەمەزراوان و باشترکردن و دابینکردنی خزمەتگوزارییە پێویستییەکانی ڕۆژانەی خەڵک و بەهێزکردنی کەرتی گشتی تەندروستی وپەروەردەو خوێندن وبەرزکردنەوە و داواکردنی سەرجەم خواستەکانی ڕۆژانەی خەڵک کەپێویستە هاوخەباتی وپشتیوانی لێ بکرێت لەلایەن هەر مرۆڤێکی ئازادیخوازو یەکسانیخوازو مرۆڤ دۆست و ژیان دۆستەوە. لەگەڵ هەر هەنگاوێکی گەشەی ناڕەزایەتییەکاندا تەئکید لەم ئامانجە ئینسانیانە بکرێتەوە :١-ئامانجەکانمان، بەجیاواز لەوەی لەکوێ لەدایک بووین و زمانی دایک و باوکمان چییە، ئێمەو ئێوەو تۆ و ئەوانی تریش کە مرۆڤن دەبێت ئەوە بزانین هەریەکەمان مرۆڤین و بەشێکن لەگەشەی مرۆڤایەتی. هەر بۆیە پێویستە بناغەی گەشەکردنی کۆمەڵگە و نوێ بوونەوە وبەرەو پێشچوونمان لەسەر

بۆ لاپەڕە 15



# ئەمریکا و ئەورووپا جەنگی ماسك؛ وەحشەکانی ڕۆژئاوا بەبێ ماسك!...

## نووسینی: کەریم کەریم

ئاشکرا و ڕوونە کە کۆڕۆنا ڤایرۆس، لەگەڵ ئەوەدا پەتایەکی سروشتییە، بەڵام گومان لەوەدا نییە نیزامی سەرمایەداری بەهۆی دەستکاری کردنی جیناتەکان لەهەموو بوارەکاندا، لەپێناو قازانج و سودی سەرمایەدا، بۆتە هۆکاری سەرەکی دەرکەوتنی دەیان جۆر ڤایرۆس و نەخۆشی... بۆیە هەر ئەم نیزامە هۆکاری سەرجەم دەردو مەینەتەکانی کۆمەڵگەی ئینسانییە.... وە هاوکات بێدەربەستی نەبوونی پێداویستی تەندروستی لەناو دڵی ئەو هەموو سەروەت و سامانە بێ شومارەدا بۆ پاراستنی گیانی هاوڵاتیان... هێندەی تر ماهیەتی ئەم نیزامەی قازانج پەرستەی بۆرژوازی خستە ڕوو. ئەم پەتایە واتە کۆرۆنا ڤایرۆس ماسکی لە ڕووی شارستانییەتی قێزەونی ئەمریکی و ئەوروپییەکان هەڵدایەوە. کەسانێک کە لەو وەهمەدا دەژیان کەگوایە ڕۆژئاواییەکان خاوەنی دەوڵەت، ئاین، کلتور و مرۆڤی شارستانی، مۆدێرن و جیاواز لەگەڵ گەلانی دیکەی جیهانن، بوون بەژێر سونامی کۆرۆنا ڤایرۆسەوە.

مێژووی (٥٠٠) ساڵەی ڕۆژئاواییەکان کە بەمێژووی ڤایکینگەکان بەناوبانگ و ناسراوە، مێژووی تاوان، چەتەگەری، بەکۆیلەکردن، کوشتاری خەڵکی بە دەسەڵاتی وڵاتانی جیهان و وێرانکردنی گۆی زەوییە لەو تاوانکاریانەدا، نەک تەنها دەوڵەتەکانیان، بەڵکو خەڵکەکەشیان بەشداربوون.

کۆی تاوانکارییەکانی ڕۆژئاواییە بەناو شارستانییەکان ئەگەر زیاتر نەبوو بێت لە تاوانکارییەکانی (١٥٠٠) ساڵەی ئیسلام و ئیسلامییەکان، بەدڵنیاییەوە هیچی لەو کەمتر نەبووە.

سەیر ئەوەیە کە لەماوەی چەند ساڵی ڕابردوودا ڕۆژئاواییە وەحشییەکان لەئیسلام وەحشێکی ترسناکتریان لە میدیاکانیانەوە وێناکردووە، لەحاڵێکدا دوو وەحشن لەیەک جەنگەڵ و لەیەک چوارچێوەدا.

کۆمیدیای مێژوو لەوەدایە دڕندەیەکی مرۆڤخۆر و زەویخۆر لەسەر شانۆی پێشکەوتن، مرۆڤدۆستی و شارستانی ڕەهادا خۆی نمایش دەکات و ئەو دیکەیان لەسەر شانۆی خوداپەرستی عەرەبی بیابانیانەدا. کۆرۆنا ڤایرۆس ئەم دوو شانۆیەی بەتەواوی بەسەریەکدا وێرانی کرد. ئاشکرای کرد کە خاوەن شارستانییەتە قێزەونەکان، خاوەن تەکنۆلۆجیا و خاوەن ئەقڵ و کلتورە بەناو پێشکەوتووخوازەکان، هەمان ئەو چەتە دەریاییانە کە (٥٠٠) ساڵ لەمەو پێشەوە دەستیان بە تاڵان و بڕۆی وڵاتانی دونیا کردووە.

لە سەردەمی کۆرۆنا ڤایرۆسدا ئەو ڕاستییە زیاتر ئاشکرا بوو کە چەتە ڕۆژئاواییەکان بەرامبەر بە یەکتریش وەفادار نین، جا چ بگات بەخەڵکی وڵاتانی وەک ئاسیا، ئەمریکای لاتین و ئەفریقا، کە لەڕوانگەی ئەوانەوە لەمشکەکانی تاقیگەکانیان زیاتر شتێکی دیکە نین.

لەڕاپۆرتە هەواڵێکی کورتی ڕۆژنامەی ئیندپێندێنتی بەریتانیدا ئاماژە بەچەتەگەری و شەڕی ساردی نێوان فەڕەنسا و ئەڵمانیا لەلایەک و ئەمریکا لەلایەکی دیکەوە کراوە لەسەر کڕین و دەست بەسەرداگرتنی (٢٠٠) هەزار ماسک[ دەمامک]. وەزیری ناوخۆی حکومەتی بەرلین بە ئیندیپێندێنت دەڵێت: بارهەڵگرێک کە (٢٠٠) هەزار ماسکی تێدا بووە و لەکۆمپانیایەکی ئەمریکی کڕابوو، لەلایەن ئەمریکاوە لەڕێگای تایلەندا دەستی بەسەردا گیراوە. پاشان دەڵێت: ئەم جۆرە کردەوانە لەلایەن شەریکە بازرگانییەکانمانەوە لەوبەری ئۆقیانووسی ئەتڵەسییەوە قەبوڵ ناکرێت. درێژەی پێدەدات و دەڵێت: ئەم جۆرە کردەوانە، کردەوەی چەتەی مۆدێرنە. بەرپرسێکی پلەبەرزی دەوڵەتیش لەپاریس بە ئیندیپێندێنت دەڵێت: چەند کەسێکی نەناسراوی ئەمریکی هاتن هەموو ئەو ماسکانەیان بەپارەیەکی کاش کڕی کەپێشتر فەڕەنسا لەچین ئۆردەری کردبوو. ئێمە پێشتر پارەی گواستنەوەکەیمان دابوو. ئەمریکییەکان بەپارەیەکی زیاتر ئەو بارهەڵگرە پڕ لەماسکە چینییەیان لەدەستی ئێمە دەرهێنا.

جگە لەوانەش، دۆناڵد ترامپ سەرۆکی ئەمریکا ڕێگای گرت لەهاتنی ئەو ماسکانە کە بەماسکی (N95) ناسرا بوو کەپێشتر لەکۆمپانیاییەکی کەنەدای کڕیبوو .

لەدرێژەی شەڕی چەتەکانی ئەوروپا و ئەمریکا لەسەر ماسک و قەیرانی ماسکدا، دەوڵەتی (چیک) دەستی گرت بەسەر سەدان هەزار ماسک و دەزگای هەناسەداندا کە لەدەوڵەتی چینەوە وەک کۆمەک و هاوکاری بۆ هاووڵاتیانی ئیتاڵیا ڕەوانە کراو بوو. لەم سکاندالانەی ڕۆژئاوای ناوی شارستانی زڵ و کەلاوەی مێژووییەش زیاتر ئەوە بوو کەپارێزگاری نیۆرۆک هاواری دەکرد: "نیۆرۆک پێویستی بە (٦٠٠٠) دەزگای هەناسەدان هەیە و ئێمە (٤٠٠) دەزگامان لەبەردەستدایە". بەرپرسانی کۆشکی سپیش بەدەنگی بەرز وەڵامیان دەدایەوە: توانای دابینکردنی ئەو ژمارەیەمان نییە. لەوانەش سەیرتر لەڕۆژئاوای شارستانی چەتەگەری سەرمایەداران دا، ئەمرکای زلهێز و سوپر پاوەر، داوای لەدەوڵەتی ڕوسیا و کۆریای باشور کرد کەکۆمەکی پزیشکی بۆ ڕەوانە بکەن، کەچی هەر دوێنێ بوو لەگەڵ چەتە ئەورووپییە شەریکەکانیاندا بەپۆز لێدانەوە سووکایەتیان بەسەرۆکی ڕوسیا (ڤلادمێر پۆتین) دەکرد و گەمارۆی ئابورییان لەسەر ڕوسیا دادەنا.

کۆرۆنا ڤایرۆس دونیایەکی نوێی سەیری خوڵقاند و چەتە شەریکەکانی لەسەر ماسک و پێداویستییە پزیشکییەکان بەشەڕدا و بەتەواوی ماسکی ڕاستەقینە لەڕووی شارستانییەتی قێزەونی چەتەگەری (٥٠٠) ساڵەی ڕۆژئاواییە وەحشییەکان داماڵی. بەڵام ئەوەی زۆر گرنگ و پێویست دەکا هەموو لایەک قەناعەت بکەن بەوەی کەشارستانیەتی قێزەوەنی ڕۆژئاواییەکان جگە لەشارستانیەتی ڕاو و ڕووت و چەتەگەری زیاتر شتێکی دیکە نییە.

دوا بەدوای ئەو شکستە تاڵەی کە کۆرۆنا ڤایرۆس ڕووبەڕووی سیستمی تەندروستی جیهانی و دەوڵەتەکانی نیولیبراڵیزمی ڕۆژئاوای کردەوە، ئێستا هەموو وڵاتانی ڕۆژئاوایی روبەڕووی جۆرەها کێشە و گرفتی ماددی و مەعنەوی کردۆتەوە و بەتایبەتیش دەوڵەتی بەریتانیا کەدەستیان داوەتە تۆمەتبارکردنی دەوڵەتی چین بەوەی کەزانیاری لەسەر کوشندە بوونی ڤایرۆسەکە نەداوە بەوان. بەڵام ئەوەی جێگای پێزانین و هەڵوێستە کردنە کەدەوڵەتی چین لەم چەند دەیەیەی دواییدا گەشەسەندن و پێشکەوتنێکی زۆر خێرا و ڕەهای بەخۆی بینیوە لەڕووی ئابوورییەوە بەتایبەتیش لەڕووی تەکنۆلۆجیا و ڕێگا و بان و پرد و فرۆکەخانە و...هتد. ئێستا دەوڵەتی چین یەکەمە لەڕووی ئابووری و بازرگانی و تەکنۆلۆجیادا کە لەپێش ئەمریکا و هاوپەیمانەکان دایە و وەکو قووتبێک دەرکەوتووە لەبەرامبەر دەوڵەتی ئەمریکا و هاوپەیمانەکانی لەگۆڕەپانی ئابووری دا.

بەڵام ئەوەی جێگای ئاماژە پێکردنە کە سیستەم و کاری بەڕێوبردن لەدەوڵەتی چیندا بریتییە لە شکڵێک لەشکڵەکانی (کۆمۆنیزمی بۆرژوازیی لیبراڵ-ناسیونالیست )ە نەک ئاڵا هەڵگری کۆمۆنیزمی کرێکاری مارکس-ئەنگلس بێت. دوا بەدوای ئەوەش دەوڵەتی بەریتانیا بۆچی چەند تیمێکی زانستی و پزیشکیتان ڕەوانەی شاری (یوهان)ی چین نەکرد تا لە کوشندەیی ڤایرۆسەکە ئاگاداربن؟ بەڵام دەوڵەتی بەریتانیا چەند مەبەستێکی ژەهراوی و گڵاویان لەژێر سەریان دابوو، گرنگترین مەبەستیان چاویان لەوە بڕیبوو کەدەوڵەتی چین بەهۆی ڤایرۆسەکەوە لەڕووی ئابورییەوە دابڕمێت و ئێوەش بەردەوام هەر لەسەر کەلاوەکەی پاشایەتی جیهان بکەن. بەڵام ئەو خورمایەی ئەمریکاییەکان و ئینگلیزەکان و ئەورووپییەکان خواردبوویان دەوڵەتی چین فەلاحەکەی کەرەنتینە کردبوو.

## له بۆپێشەوەوە

* بابەتەکانی بۆپێشەوە، جگە لە"گۆشەو تەوەرەی تایبەت" بەگشتی تەعبیر لەخەتی سیاسی و فکری و دونیابینی کۆمۆنیزمی مارکس و کۆمۆنیزمی کرێکاریی دەکات.

* بۆ پێشەوە، هیچ بابەتێک بڵاوناکاتەوە، کە پێشتر لەشوێن و کەناڵی بینراو وبیستراو و نووسراودا... بڵاوبوبێتەوە.

* بابەتی بڵاوبوەوە لە بۆپێشەوەدا، ئەوکاتە لەلایەن خاوەنەکەیەوە مافی بڵاوکردنەوەی هەیە، کە لە بۆپێشەوە بڵاوبوبێتەوە. ڕاسپاردەی بۆپێشەوەیە، کە خاوەنی بابەتەکە ئاماژە بەناو و ئەو ژمارەی بۆپێشەوە بدات، کە بابەتەکەی تیادا بڵاوبۆتەوە.

* درەنگ ناردنی بابەتەکان، لەکاتی ڕاگەیەندراوی خۆیدا، شانسی بڵاوبونەوە لەدەست دەدات.

* ئەولەویەت بۆ بابەتی کورتە.

* هیچ بابەتێک بە زمانەکانی عەرەبی، فارسی، ئینگلزی... وەرناگرێت و خاوەنی بابەتەکان بەرپرسن لە وەرگێرانیان بۆ زمانی کوردی...

* بۆپێشەوە بەرپرس نییە لە هەڵەی ئیملایی و ڕێنووسی ئەو بابەتانەی بۆی دێت... هەڵەبڕی ئەرکی خاوەن بابەتەکانە...

## ڕێبوار ئەحمەد: بزووتنەوەی کوردایەتی وەکو بزووتنەوەی چینی بۆرژوازی کورد، لە هیچ تاوانکاری و کۆنەپەرستی و بەکرێگیراوییەك، دەستی نەپاراستوە، بۆئەوەی دەستی بە سوچێکی کورسی دەسەڵات بگات...

# ئەفسانە یان فاشیزم

## دیمانەی بۆپێشەوە لەگەڵ هاوڕێ ڕێبوار ئەحمەد سەبارەت کتێبەکەی مەلا بەختیارو کاردانەوەکان ...



**بۆپێشەوە: کتێبە تازەکەی مەلا بەختیار (لەبری بیرەوەری) گۆشەیەکی تر لە تاوان و کارنامەی بزووتنەوەی کوردایەتی و کاراکتەرە سیاسییەکانی دەخاتەڕوو، بەشێوەیەکی گشتی چۆن دەڕواننە ئەو کارنامە و مێژووەی بزووتنەوەی کوردایەتی، کە لەوێدا باسکراوە؟**

**ڕێبوار ئەحمەد:** ئەو بەڵگانەی دەربارەی کارنامەی ڕەش و چەپەڵی بزووتنەوەی کوردایەتی و حزبەکانی و کاریزماکانی کە لەو کتێبەدا هاتووە، دەکرێت بڵێین تەنها مشتێکە لە خەرمانێکی گەورە. خودی مەلا بەختیار دەڵێ ئەوەی باسی کردووە ٢٠٪ی ئەو تاوانانەیە کە ئەو دەیزانێ و ئاگای لێ بووە! جگە لەم کتێبەش سەرنج لە هەریەک لەو کتێبانەش بدەین کە لەلایەن بەشداربووان و کاراکتەرەکانی ئەو مێژووەوە نووسراون، دەریایەک لە بەڵگەی چەپەڵکاری ئەم بزووتنەوەیەمان بەرچاو دەخەن. تازە ئەوە گوایە ئەو مێژووە، لاپەڕە درەخشانەکانی سەردەمی "خەباتکاری" و جێگای شانازی ئەم بزووتنەوەیە و حزبەکان و سەرکردەکانیەتی. چونکە کاتێک لەسەر کارنامەی ڕەشی سی ساڵی ڕابردووی دەسەڵاتداریێتیان یەخەیان دەگیرێت، ئەو مێژووە دەکەن بە پاساو و گوایە "شەرعییەتی شۆڕشگێڕی"ی ئەو ڕۆژگارەیان، پاساوی لاپەڕە ڕەشەکانی سەردەمی دەسەڵاتداریێتییان دەکات. بەڵام ئەو ڕۆژەی کە نەفرەت و تووڕەیی جەماوەری کرێکار و زەحمەتکێش و ئازادیخواز، دەگاتە ئەو ئاستە لە ئاسۆداری و ڕێکخراوەیی و بەهرەمەند لە ڕابەرییەکی کارا و شۆڕشگێڕ، کە بتوانێ دەسەڵاتی ئەم بزووتنەوە کۆنەپەرست و تاوانکارە ڕامالێت، و گوێچکەی سەران و ڕابەرانی ڕاکێشێ بۆ بەردەم دادگایەکەی عادلانە، تەنها ئەوکات ڕوون دەبێتەوە کە ئەوەی تا ئێستا باسکراوە دڵۆپێکە لە دەریایەک.

بزووتنەوەی کوردایەتی وەکو بزووتنەوەی چینی بۆرژوازی کورد، لە هیچ تاوانکاری و کۆنەپەرستی و بەکرێگیراوییەک، دەستی نەپاراستوە، بۆئەوەی دەستی بە سوچێکی کورسی دەسەڵات بگات. ڕێک بە مەنتقی "ئامانج پاساوی ئامڕازە"! هەموو ئەو پڕوپاگەندانەش، کە دەربارەی وەستانەوە دژی ستەمی میللی و خەبات بۆ ڕزگاری لەو ستەمە، مێشکی خەڵکیان پێداشۆریوە، لە ناوەڕۆکدا جگە لە هەڵپە بۆ شەریک بوونەوە، لە دەسەڵات و دەسرەنجی جەماوەری کرێکار و زەحمەتکێش، هیچی تر نەبووە و نییە. کاتێک لە ١٩٩١دا ڕووداوەکانی ئەم ناوچەیە لە ئاسمانەوە دەسەڵاتی خستە باوەشیانەوە، وەکو بزووتنەوەیەکی چڵێسی دەسەڵات و سەروەت، لە هیچ ستەمکارییەک دەستیان نەپاراست. نان و ئاو و خزمەتگوزاری و داهاتی سەرزەوی و ژێرزەوی و ئاسمانی ئەم کۆمەڵگەیەیان خستە خزمەت، ژیانێکی شاهانە بۆ خۆیان و نەداریی هەمەلایەنەش بۆ جەماوەری ستەمدیدەی خەڵک.

ئەم کتێبە و ئەو بەڵگانەی لەوێ باسکراون، بەڵگەی حاشا هەڵنەگری ئەو ڕاستییانەن کە دەیان ساڵە ئێمە کۆمۆنیستەکان، لەبارەی خەسڵەتی کۆنەپەرستانە و دژی ئینسانی بوونی، بزووتنەوەی کوردایەتی و حزبەکانی دووپاتیان دەکەینەوە. هەر بەم بۆنەیەشەوە کەوتینەبەر هێرش، هاوڕێیانمان تیرۆر و کوشتار کران و هەڵسووڕانمان قەدەغە کرا.

ئەم کتێبە بەڵگەنامەی ئەوەیە کە بزووتنەوەی کوردایەتی و حزبەکانی و سەرکردە کاریزمیەکانی، کۆنەپەرستن، بکوژ و تیرۆریستن، پیلانگێڕ و فریوکارن، دز و جەردە و درۆزنن، پیاوسالار و ژنکوژن، دژە ئازادی و سەرکوتگەرن، بێبەرین لەهەر جۆرە پرەنسیپ و ڕەوشتێکی سیاسی. بەناوی دۆستایەتی و دەعوەتەوە پلانی کوشتنت بۆ دادەنێن، بەناوی مفاوەزاتەوە، وەفدی مفاوز دەست بەسەردەکەن و دەیکەن بە بارمتەی سەپاندنی مەرامە چەپەڵەکانیان. ئەمانە دیلکوژ و فاشیستن، ئامادەن لەپێناو ئامانجە حەقیرانەکانیاندا کۆمەڵکوژی ئەنجام بدەن. ئەگەر ئۆپەراسیۆنی ئەنفال و ڕاپێچکردنی بە کۆمەڵی مندال و گەنج و پیری کورد کۆمەڵکوژی و فاشیزم بێت، ئەوە ئۆپەراسیۆنی تەقاندنەوەی بەنداوی دەربەندیخان و ڕاپێچکردنی مندال و گەنج و پیری عەرەبیش بۆ مەرگ، بە هەمان شێوە کۆمەڵکوژی و فاشیزمە. ئەم کتێبە بەڵگەی ئەوەیە کە سەرکردە و سیمبولە کاریزمیەکانی ئەم بزووتنەوەیە، بە دیاریکراوی نەوشیروان مستەفا کە میدیای چەواشە وەکو فریشتە و باوکی هەژاران نیشانی کۆمەڵگەی دەدەن، سیمبولی بەرجەستەی تاوانکارییە سەرسام هێنەرەکانی ئەم بزووتنەوەیە و سیمبولێکی فاشیزمی کوردیە نەک ئەفسانە. ئەم کتێبە بەڵگەی ئەوەیە ئەم حزبانە نەک شایستەی بەڕێوەبردنی ئەم کۆمەڵگەیە نین، بەڵکو تۆزقاڵێک باشتربوونی ژیان و دەستەبەربوونی مافە سەرەتاییەکانی خەڵک لە گرەوی هەڵپێچانی ئەم حزبانەدایە. لە کۆمەڵگەیەکدا کە ئاسەوارێک لە یاسا و دادگا و مافی گشتی لەئارادا بێت، دەبێ سەران و بەرپرسانی ئەم حزبانە ڕاپێچی بەردەم دادگا بکرێن بۆ لێپرسینەوە و سزادان.

**بۆپێشەوە: ئەم کتێبە بەڵگەی زۆر دەخاتەڕوو دەربارەی یەکێتی و حزبەکانی بزووتنەوەی کوردایەتی، کە بەجیا لە جەنگی دەسەڵاتی نێوانیان، لەناو تەلاری ڕێکخراوەیی یەک حزبیشدا، دەستیان بۆ تەسفیەی ناوخۆیی بردووە، مخالفینی سیاسی خۆیان لەناو حزبەکانی خۆیاندا، تیرۆر کردووە، چ تیرۆری سیاسی و چ تیرۆری جەسەدی. ئەمە بۆچی دەگەڕێتەوە؟**

**ڕێبوار ئەحمەد:** ئەمە لایەنێکی بەرجەستەی نەریتی سیاسی بزووتنەوەی کوردایەتییە. تەنها بە یەکێتی و هیچ حزبێکی تایبەتی ئەم بزووتنەوەیە بەرتەسک نابێتەوە. لە پارتییەوە تا یەکێتی و تا پەکەکە و تا حزبە ناسیۆنالیستەکانی کوردستانی ئێران نوقمی ئەم نەریتە قەبیح و ناشرینەن. داستانی داپڵۆسین و شکەنجە و سوکایەتییەکان بەرامبەر ئاڵای شۆڕش کە لەم کتێبەدا بە وردی باسکراوە، داستانی شەڕی مەلایی و جەلالی لە ئەنجامی بیروڕای سیاسی جیاوازی ئەو دووباڵەی پارتی کە لێشاوێک لە خەڵکی کرد بە قوربانی، داستانی هێرشی چەکدارانە و جەنگی لەناوبردنی ئەو باڵەی کە لە حزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران بە ناوی باڵی "ڕابەرایەتی شۆڕشگێڕ"ەوە جیابووەوە، داستانی "ئیعدامی شۆڕشگێڕانە"ی ئەوانەی ڕیزەکانی پەکەکەیان بەجێدەهێشت، سەرئەنجام پلانی باندی سازمانی زەحمەتکێشانی ئێران بەڕابەرایەتی عەبدوڵای موهتەدی بۆ قەتڵوعامی هاوڕێیانی هاوحزبی خۆیان، لە کۆمەڵە-سازمانی کوردستانی حزبی کۆمۆنیستی ئێران،... تەنها چەند نموونەیەکن.

لە نەریتی سیاسی بزووتنەوەی کوردایەتیدا، جیاوازی بیروڕا تەنانەت لە هاوڕێی حزبی و هاوسەنگەری خۆیان قبوڵ ناکەن و بە ئاگر و ئاسن تەسفیەی جەسەدی و فکرییان دەکەن. کەچی هاشوهوشی دیموکراسی و ئازادی لە ئاستی کۆمەڵگەدا دەرخواردی خەڵک دەدەن. خۆیان کردوە بە ئوستادی لێکدانەوە و ڕاڤەکردنی مانا و حیکایەتی قۆناغەکانی دیموکراسی.

لەڕاستیدا کلتوری بزووتنەوەی کوردایەتی "فەقیرکوژی لە زاڵم تۆقیو"ە. ئەگەر دەرحەق بە خەڵک و بە بیروڕای جیاوازی ناوخۆی ڕیزەکانی خۆشیان، کلتوری سەرکوت و دەمکوت و داپڵۆسین و ئەتککردن بێت، تەنها لەسەر بیروڕایەکی سیاسی جیاواز، بەڵام دەرحەق بە دەوڵەتان و ئەوانەی هێزیان هەیە، کلتوری کڕوزانەوە و مەرایی و پاکانە و لێسانەوەی ملی سەرکردە دکتاتۆر و دەست ڕۆیشتووەکانە، بۆئەوەی ئیمتیازێکیان پێببڕێت. ماچکردنی دەستی شای ئێران و شیوەن لەسەر قەبری خومەینی و ستایشی تورکۆت ئۆزال، ماچ کردنی لاملی سەدام، لە ڕۆژگارێکدا کە دوای کوشتوکوشتاری بە کۆمەڵ، ملیۆنەها خەڵکی کوردستانی ئاوارەی شاخ و کێو و وڵاتانی دەوروبەرکردبوو، تەنها چەند نموونەی ئەم ڕاستییەن.

**بۆپێشەوە: کتیبەکەی مەلا بەختیار، کاردانەوەیەکی توندی لەلایەن بزووتنەوەی گۆڕان و کادرەکانیەوە بەدوای خۆیدا هێنا، کاردانەوەیەک کە لێوان ڕێژ لە سوکایەتی، ئیهانە، جنێو، تۆمەت... تاد، هۆکاری ئەم هێرشە هیستریاییە چیە؟**

**ڕێبوار ئەحمەد:** ئەگەر وانەبوایە جێگای سەرسوڕمان دەبوو. بەرپاکردنی کەمپینی شکاندنی حورمەت و تیرۆری کەسایەتی، هەڵبەستنی بوختان و فایلسازی، لە بەجەستەترین و سادەترین و باوترین نەریتەکانی بزووتنەوەی کوردایەتییە، بەرامبەر ڕەخنەگر و مخالف و نەیار. چ لە ئاستی کۆمەڵگە و چ لەناو ڕیزەکانی خۆیاندا.

کاردانەوەکانی بزووتنەوەی گۆڕان بێگومان مانا و هۆکاری ئەوەیشە، کە ناتوانن بە شێوەی شارستانی و سیاسی و مەنتقی وەڵامی ئەو هەموو بەڵگەیە بدەنەوە، کە لەم کتێبەدا لەبارەی تاوانە بێشومارەکانی سەرکردە کاریزماکەیانەوە، خراوەتەڕوو. کاردانەوەکەیان خۆی بەڵگەیەکی سەربارە بۆ ڕاستی ئەوەی لەبارەی نەوشیروانەوە لەو کتێبەدا وتراوە. ئەوانەی باسکراوە شیکاری و لێکدانەوە و پەخشانەوەی تۆمەتی بێ بەڵگە نییە،

ئەم کتێبە و ئەو بەڵگانەی لەوێ باسکراون، بەڵگەی حاشا هەڵنەگری ئەو ڕاستییانەن کە دەیان ساڵە ئێمە کۆمۆنیستەکان، لەبارەی خەسڵەتی کۆنەپەرستانە و دژی ئینسانی بوونی، بزووتنەوەی کوردایەتی و حزبەکانی دووپاتیان دەکەینەوە...

بەڵکو سەرجەمی فاکت و ڕووداو و کرداری بزووتنەوەی کوردایەتی و بە دیاریکراویش نەوشیروان مستەفایە. تەنانەت بەشی هەرەزۆری ئەوانەی لەبارەی نەوشیروانەوە باسکراون، تازە نین، بەڵکو پێشتر لە ئاستێکی فراواندا بیستراون و باسکراون. بەڵام لەم کتێبەدا بە وردەکاری و بەڵگەدارتر لەلایەن کەسێکەوە باسکراون، کە خۆی لە ناو ڕوداوەکانی ئەو مێژووەدا ژیاوە. کاردانەوە ناشرین و ناسیاسییەکانی بزووتنەوەی گۆڕان، ڕێک و ڕاست بەرئەنجامی نەبوونی هیچ مەنتق و بەڵگەیەکی سیاسییە، بۆ بەرگری لە نەوشیروان و تاوانە لە هەژمار نەهاتووەکانی. بەشی زۆری سەرکردایەتی و کادر و هەڵسووڕاوانی ڕیزی پێشەوەی بزووتنەوەی گۆڕان، بە ئەندازەی مەلا بەختیار ئاگاداری تاوانکارییەکانی نەوشیروان هەن، دەزانن هەموو ئەوانەی لەو کتێبەدا دەربارەی کارنامەی شەخسی نەوشیروان وتراون، بە تەواوی ڕاستن و ئەگەر کەمیان نەبێت زیادیان نییە. بەڵام چونکە خۆشیان پەروەردەی قوتابخانە فاشیستیەکەی نەوشیروان مستەفان، خۆشیان وەکو ئەو بیردەکەنەوە، ئەمڕۆش ئەگەر دەستیان بڕوات نەک هەر نەیارانی خۆیان بەڵکو هەرکەس وەکو ئەوان بیرنەکاتەوە، بەوجۆرە مامەڵەی لەگەڵ دەکەن کە نەوشیروان کردویەتی. هەڵبەت بەشێکیش لەو کەسانەی لەناو بزووتنەوەی گۆڕان و لە دەرەوەی ئەو حزبە کە بەرگری لە نەوشیروان دەکەن، ڕاستییەکان نازانن و مێشکیان داشۆراوە و وا براوەتە ئەقڵیانەوە کە بەڕاستی نەوشیروان ئەفسانە و فریشتە و باوکی هەژاران بوو. خۆیان قوربانیین.

بەبڕوای من ئەو شێوازە سوک و ناسیاسی و ناشارستانییەی بزووتنەوەی گۆڕان دەستی بۆ بردووە، دژی مەلا بەختیار وەکو کاردانەوە بەرامبەر ئەم کتێبە، دەبێ لەلایەن ڕای گشتی خەڵک و هەموو لایەن و کەسایەتی و ڕۆشنبیرانەوە سەرکۆنە و شەرمەزار بکرێت. نابێ بوار بدرێت فەزای فکری و سیاسی کۆمەڵگە بەم جۆرە سوک و پیس بکرێت.

**بۆپێشەوە: مەلا بەختیار لە مەراسیمی دابەشکردنی کتێبە تازەکەیدا، دەڵێت من تاکە کەس بووم کە لەدژی تیرۆری پێنج کادری حزبی کۆمۆنیستی کرێکاری ناڕەزایەتیم دەربڕیووە، لەکاتێکدا لە ساڵی ٢٠٠١ لە کۆڕێکدا لە ستۆکهۆڵم لە وەڵامی پرسیارێکدا سەبارەت بە هێرش بۆسەر حزبی کۆمۆنیستی کرێکاری دەڵێت: "کۆمۆنیستەکانمان کوشت، چونکە نانی شوانیان دەخوارد"، هەروەها لە وەڵامی پرسیارێکی ڕادیۆ لاواندا لە یۆتۆبۆری دەڵێت: "تاقمێکی هەرزەکار بوون مەفرەزەیەکمان نارد و ئاقڵمان کردن" لەو بارەیەوە دەڵێن چی؟**

**ڕێبوار ئەحمەد:** بەڕای من ئەوەی کە ئەمڕۆ مەلا بەختیار دەڵێ "کاتی خۆی لە ناو سەرکردایەتی یەکێتیدا من تاکە کەس بووم کە مخالفی کوشتاری کۆمۆنیستەکان بووم"، لە کاتێکدا لە ئاستی کۆمەڵگەدا شتێکی تری وتووە، ئیتر هەر وەکو قسەش بایەخێک بۆ ئەم قسەیە نامێنێتەوە. لە ڕوانگەی منەوە تا ئەمڕۆش کە مەلا بەختیار ئەم قسانە دەکات، هێشتا وەکو هەموو ئەندامانی دیکەی سەرکردایەتی یەکێتی لەو تاوانە شەریکە. ئێمە و کۆمەڵگە نازانین ئەوکات مەلا بەختیار لە ناوخۆیاندا چی وتووە و هەڵوێستی چی بووە. بەڵام دەزانین کە مەلا بەختیار تاکە سەرکردەی یەکێتییە کە لە چەند مناسەبەدا نەک هەر بەرگری لەو تاوانکارییە کردوە، بەڵکو وەکو شەریک و بەشدار لەو تاوانە قسەی کردووە. ئەو لە کاتێکدا لە ڕادیۆوە ڕاشکاوانە بڵێ "مەفرەزەیەکمان نارد ئاقڵیان کردن" ئیتر چۆن دەتوانێ شانی خۆی لەژێر ئەو تاوانە دەربکات؟! یان ئەو قسانە لە کۆڕێکی شاری ستۆکهۆڵمدا کردوونی بەڕاستی پڕاوپڕ مەنتقی نەوشیروانی و نەوشیروانیزمن. ئەمە پێی ناوترێت هەڵوێست، کە لە ناوخۆدا ناڕازی و لە ئاستی کۆمەڵگەدا پێداگر و شانازی بە تاوانەکەوە بکەیت!

بەدەر لەوەی مەلا بەختیار دەڵێ لەناو سەرکردایەتی یەکێتیدا ناڕەزایەتی دەربڕیوە و لەئاستی کۆمەڵگەشدا ئێمە بە گوێی خۆمان بیستوومانە کە چۆن بەزمانێکی ناشرین بەرگری لەو تاوانە کردووە، بەڵام ئێمە ئەو ڕاستییە دەزانین کە هێرشی چەکدارانە بۆسەر حزبی ئێمە و کوشتاری هاوڕێیانمان، بە سەرپەرشتی ڕاستەوخۆی نەوشیروان، پلانی بۆ داڕێژراوە و جێبەجێ کراوە. نەوشیروان بە مەنتقی فاشیستی و بازاڕیی خۆی ئەم ڕاستییانەی بۆ وەفدی مفاوەزاتی حزبمان دەربڕیوە. ئەمانە بۆ ئێمە ڕۆشنە و گومانی تیا نییە. بەڵام نەوشیروان بە سیاسەتی یەکێتی و بە چەک و فیشەکی یەکێتی و بە پێشمەرگەی یەکێتی و بە ناوی یەکێتییەوە ئەم تاوانەی ئەنجام داوە. بۆیە هەموو سەرکردایەتی یەکێتی بە جەلال تاڵەبانی و مەلا بەختیارەوە بەرپرسن لەم تاوانە. مەلابەختیار و تاڵەبانی بەپێی پێگەیان لە ڕابەرایەتی یەکێتی لە هەموو سیاسەت و کردارێکی ئەو حزبە بەرپرسن. ناکرێ دوای ٢٠ ساڵ وەکو ئۆپۆزیسیۆنی ئەو ڕۆژگارە خۆی نیشان بدات. ئەندامەتی لە ئۆرگانی ڕابەرایەتی حزبێک واتە لە ئەستۆگرتنی هەموو ئاکامێکی سیاسەت و بڕیارەکانی ئەو ئۆرگانە. بەڵام لەوەش زیاتر لەسەر بنەمای ئەو قسانەی کە مەلا بەختیار لە ئاستی کۆمەڵایەتیدا بۆ بەرگری لەو تاوانە کردوونی، کە بەڕاستی بە مەنتقی نەوشیروانی لێدوانی داوە، بەرپرسیارێتی مەلا بەختیار زۆر زیاترە، لەچاو ئەو ئەندامانەی سەرکردایەتی کە هیچیان نەوتووە. لەڕاستیدا ئەوەندەی من ئاگادارم، ئەو تاکە کەسە لە سەرکردایەتی یەکێتی کە لە ئاستی کۆمەڵگەدا بەمجۆرە ڕاشکاوانە و بە مەنتقی نەوشیروانیستی ئەو تاوانەی پاساوداوە. ئەمە لە دنیای سیاسەتدا پێی دەوترێت ئۆپۆرتۆنیزم، کە هەر ڕۆژە و بەپێی بارودۆخ و بەرژەوەندی ڕۆژ، هەڵوێستێکی جیاواز لەبارەی یەک ڕووداو و یەک مەسەلەوە دەربېڕێت. ڕۆژگارێک کە لەسەر کورسی و ناز و نیعمەتی دەسەڵات، دانیشتوە دەڵێ "مەفرەزەیەکمان نارد ئاقڵیان کردن" و شانازی بەو تاوانە تیرۆریستییەوە دەکات. ئەمڕۆش کە دۆخەکە گۆڕاوە، لە پۆزی ئۆپۆزیسیۆندا دەردەکەوێت و دیموکراسینمایی دەکات و ئەو کوشتارگایە، بە تاوانێکی بێ پاساوی شەخسی نەوشیروان ناودەبات. ئەگەر ئەمڕۆ بەڕاستی مەلا بەختیار دژی کوشتاری ئەو پێنج تێکۆشەرە دڵپڕ لە هیوایەیە، بەپێی مەنتق دەبێ خوازیاری دادگایی کردنی هەموو ڕابەرایەتی ئەوکاتەی یەکێتی بێت بە خۆشیەوە. خۆ تاوانی قەتلی پێنج کەسی بێتاوان و ئازادیخواز، بە دەرپەڕاندنی دوو ڕستە، ئەویش دوای ٢٠ ساڵ پاک نابێتەوە. وەکو هەر قەتلێکی تر، دەبێ تاوانکارانی دادگایی بکرێن و سزای تاوانەکەیان وەرگرن. ئەو کە دانی بەم تاوانکارییەدا ناوە، مانای ئەوەیە دەبێ ڕابەرانی یەکێتی، لە دادگایەکی ئاشکرای جەماوەریدا، بەرپرسیارێتی و سزای تاوانەکەیان وەرگرن. کتێب و بیرەوەری نوسین و وتاردان دەربارەی ئەم مەسەلەیە هیچ لەم ڕاستییە ناگۆڕێ.

بۆیە من وەکو سکرتێری ئەوکاتە و هەشت ساڵ دوای ئەوەی حزبی کۆمۆنیستی کرێکاری، دەڵێم؛ بەدەر لە ویستی ئێمە، مەلا بەختیار بەپێی لێدوانەکانی خۆی، لە مێژوودا وەکو شەریکی ئەو تاوانە ناوی لەپاڵ نەوشیروانەوە تۆمار کراوە. وە ئەگەر بیەوێ گەردنی خۆی لەو تاوانە ئازاد بکات، دەبێ لانی کەم بڕواتە بەردەم داداگا و لەبارەی ئەم کەیسەوە، کە هێشتا لە دادگایە، لێدوان و شایەتی خۆی بدات و ئەنجامی دادگاییەکەش، لەسەر ئەو تاوانەی کە خۆی شانی داوەتە ژێرباری، لە ئەستۆ بگرێت. ئەو خۆی دەڵێت "داپۆشینی تاوان لە ویژداندا یەکسانە بە تاوان و لە یاساشدا سزای لەسەرە"، کەوایە بەرپرسە لەوەی بڕواتە بەردەم دادگا و راستیەکان باس بکات. هەر بەم بۆنەیەوە دەمەوێ جەخت لەوە بکەم کە تەنانەت سەرکردایەتی ئێستای یەکێتیش وەکو میراتگری سەرکردایەتی پێشوو، تا ئەوکاتەی هەڵوێستێکی جیاواز نیشان نەدات و تاوانباران تەسلیم بە دادگا نەکات، لەو تاوانە بەرپرسیارە. ئەو مەسەلەیە بەمجۆرە لای ئێمە تەواو نەبووە و تەواو نابێت.

**بۆپێشەوە: لەهەر ململانێیەکی سیاسی نێوان حزبەکانی بزووتنەوەی کوردایەتی و تەنانەت لە گرژیی نێوان چەند کاراکتەری ئەم بزووتنەوەیە و حزبەکانیدا، کەشی سیاسی و ئازادیی کۆمەڵگە مەترسی بۆ دروست دەبێت، هۆکاری ئەمە بۆچی دەگەڕێتەوە؟ و دەبێ خەڵکی کوردستان چۆن مامەڵە لەگەڵ ئەم نەریتە بکەن؟**

**ڕێبوار ئەحمەد:** سەرچاوەی ئەمانە خودی عورف و عادەت و نەریتی بزووتنەوەی کوردایەتی و باڵادەستیی ئەو نەریتەیە. لە وەڵامی پرسیارەکانی پێشوودا باسم کرد کە لەو نەریتەدا شتێک نییە ناوی ئازادی بیروڕا و ڕەخنە و پرەنسیپی سیاسی موتەمەدینانە بێت. تەنانەت تەحەمولی وشەیەک ناکەن کە ناکۆک بێت لەگەڵ بۆچوونی خۆیاندا. شەڕی ناوخۆی حزبەکانی ئەم بزووتنەوەیە، تەسفیەی فکری و فیزیکی لەناو ڕیزەکانی خۆشیاندا، بەڵگەی ئەم ڕاستییەن. لە ڕوانگەی ئەم نەریتەوە، درکاندنی ئەو ڕاستییانەی کە پێچەوانەی ویست و بەرژەوەندی ئەوانە، کارێکی قەدەغە و حەرامە. نوسینی کتێب و وتار، کە ڕەخنە بگرێت و ڕاستییەکانی مێژوو بگێڕێتەوە تاوانە. لەم نەریتەدا، کتێب بە کتێب و وتار بە وتار و وشە بە وشە وەڵام نادرێتەوە. تا بواری دەستبردن بۆ چەک هەبێت، ئەوە ڕێگای یەکەمیانە. ئەگەر بە هەر هۆیەکەوە بواری دەستبردن بۆ چەک نەبێت، دەست دەبرێت بۆ شێوازی حەقیرانە، لە سوکایەتی و شکاندنی حورمەت و تیرۆری کەسایەتی، هەروەها تێکدانی فەزای سیاسی و گرژ و ئاڵۆزکردنی دۆخی کۆمەڵگە. ئێستا کەس دەستی بزووتنەوەی گۆڕانی نەگرتووە، کە لە بەرامبەر کتێبێکی مەلا بەختیار و تۆمارکردنی بەشێک، لە تاوانە بەرجەستەکانی سیمبول و ڕابەرە بەفریشتە کراوەکەیاندا، بڕۆن پەنجا کتێب بۆ بەرگری لە کەسایەتی نەوشیروان بنووسن. بەڵام ئەم کارە ناکەن، لەجیاتی ئەمە دەست دەبەن بۆ تێکدانی فەزای سیاسی و بەرپاکردنی هەراو زەنای سوک و ڕیسوا. دەیانەوێ بەمجۆرە گەردەلوولێک بەرپابکەن کە ڕاستییەکان لەچاوی خەڵک بشارێتەوە.

بەڕای من دەبێ لەلایەن خەڵکی هوشیار و ئازادیخواز و پێشکەتووەوە وەڵامی توند بەم شێوازانە بدرێتەوە، دەبێ توڕ لەم کلتورە دواکەوتووانە و چەپەڵەی بزووتنەوەی کوردایەتی هەڵدرێت، دەبێ هەموو لایەنەکان ناچار و پابەند بکرێن بە جەدەلی سیاسی و فکری موتەمەدنانە. کۆمەڵگە دەبێ بە تەواوی ئەم بزووتنەوەیە و هەموو حزب و عادەت و نەرێتە پڕتوکاوەکانی تێپەڕێنێ. دەبێ ڕای گشتی کۆمەڵگە لە بەرامبەر ئەم شێوازانە و مەترسییەکانی هوشیار بکرێتەوە، دەبێ فەزایەکی پێچەوانە بەرپابکرێت و وەکو هەر کۆمەڵگەیەکی شارستانی و سەردەمیانە، وشە بە وشە و کتێب بە کتێب و گوفتار بە گوفتار وەڵام بدرێتەوە. دەبێ هەموو لایەک پابەند بکرێت بە پرەنسیپی سیاسی سەردەمیانە و فەزایەک بەرپا بکرێت هیچ کەس و لایەنێک نەتوانێ بەسەر پرەنسیپی سیاسی و موتەمەدنانەدا بازبدات و خەتی سوور ببەزێنێت. ئەمڕۆ ئەم فەزاسازییە ناشیرینە، بەرامبەر مەلا بەختیارە. بەڵام ئەگەر هەر ئێستا بەری پێنەگیرێ و ناکام و ڕیسوا نەکرێت، سبەینێ بەرامبەر هەرکەسێکی تر دەکرێت کە کارێکی لەم جۆرە بکات.

بەڵام سەرئەنجام کۆتاییهێنان و تێپەڕکردنی ئەو فەرهەنگ و نەریتانەی بزووتنەوەی کوردایەتی، لە گرەوی کۆتایی هێنانە بە دەسەڵاتی سیاسییان. تا کاتێک ئەوان دەسەڵاتدار بن، فەرهەنگ و نەریتەکانیشیان لە ئاستی کۆمەڵگەدا، باڵادەست دەبێت. لە هەر کۆمەڵگەیەکی شارستانیدا کە یاسا و دادگا و سادەترین مافەکانی مرۆڤ لەئارادا بێت، لە هەر کۆمەڵگەیەکدا کە ئیستبداد و کۆنەپەرستی و دەسەڵاتی عەشیرەتەکان لەئارادا نەبێت، شکاندنی حورمەت و تیرۆری فکری و بوختان و تۆمەت بەخشینەوە، بۆ نەیار و مخالفی سیاسی، بە تاوان هەژمار دەکرێت و لێپێچینەوەی یاسایی بۆ دەکرێت، چ جای بگات بە تیرۆری فیزیکی و قەتلی مخالفین. ئەمڕۆ دەسەڵاتدارێتی ئەم حزبانە هۆکاری ئەوەیە کە لە کێشمەکێشی سیاسی خۆیاندا، فەزای سیاسی کۆمەڵگە بشێوێنن و بیخەنە مەترسییەوە. ئەگەر حکومەتێکی کرێکاری لەسەرکار بوایە، ئەگەر لانیکەم حکومەتێکی مەدەنی و ئازادیخواز لەسەر کار بوایە، هەموو ئەم حزبانەی چەک دەکرد و سەرانیانی بە هۆی ئۆقیانوسێک لە تاوانی سەرسام هێنەر، لە دادگایەکی ئاشکرای جەماوەریدا دادگایی دەکرد. کۆتایی هێنان و تێپەڕ کردنی ئەم دۆخ و نەریت و فەرهەنگە، بەندە بە کۆتاییهاتنی دەسەڵاتی حزبەکانی بزووتنەوەی کوردایەتییەوە.



# جیهاد محەمەد: پرۆسەی پەروەردە لە کوردستاندا پەروەردەیەکی تەندروستی سەردەمیانە نییە، بە پێچەوانەوە پەروەردەیەکی کۆنەباوی پارێزەری دابونەریتە کۆنەباو و سواوەکانە...

## دیمانەی بۆپێشەوە بۆپێشەوە لەگەڵ نووسەر و چالاکوانی مەدەنی جیهاد موحەمەد سەبارەت ساڵی نوێی خوێندن لە هەرێمی کوردستان و خوێندنی ئۆنلاین

**بۆپێشەوە: بۆ ئەم ساڵ بەهۆی کۆرۆنا ڤایرۆسەوە باسی خوێندنی ئۆنلاین دەکرێت، چۆن دەڕواننە ئەم هەنگاوە و تا چەندە لاتان وایە گونجاوە بۆ هەرێمی کوردستان؟**

**جیهاد محەمەد:** خوێندنی ئۆنلاین دانراوە بۆ زۆربەی قۆناغەکانی خوێندن بە تایبەتی بۆ خوێندنی زانکۆکان، لەگەڵ ئەوەشدا بۆ ئەو خوێندنانەی کە تەنها خۆی نابینێتەوە لە خوێندنێکی تیۆرییدا، بەڵکو پێویستی بە پراکتیکەکردن هەیە ناویان لێناوە خوێندنی "ئاوێتە". کەمتەرخەمیەکان، کەموکوڕیەکان، دواکەوتوویيەکان، لە هەر بوارێکدا کەمتەرخەمی و کەموکورتیی و دواکەوتوویی زیاتر بە دوای خۆیدا دەهێنێت. لە ڕاستیدا دەستبردن بۆ هەر چاکسازییەک، بە تایبەتی لە کاتی قەیرانەکاندا، وەک ئەم قەیرانانەی کە بەڵای کۆرۆنا بەرۆکی هەموو جیهانی گرتووەتەوە، لەو وڵاتانەی کە خۆیان لە خۆیاندا دواکەوتوون، پرۆسەی خوێندن تیایاندا پرۆسەیەکی کۆنەباوە، بیرکردنەوە لە چارەسەرییەکان هەروا ئاسان و سانا نییە، بڕیاردان لەسەر چۆنیەتی درێژەدان بە پرۆسەی خوێندن پێویستە بە بڕیاری سەرپێیانە نەبێت، پێویستە بڕیارەکان لە ئەنجامی ڕاوێژکردن و گفتوگۆکردن لەگەڵ شارەزایانی خوێندن و پەروەردە بدرێت، پێویستە سوود لە ئەزموونی وڵاتانی پێشکەوتوو وەرگیرێت، لەگەڵ ئەوەشدا واقیعی ژیان و گوزەرانی خەڵکی لە بەرچاو بگیرێت. بەداخەوە ئەوەی تێبینی دەکرێت، ئەو بڕیارەی لە وەزارەتی پەروەردەی حکومەتی هەرێمی کوردستان دراوە لەسەر خوێندنی ئۆنلاین بڕیارێکی بە پەلە و سەرپێیە، بڕیارێکە لە ناچارییەوە دراوە کە هەرچۆنێکێک بێت وەزارەتی پەروەردە ئەبێت بڕیارێک بدات! **<u>بڕیارێکە شکستی زیاتر بە پرۆسەی خوێندن و پەروەردە دەهێنێت.</u>** ئەم بڕیارە گونجاو نییە لەگەڵ واقیعی ژیانی فێرخواز و خێزانەکانی فێرخوازاندا. جگە لە هەموو ئەمانە خوێندنی ئۆنلاین نوێیە لە کوردستاندا، ئەم خوێندنە بۆ مامۆستایان و بۆ فێرخوازانیش پێویستی بە ڕاهێنان و فێربوون هەیە. دابینکردنی پایەکانی خوێندنی ئۆنلاین، کۆمەڵێک پایە و پێویستین، کە بە داخەوە زۆر قورس دەکەوێت لەسەر فێرخوازان. هەموومان باش ئەوە دەزانین کە ژیان و گوزەرانی زۆربەی خێزانەکان و فێرخوازان لە ئاستێکی نزمدایە، فێرخوازان ناتوانن هەموو پێویستیەکانی خویندنی ئۆنلاین دابین بکەن، وەک کۆمپیوتەر، هێڵی ئینتەرنێت، کارەبای بەردەوام، تەلەفۆنی زیرەک بە ڤێرژنی بەرزەوە. جگە لەمانەش **<u>هەر لە بنەماوە خوێندن و پرۆسەی فێربوون بە جۆرێک خۆشەویست نییە لای فێرخوازان کە بتوانن خۆیان زۆر ماندووبکەن بۆی، ئەمەش لە ئەنجامی خوێندن و پەروردەیەکی کۆنەباوەوە هاتووە.</u>** ئاخر خوێندنی ئۆنلاین پێویستی بە ڕاهێنان و فێربوونێک هەیە کە فێرخواز بتوانێت چەندین سەعات لە ژوورەکەی خۆیدا، ئەگەر ژووری هەبێت، بمێنێتەوە و خەریکی بە دواداچوون و پەیوەندیکردن بێت لەگەڵ مامۆستاکانی و هاوڕێکانیدا. بۆیە **<u>بەڕای من ئەم خوێندنی ئۆنلاینە نەگوجاوە بۆ ژینگە و پرۆسەی خوێندنی کوردستان.</u>**

**بۆپێشەوە: خوێندنی ئۆنلاین پێویستی بەدابین کردنی کۆمپیوتەر، ئایپاد، و هێڵی ئەنتەرنێتی بەخێرایی گونجاو ، کەشی ئارامی ماڵ... هەیە، وەزارەتی پەروەردە تا چەندە بەرپرسە لە زامنکردنی ئەو ئیمکانیەتانە؟**

**جیهاد محەمەد:** هەموو پێویستیەکانی خوێندنی ئۆنلاین و ئاوێتەبوون، دەکەوێتە سەر دەوڵەت و حکوومەت و وەزارەتە تایبەتمەندەکانی وەک وەزارەتی پەروەردە و وەزارەتی خویندنی باڵا بە هاوبەشیکردنی هەندێک لە وەزارەتەکانی تری وەک وەزارەتی ڕۆشنبیری و وەزارەتی کارەبا و وەزارەتی کاروباری کۆمەڵایەتی. هەموو ئەم وەزارەت و لایەنە پەیوەندیدارانە پێویستە لە حاڵەتی بڕیاردانێکی وادا جگە لە ڕاوێژکردن و گفتوگۆکردنی نێوان خۆیان بۆ دابینکردنی ئەو پێویستیانە، پێویستیشە لەگەڵ مامۆستایان و سەرۆکایەتی زانکۆکان و لیژنەی پەرلەمانی فێرخوازاندا ڕاوێژ و گفتوگۆ بکەن. لە ئەنجامی هەموو ئەو ڕاوێژ و گفتوگۆکردنانەدا، لە ئەنجامی هەڵسەنگاندنی باری ژیانی فێرخوازان و مامۆستایاندا ئەوسا بتوانن بڕیارێک دەربکەن کە ئەگەر زیانیشی هەبێت، کەمترین زیانی هەبێت، بەڵام بە داخەوە ئەوەی تێبینی دەکرێت هیچ هەنگاوێک نەنراوە بۆ چارەسەری ئەم کێشەیە و لە پڕ بڕیارێکی سەرپێی دراوە.

**بۆپێشەوە: گرانی، نەبوونی موچە بۆ مامۆستایان و کارمەندانی پەروەردە، هەژاری زوربەی زۆری خەڵکی، چ کاریگەرییەکی لەسەر پرۆسەی خوێندن و پەروەردە دەبێت؟**

**جیهاد محەمەد:** ناوە ناوە دەبینین لە شارەکانی کوردستاندا خۆپیشاندانی مامۆستایان بەردەوامە، هەڵبەت خۆپیشاندانەکان زیاتر لەسەر نەبوونی موچەیە، یان لەسەر ئەو بڕیارە خراپانەی حکوومەتە کە دەربارەی کەمکردنەوەی لە سەدا ٢١ی موچە بە گشتی، کە موچەی مامۆستایانیش دەگرێتەوە. لە هەموو ئەو وڵاتانەی کە داهات و دەرامەتی گشتی وڵات لە ئاستێکی بەرزدایە، لەلای هەر حکوومەتێک لە جیهاندا کە هەڵگری جیهانبینیەکی سەردەمیانەیە بۆ گەشەی ئابووری، گەشەی توانای تاکەکان، زەوینەخۆشکردن بۆ دەرکەوتنی توانا شاراوەکانی فێرخوازان، هەر لە تەمەنێکی زووی منداڵیەوە، ساڵانە گەورەترین بودجە تەرخان دەکرێت بۆ وەزارەتی پەروەردە و پرۆسەی خوێندن و فێربوون، بەداخەوە لە کوردستان و عێراقدا بودجەی وەزارەتی پەروەردە و خوێندن زۆر لە خوار بودجەی وەزارەتی پێشمەرگە و سوپاوەیە، ئەمەش کاریگەریەکی خراپی لەسەر کەمدەستی و بێ دەرامەتی وەزارەتی پەروەردە دروست کردووە، جگە لەمەش نەبوونی موچە و کەمکردنەوەی موچەی مامۆستایان هێندەی دیکە ڕەوشی خوێندن و کەمدەستی خێزانەکان فراوان و گەورەتر دەکات، کە ناتوانن بە گوێرەی پێویست خەرجی پرۆسەی خوێندنی منداڵەکانیان دابین بکەن. مامۆستایان لە حاڵەتێکی وادا پەیوەستییە پێویستییەکانیان بۆ خوماندووکردن و هەوڵدان بۆ خوێندن و فێربوون زۆر کەمدەبێتەوە، جۆرێک لە دابڕان لە نێوان مامۆستایان و فێرگەکاندا دروست دەبێت، خۆشەویستی نێوان مامۆستایان و فێرخوازان کەمدەبێتەوە، هەموو ئەمانە پرۆسەی خوێندن و فێربوون شکست پێدێنن.

**بۆپێشەوە: بەجیا لە کەم و کوڕی بیناو و پێداویستیەکانی خوێندن، مەنهەجی خوێندن چۆن دەبینن؟ لاتان وایە ئەو مەنهەجەی هەیە، جێگای پەسەندە یان مەنهەجی خوێندن و پەروەردەش پێویستی بە ئاڵوگۆڕە؟**

**جیهاد محەمەد:** بەداخەوە، تا ئێستاش خوێندنەوە و هەڵسەنگاندن بۆ پرۆگرامی خوێندن لە پرۆسەی خوێندن و فێربوون لە کوردستاندا بەوجۆرەیە کە کتێب بە پرۆگرام دادەنرێت، کە لە ڕاستیدا کتێب ئامرازە وەک هەر ئامراز و کەرەسەیەکی تری خوێندن و فێربوون، بەڵام هەڵبەت ئامرازێکی زۆر گرنگە، ئەم ئامرازە بەردەوام پێویستە لە گۆڕانکاریدا بێت، پێویستە جگە لە شارەزایانی پەروەردە خودی فێرخوازانیش هاوبەشی بکەن لە گۆڕینی ئەم ئامرازە گرنگەدا. خوێندن و فێربوون لە وڵاتانی پێشکەوتوو و دیموکراتدا، فێرخوازان خۆیان دەتوانن کتێبی خوێندن هەڵبژێرن، بۆ نموونە چەند زانایەک بۆ فێربوونی بیرکاری هەریەکەیان بە شێوازێک کتێبێکی نووسیوە، فێرخوازان کام کتێبەیان بەلاوە پەسەند و ئاسان بێت ئەتوانن ئەو کتێبەیان دەستنیشان بکەن بۆ مامۆستاکەیان، کە بەو کتێبە و بەو شێوازە فێری بیرکاریان بکات. **<u>لە ڕاستیدا پرۆگرام زیاتر لە خودی پەروەردەکردندا خۆی دەبینێتەوە، پرۆگرامی ساڵانەی فێرگەکان و زانکۆکان پێویستە بە گوێرەی سەردەم و کێشەکانی سەردەمی مرۆڤایەتی بێت</u>**، گومانی تیا نییە واقیعی کۆمەڵگە و کێشەی کۆمەڵایەتی، سیاسیی، ئابووری و فەرهەنگی بەشێکی گەورەیە لە پرۆگرامی خوێندن و فێربوون و پەروەردە. هەڵبەت کتێبەکان کە باس و خواس و شیکاری ئەم کێشانەیان لە خۆگرتووە، هەروەها چارەسەری کێشەکانیان لە خۆ گرتووە ئامراز گەلێکن بۆ فێربوون، فێرخوازن لە ڕێی گفتوگۆکردن لە نێوان خۆیان و لەگەڵ مامۆستاکانیاندا لە پۆلەکانیاندا هاوبەشی دەکەن بۆ گەشەی فێربوون و خوێندن و پەروەردە، ئیتر بەم جۆرە بەردەوام پەروەردە و فێربوون لە گەشەدا دەبێت. بۆیە **<u>پرۆگرامی خوێندن لە کوردستاندا بە داخەوە گونجاو نییە لەگەڵ سەردەمدا، پرۆگرامێکی کۆنەباو و نادیموکراتە.</u>**

**بۆپێشەوە: سیستەمی پەروەردەیەکی تەندروست، بەندە بە سیستەمێکی سیاسی تەندروست، لاتان وایە سیستەمی سیاسی و حکومڕانی کوردستان دەتوانێ سیستەمێکی شیاوی پەروەردەیی جێ بخەن؟**

**جیهاد محەمەد:** **<u>پەروەردە بێلایەن نییە، یان دۆگمایە یان پەروەردەیەکی فەلسەفیانەیە، پەروەردەی دۆگما و نادیموکرات پەروەردەیەکە کە پارێزەری کۆنەباوە، پارێزەری دابونەریەت باوەکانە،</u>** ئەم پەروەردەیە هەمیشە لە بەرژەوەندی ئەو ئایدۆلۆژیانەیە کە دەخوازن کۆمەڵگە وەک خۆی بمێنێتەوە و بیر و ئەندێشەی تاکەکانی کۆمەڵگە کراوە و ئازاد و سەربەخۆ نەبێت. پەروەردەی فەلسەفیانە پەروەردەیەکی سەردەمیانەیە، پەروەردەیەکی دیموکراتە، پەروەردەیەکە کە توانا شاراوەکانی فێرخوازان دەردەخات و هەمیشە فێرخوازان فێری پرسیارکردن و گومان دەکات، فێرخوازان فێری دیالۆگ دەبن و هەروا بە سانایی خۆیان ڕادەستی نووسینی ناو کتێبەکان ناکەن، یان دەتوانن لەگەڵ مامۆستاکانیاندا بە گوستاخانە پرسیاربکەن و گومان بخەنە سەر ڕاوبۆچوونی ناو کتێب و زانینی مامۆستاکان. **<u>پرۆسەی پەروەردە لە کوردستاندا پەروەردەیەکی تەندروستی سەردەمیانە نییە، بە پێچەوانەوە پەروەردەیەکی کۆنەباوی پارێزەری دابونەریتە کۆنەباو و سواوەکانە.</u>**

**بۆپێشەوە: ئەو چاکسازیانەی پێویستن لە بواری پەروەردەدا، بەخێرایی بکرێن، کامانەن؟ وە تاچەند لاتان وایە ئەم کابینەیە دەتوانێت چاکسازی لە بواری پەروەردەدا بکات؟**

**جیهاد محەمەد:** چاکسازیەکان دوو بەشن، بەشێکیان خۆیان لە چاکسازی ئامڕازەکان و کەرەسەکانی خوێدن و پەروەردەدا دەبیننەوە، وەک تەرخانکردنی بودجەی بەرز، دروستکردنی قوتابخانە، تا دوو دەوام و سێ دەوام لە یەک قوتابخانەدا نەکرێت، بە شێواز و ئەندازیاریەکی سەردەمیانە قوتابخانەکان دروست بکرێت، چاپکردنی کتێب و دابەشکردنی بە خۆڕایی بەسەر فێرخوازاندا، کردنەوەی خولی ڕاهێنانی بەردەوام بۆ مامۆستاکان، تا زیاتر قاڵبن لەسەر شێوازی نوێی وانە وتنەوە. بەڵام بەشێکی تری گرنگی چاکسازی لە ڕاستیدا خۆی لە هەڵتەکاندنی خوێندن و فێربوونە کۆنەباوەکەدا دەبینێتەوە، وەک پێشتر ئاماژەم پێدا، چاکسازی لەم بەشەدا خۆی لە گۆڕینی خوێندنی دۆگمادا دەبینێتەوە بۆ خوێندنی سەردەمیانە و فەلسەفیانە.



# هیوا عەساف: بەئەهلیکردنی خوێندن دەبێتە هۆی قووڵبوونەوەی چینبەندی ناو کۆمەڵ و دابڕینی چینی هەژار و چینی هەبوو بەتەواوی لە یەکتر! دەبێتە هۆی بێبەشبوونی ڕێژەیەکی زۆری خەڵك لە خوێندن، دەبێتە هۆی قەڵەوکردنی کۆمەڵێك خەڵکی تر...

## دیمانەی بۆپێشەوە لەگەڵ بەڕێز هیوا عەساف- مامۆستای زانکۆ سەبارەت بە ساڵی نوێی خوێندن لەهەرێمی کوردستان و خوێندنی ئۆنلاین

**بۆپێشەوە: کابینەی نوێی حکومەتی هەرێم بانگەشەی چاکسازی دەکەن، لاتان وایە دەتوانن چاکسازی بەرجەستە لەپرسی پەروەردەو فێرکردندا بکەن؟**

**هیوا عەساف:** ئەوە دەوەستێتە سەر ئیرادە و بڕیاری چاکسازی. ئەگەر قەراربێت چاکسازی بکرێت، ڕەنگە بڕیاری چاکسازی لە پەروەردە لە زۆر بواری تر ئاسانتربێت و بەرکەوتنی لەگەڵ بەرژەوەندییەکانی ئەوانی تردا کەمتربێت. جگە لەوە دەبێت چاکسازی لە پەروەردە و فێرکردندا هەنگاوی یەکەم بێت، چونکە چاکسازی لە پەروەردە واتە چاکسازی لە بنیادی تاکی کورد، چاکسازی لە بیرکردنەوە و دنیابینی تاک، ئەگەر ئەمەشت کرد، ئیتر بوارەکانی تر بە ئاسانی بەسەرڕێ ئەکەون. هیوادارم حکومەت جدی بێت لەبڕیار و پاشان جێبەجێکردن و دواتر چاودێریکردنی چاکسازیدا.

**بۆپێشەوە: دەسەڵاتی سیاسی هەرێم لەچوارچێوەی بە تایبەتیکردنی خزمەتگوازرییەکاندا، دەیانەوێ سیستەمی پەروەردەو فێرکردنیش بە تایبەتی بکەن، بە تایبەتی کردن و بە ئەهلی کردنی سلکی خوێندن و پەروەردە چ کاریگەرییەکی لەسەر کۆمەڵگە دەبێت؟ وەچۆن دەبێت ڕێگە لە هەوڵێکی وا بگیرێت؟**

**هیوا عەساف:** دەبێت پێش ئەو بڕیارە لێکۆڵینەوە بکرێت، یان بە لای کەمی بیرێک لەوە بکرێتەوە، ئایا ئەو شتانەی تر، کە کراون بە تایبەت (ئەهلی) لەکوردستان سەرکەوتووبوونە؟ خەڵک لێیان ڕازییە؟ ئایا خەڵک دەتوانێت لەگەڵ ئەو بارە تازەیەدا هەڵبکات، کە هەموو شت بە پارەبێت؟ بێگومان بۆ هەموو پرسیارەکان (نەخێر) وەڵامەکەیە. ئەگەر حکومەت نیوەی ئەو پارەیەی دەدرێتە خزمەتگوزارییە ئەهلییەکان لە خەڵک وەربگرێت، دەتوانێت زۆر بە زیادەوە پێشکەش بکات، بۆ نموونە پارەی کارەبای مولیدە! ئێستا بەهەر ماڵێکی کوردستان بڵێیت ئەو پارەیەی دەیدەیت بەمولیدە بیدە بە حکومەت کارەبای بەردەوامت دەبێت، هەم ئەو ڕازییە، هەم حکومەتیش بەو پارەیە پێی دەکرێت. بۆ خوێندنیش هەر وایە!

**بەئەهلیکردنی خوێندن دەبێتە هۆی قووڵبوونەوەی چینبەندی ناو کۆمەڵ و دابڕینی چینی هەژار و چینی هەبوو بەتەواوی لە یەکتر! دەبێتە هۆی بێبەشبوونی ڕێژەیەکی زۆری خەڵک لە خوێندن، دەبێتە هۆی قەڵەوکردنی کۆمەڵێک خەڵکی تر.**

بۆ ڕێگریکردن لەمە، ئەو چاکسازییەی باس دەکرێت بهێنرێتە سەر زەمینی پەروەردە، لەسەر باشکردنی کوالێتی خوێندن جێبەجێ بکرێت، بکرێتە بەربەستی ڕاوە پارەی هەندێک لە ناوەندە ئەهلیەکانی خوێندن، بکرێتە چاودێری بەڕێکردن و پاڵپێوەنانی قوتابی!

**بۆپێشەوە: هەلومەرجی سیاسی و کۆمەڵایەتی کۆمەڵگە، هەژاری و نەبوونی و گرانی بازاڕ و بێکاری و... چ کاریگەریەکی لەسەر پرسی پەروەردەو فێرکردن هەیە؟**

**هیوا عەساف:** هەموو ئەو هەلومەرجانەی ناوهێنراون، لەگەڵ زۆری تریش، خراپن و کاریگەریی خراپیان لەسەر پەروەردە هەبووە و هەیە، چۆن؟ سیاسەت تێکەڵی خوێندن بووە و هەلومەرجی کۆمەڵایەتی گاڵتەی بە خوێندنا دێت و خوێندن دەرچووەکان ناژێنێت و گرانی بووەتە ڕێگر لە بەردەوامیدان بەخوێندن لای زۆر قوتابی و پێویستییەکانی مادییەکانی قوتابی دابین ناکرێت!

> **پەروەردەی مۆدێرن پێویستە، بەڵام پێویستیشی زۆرە. ئەو پەروەردەیە پێویستی بە ژینگەی گونجاو هەیە، پێویستی بە پێگەیاندنی کادیر هەیە، بینا و تاقیگە و پێویستیی لۆجستیکی دەوێت. سیستەمی نوێ و مۆدێرن ناخرێتە سەر ژینگەیەکی شەکەتی وەك ئەم ژینگەیەی پەروەردەی هەرێم...**

**بۆپێشەوە: ژینگەی قوتابخانەکانی کوردستان تاچەندە شیاون بۆ پێگەیاندنی نەوەیەکی تەندروست، لە بواری پەروەردەو فێرکردندا؟**

**هیوا عەساف:** کاتێک کەسێک دەبینیت لە زانکۆیە یان خوێندنی تەواوکردووە و نەگۆڕاوە و جیاوازیی نییە لەگەڵ کەسێک کە بەو پرۆسەیەدا تێپەڕیبێت، ئەوە واتای ئەوەیە پرۆسەی پەروەردە سەرکەوتوو نەبووە و پێویستمان بە پێداچوونەوە هەیە. لە پرۆسەی پەروەردەدا سێ ئامانج هەیە پێویستە بەدیبێن، بە زمانێکی سادە ئەمانەن:

یەکەم: ئامانجی مەعریفی: واتە ئەوەی بە پرۆسەی پەروەردەدا تێیپەڕێت، پێویستە توانای عەقڵی گەشەی کردبێت و مەعریفەی گەورەبوبێت.

دووەم: ئامانجی ویژدانی: ئەو کەسەی وتمان، پێوستە سەلیقە و حەوسەڵەی ئەوەی پەیداکردبێت، کە گرنگی بە شت بدات، کات بۆ شت تەرخان بکات، لە ژیاندا گاڵتەی بە هەموو شتێکدا نەیەت، بتوانێت ڕۆژانە بۆ ماوەیەک جدی بێت.

سێیەم: ئامانجی ڕەفتاری: پێویستە ئەو کەسە لێهاتوویەکی پەیدا کردبێت بۆ بەجێگەیاندنی کارەکانی پەیوەست بە پسپۆڕییەکەی و بە ژیانی ئاسایی خۆیی.

ئێستا بابێین بپرسین، ئایا ڕێژەی چەندی ئەوانەی بە پرۆسەی پەروەردەدا تێپەڕدەبن لە هەرێمدا ئەو گۆڕانانەیان بەسەردا هاتووە؟ بێگومان زۆر کەم! لێرەوە تێدەگەیت، کە پەروەردە لە کوردستاندا زۆر بەرەو دواوە ڕۆیشتووە، چونکە جیلەکانی پێشوو زۆر پێگەیشتووتربوون لەم جیلانەی ئێستا! تا بەرەو دواوە بگەڕێیتەوە ڕادەی پێگەیشتنی خوێندەوار و دەرچووی خوێندن زیاتر دەبینیت، بە پێچەوانەشەوە بگەڕێتەوە، ئەنجامی پێچەوانە دەبینیت! کەواتە هەلومەرجی پەروەردە خراپە و پێویستی بە خەمخواردنی جدی هەیە!

**بۆپێشەوە: ئایندەی هەر کۆمەڵگەیەک، بەستراوەتەوە بە سیستەمێکی پەروەردە و فیرکردنی مۆدیرن و شایستە، تا چەندە لاتان وایە دەسەڵاتی سیاسی ئێستای هەرێم، دەتوانێت پشت بە پەروەردەیەکی مۆدێرن ببەستێت؟**

**هیوا عەساف:** پەروەردەی مۆدێرن پێویستە، بەڵام پێویستیشی زۆرە. ئەو پەروەردەیە پێویستی بە ژینگەی گونجاو هەیە، پێویستی بە پێگەیاندنی کادیر هەیە، بینا و تاقیگە و پێویستیی لۆجستیکی دەوێت. **<u>سیستەمی نوێ و مۆدێرن ناخرێتە سەر ژینگەیەکی شەکەتی وەک ئەم ژینگەیەی پەروەردەی هەرێم</u>**. ئەگەر سەرەتا پەروەردە بە بەرنامەیەکی تۆکمە چاک نەکرێت، هێنانی سیستەمی ئەملاو ئەولا سوودی نابێت. لە سەرەوە گوتمان پەروەردەی جیلەکانی پێشوو سەرکەوتووتر بووە لەوەی ئێستا، لە کاتێکدا ئێستا زۆر شت گۆڕاوە، لەو گۆڕانەشدا بێگومان مەبەست باشترکردن بووە، ئەی بۆ ئەنجامەکەی وایە؟ کەواتە پێویستمان بە گۆڕانی ڕیشەییە، ئەمەش ئیرادە و بڕیار و دڵسۆزیی دەوێت. هیوادارم حکومەت ئەو بڕیارەبدات!

> **خوێندن و پەروەردە و فێربوون، وە زامن بوونی هەموو ئەو ئیمکانیەتی فێربوونەی لە کۆمەڵگەدا هەیە، مافێکی سەرەتایی هەر خوێندکارێکە...**

## درێژەی...دەستدرێژی سێکسی و کاریگەرییە نەرێنیەکانی

سەر ژنان لە لایەن هاوسەر و شەریکە سێکسییەکانیانەوە. ئەنجامەکان بە گشتی دەرخەری ئەوەن کە توندووتیژی جەستەیی و هەروەها توندوتیژی و ئازاردانی سێکسی کاریگەری زۆر خراپی دەروونی و جەستەییان هەیە لەسەر ژنانی قوربانی. بەڵام ئەو ژنانەی کە توندوتیژی و ئازاری سێکسیان بەرامبەر ئەنجام دراوەو ئەزموونی وەها جۆرە دەستدرێژییەکیان هەیە، زۆر زیاتر لەو ژنانەی کە توندووتیژی جەستەییان بەرامبەر کراوە، مەترسی نەخۆشی دەروونی فیزیکیان لەسەرە.

لێرەدا و بەپێی ئەوەی لە کتێبەکەدا پۆلێن بەندی کراوە باس لە کاریگەرییە جەستەیی و دەروونییەکانی توندووتیژی سێکسی دەکەین بەرامبەر بە ژنان، چ لەلایەن کەسانی نزیکی خۆیانەوە، واتە هاوسەر و هاوژیانەکانیانەوەو چ لە لایەن کەسانیترەوە. بەڵام ئەم کتێبە زیاتر باس لە توندووتیژی سێکسی دەکات بۆ سەر ژنان لە لایەن شەریکە سێکسییەکانەوە.

### کاریگەرییە دەروونییەکان:

خەمۆکی بوون (Depression)یەکێکە لە کاریگەرییە دەروونییەکانی دەستدرێژی لە پێوەندی سێکسیدا. قوربانییەکان تووشی کۆمەڵێک کێشەی قووڵ دەبنەوە لەوانە، خەمۆکی بوون، تێکچوونی باری دەروونی دوای رووداوەکە ترس لە کۆمەڵگە، تێکچوونی رەفتاری سێکسی. هەروەها قوربانییەکان تووشی کۆمەڵێک کێشەی تر دەبنەوە وەک سەرکۆنە کردن و خۆبەتاوانبار زانین، هاتنەخوارەوەی متمانە بەخۆ و بەجەستەی خۆ، نەبوونی بڕوا بەخۆ بوون، بێزاربوون لە پیاوان و پەیوەندی سێکسی. ژمارەیەکی زۆری لێکۆڵینەوەکان ئاماژە بەوە دەکەن ئەو ژنانەی کە رووبەڕووی دەستدرێژی سێکسی بوونەتەوە لە لایەن شەریکە سێکسییەکانیانەوە، زۆر کەمتر لەو ژنانەی دەستدرێژی جەستەییان کراوەتە سەر متمانەیان بە خۆیان هەیە. ئەو ژنەی دەستدرێژی سێکسی دەکرێتە سەر متمانەی بەخۆی نامێنێت نەبوونی بڕوابەخۆبوون (Self-Confidence)هۆکارە بۆ گۆشەگیری و خۆپەراوێزخستن. هەروەها لێکۆڵینەوەکان دەرخەری ئەو راستییەن کە دەستدرێژی سێکسی لە پەیوەندی ژن و مێردایەتیدا، یان لە پەیوەند لەگەڵ شەریکە سێکسییەکان، دەبێت بە هۆی دروستکردنی ترس و دڵەڕاوکە لە لای قوربانی.

### کاریگەرییە فیزیکی و جەستەییەکان:

ئەو ژنانەی کە لەلایەن هاوسەر یان شەریکە سێکسییەکانی خۆیان وەک رەفیقە کوڕ (Boy Friend) دەستدرێژی سێکسی کراوەتە سەریان، باری دەستدرێژییەکە زۆر قورسترە لەسەریان لەچاو ئەو ژنانەی کە لە لایەن کەسانی نەناسراو و بێگانەوە دەستدرێژی دەکرێتە سەریان. جیاوازی لە ئاستی توندووتیژییەکە و جۆری ئازارێکە کە پێیان دەگات. ئەو کەسانەی کە لەلایەن هاوسەر و شەریکە سێکسییەکانیانەوە دەستدرێژی دەکرێتە سەریان، زیاتر لەبەردەم مەترسی ئازاری جەستەیی و ئازار گەیشتن بە شوێنە هەستیارە سێکسییەکانی جەستەیاندان. زیاتر لە ژنانیتر کە لەلایەن بێگانەوە دەستدرێژی دەکرێتە سەریان نیشانە و ئاسەواری دڕین، بریندار بوون و... بە جەستەیانەوە دیارەو هەندێجار پێستیان بریندار دەبێت و بەم شێوەیە رووبەڕووی ئازاری جەستەیی دەبنەوە کە کاریگەری رۆحی هەیە لە سەریان.

ژمارەیەکی زۆر لە ئازارە جەستەییەکان وەک سک ئێشە، ئازارە باوەکانی تایبەت بە نەخۆشیە ژنانەکان، ئازاری سمت، خوێن بەربوونی زێ (Vagina) پەیوەندی سێکسی بە ئێش و ئازارەوە، لەباربردنی منداڵ، ئیلتهابی میزڵدان، بەئازارەوە میزکردن، خوێن بەبوونی دواوە (Seat) و نەخۆشییە باوەکانی ریخۆڵە لەو ژنانەدا بینراوە کە لەلایەن کەسانی نزیکەوە، واتە شەریکە سێکسییەکانەوە دەستدرێژییان کراوەتە سەر. ئەوان لەبەردەم هەڕەشەی ژمارەیەک نەخۆشی مەترسیداردان وەک شێرپەنجەی منداڵدان و ئەو نەخۆشیانەی کە بەهۆی پەیوەندی سێکسیەوە دەگوازرێنەوە.

هەروەها بینراوە ژمارەیەک لەو ژنانەی دەستدرێژی سێکسی کراوەتە سەریان دەستیان داوەتە خۆکوژی، یان لە لایەن دەستدرێژی کارەوە کوژراون.

**"مستەفا زاهیدی"**

## درێژەی...چارەسەر دەسەڵاتەکان بۆخەڵک بێت

جوانییەکان و بەرژەوەندی و مافی مرۆڤایەتی بوون بێت، نەک وەک قۆناغەکانی ڕابردوو بۆ ئامانجی لێکترازاندن و گەشەی جیاوازییە چیانەیەتی و نەتەوەیی و ڕەگەزی ودینی و ناوچەگەری و حیزبچێتی و خێڵایەتی بێت. ٢-ئاراستەی پێگەیاندن و هاندانی مرۆڤەکان بە ئاراستەی ئینسانێکی خەباتکارو تێکۆشەری بەردەوام بێت بۆ بەرگری ڕاشکاوانەو دڵسۆزانە و ڕاستگۆیانە لەئازادی ڕادەربڕینی بێ مەرجی سیاسی و دینی و نەتەوەیی و لەسەرجەم ئازادی ومافەکانی مرۆڤ. ٣-هاندانی مرۆڤەکان بۆئەوەی کە چەوسانەوە و ئازاردانی مرۆڤ لەژێر هەربیانویێکدا بێت لەهەرشوێنێک بێت مرۆڤەکان بەئەرکی خۆیانی بزانن بەدەمییەوە بچن بەپێی توانای خۆیان دژایەتی خۆیان ڕابگەیەنن و ڕەتی بکەنەوە.٤-لەیەکەم هەنگاوی بزووتنەوەی شورایی دا پێویستە دژایەتیکردنی هەڵاواردنی ڕەگەزی وەک ئەرکێکی پێویست دژایەتی بکرێت. ٥-لەگەڵ هەنگاوەکانی گەشەکردنی بزووتنەوەی شورایی دا پێویستە یاسایی یەکسانی لەنێوان ژن و پیاودا جێبەجێ بکرێت بۆئەوەی کۆتایی بەجیاوازی نێوان ژن وپیاو وەکو ئەرک وماف بهێندرێت. ٦- چەوساوە و هەژارەکان و کرێکاران وەک چینێکی پێشەنگ لەبزوتنەوەی شورایی خۆیان ببینەوە بەئاراستەی ڕابەرایەتی و بەڕێوەبردنی کۆمەڵگە. ٧- گەنجان و لاوان ببنە ژێلەمۆیی گەشەی بزووتنەوەی شورایی وەک گەشەی گەڕانەوەی ئومێدی ژیان وگەشەی کۆمەڵگە بەرەو کرانەوە و شارستانی بوونی بە ئاراستەی هێنانەدی ماف وئازادی و یەکسانی و بەرابەری.
٨- لەهەنگاوە سەرەتاییەکانی بزووتنەوەی جەماوەری شوراکانی خەڵکدا گرینگی وبەیاخ بە جیاکردنەوەی دین لەبواری دەسەڵات وپەروەردە بدرێت ئەمەش لەبەرئەوەی هیچ کەس وحیزبێک نەتوانن دین بۆبەرژەوەندی خۆیان بەکاربهێنن و هەست و سۆزی خەڵکی پێ ڕابکێشن، هەروەک دەبیندرێت لەئێستادا دەسەڵاتی چەوسێنەرو حیزبەکان باشترین سوودیان لەدین بۆ ڕازیکردنی خەڵک وەرگرتووە خەڵکی پێ فریو دەدەن هەتاوەکو درێژە بەچەوسانەوە و سەرکوت بدەن، بەڵام کە دین لەبواری دەسەڵاتداریێتی جیابکرێتەوە هیچ کەس ناتوانێت ئەمە بکات بەمەش کۆمەڵگە بەرەونوێ بوونەوەو جیاوازتر لەڕابردو هەنگاو دەنێت

# هێزی چینی کرێکار لە ڕێکخراوبوون و یەکگرتووبوونیدایە!

## درێژەی دوا وتە

دوو تاکە کێشەی ئاڵۆزی رۆژهەڵاتی ناوەراستن و ئارامی سیاسی بە بێ چارەسەری ئەو دووپرسە، لە وەهم زیاتر نییە...

کوردستانی عێراق بە جیا لە خەریتە و لایەنی فەرمی نێو دەوڵەتی، بەهەموو پێوانەیەکی تر هێشتا بەکردەوە لە عێراق جیایەو پەیوەندی هێزە سیاسیەکانی حزبەکانی ناو خانەوادەی بۆرژوازی کوردیش، هێشتا لەگەڵ ئیران و تورکیا تۆکمە ترە تا لەگەڵ عێراق. خەڵکی کوردستانیش بەشێوەی گشتی خۆیان بە عێراقی نازانن و ناشیانەوێت بگەڕینەوە بۆ ناو چوارچێوەی دەوڵەتی عێراق و کارایی هیچ سیاسەت و پرۆژەیەکی عێراق لە هەرێمدا ئامادەیی نییە. بۆیە دۆخی سیاسی کوردستان خاوەنی چەندین تایبەتمەندی خۆیەتی و جیابوونەوەشی لە عێراقێکدا کە دەسەڵاتێکی مۆدێرن ئامادەیی نییە، یەکێک لە هەرە بژاردە کاراو پێویستەکانە...

ئاکامی ریفراندۆم، دەستکەوتێکی گەورەی خەڵکی کوردستانە و دەتوانرێت و دەبێت وەکو بەڵگەنامەیەکی خاوەن پشتیوانی و بریاری ئازادانەی خەڵکی کوردستان بۆ جیابوونەوە پیکهێنانی دەوڵەتێکی سەربەخۆ بەدەستەوە بگیرێت. ئەوەی کە هێشتا رێگری لەوە دەکات کوردستانی عیراق، بەرەو ئاقاری سەربەخۆیدا هەنگاو بنێت و سەنەد و ئاکامی ریفراندۆمیش وەکو بەڵگەنامەیەکی پشتیوانی جەماوەری بەرز رابگرێت... هێزە سیاسیە بۆرژوازییەکانی کوردن.

ئەو راستییەی کە پارتی و بزوتنەوەی سیاسی بۆرژوازی کورد، ریفراندۆمیان بۆ مەبەستی تر و وەکو کارتی گوشار بۆسەر بەغدا بەدەستەوە گرت، نەک بۆ جیابوونەوەی کوردسان و پێکهێنانی وڵاتێکی سەربەخۆ، ئەوەش هیندەی تر ئەو ڕاستیە دەخاتەوە ڕوو کە بۆ پارتی ریفراندۆم وەکو موچەی پاشەوکەوت بۆ سات و سەودا لەگەڵ بەغداو دنیای دەرەوە بەدەستەوە گیرا.

پێداگری سەرانی پارتی لەکاتی ریفراندۆمدا بەوەی کە ریفراندۆمیان بۆ جیابوونەوە و پێکهینانی وڵاتێکی سەربەخۆ نییە، رێک لەگەڵ سیاسەتی ئێستایاندا کە سوێند بە یەکپارچەیی عێراق دەخۆن... تەباو کۆکە و ئەو راستییە پشتراست دەکاتەوە کە بۆرژوازی کورد، نەک تەنها هەڵگری چارەسەری پرسی خەڵکی کوردستان بەبریارو ئیرادەی هاوڵاتیان نییە، بەڵکو خۆی کۆسپ و لەمپەرێکی سەرەکی چارەسەری پرسی کوردەو خێر و نیعمەت لە مانەوەی ئەو پرسەدا بەچارەسەر نەکراوی دەبینێتەوە.

ڕاماڵینی دەسەڵاتی بۆرژوازی کورد، لەرێگای شۆرش و راپەرینیکی لەخوارەوەی جەماوەری وشۆرشگێرەوە بەجیا لەوەی دێوەزمەیەک لەسەر ژیان و گوزەرانی ملیۆنی خەڵکی کوردستان هەڵدەگرێت وسەروەت و سامانی دزراوی کوردستان دەگێرێتەوە و ئیرادە بۆ ئینسانی کورد دەکاتەوە مەبنا، ئاواش چارەسەری پرسی کورد دەخاتەوە ئەستۆی بزوتنەوەی شۆرشگێرانەی خەڵکی کوردستان. ئاکامەکانی ریفراندۆمیش وەکو بەڵگەی حاشا هەڵنەگری پشتیوانی جەماوەری بۆ بنیاتنانی دەوڵەتێکی سەربەخۆی خاوەن ئیرادە، سەرمایەکی بەهێزە بۆ وەدەست هێنانی پشتیوانی ناوەندە نێودەوڵەتیەکان و بزوتنەوە ئازادیخوازو ئینسان دۆستەکان...

**کۆتایی سێپتەمبەری ٢٠٢٠**

بۆپێشەوە
FORWARD
بڵاوکراوەیەکی سیاسی سۆشیالیستییە
Forward

هاوکاری سەرنووسەر: ئاراس ڕەشید

نووسەرانی ئەم ژمارەیە:
تاهیر حەسەن، فوئاد قەرەداغی، شوانە حەسەن، مستەفا زاهیدی، ئاراس رەشید، عەبدوڵا مەحمود، کەریم کەرێم، شوان عەزیز، عەبدلرحمن رەسوڵ، هیوا سالح، کاوان قادر،حەکیم میرزا،ئەحمەد جوانکار، خالید بایەزیدی...

لەگەڵ دۆسیەیەکی تایبەت بەناوی"ساڵی تازەی خوێندن و خوێندنی ئۆنلاین"

بۆپێشەوە

سەرنووسەر: عەبدولا مەحموود

ڕاوێژکاری سەرنووسەر: ڕێبوار ئەحمەد

بۆناردنی بابەتو پەیوەندی:
bopeshawa@gmail.com

بۆ پەیوەندی بەسەر نووسەرەوە:بۆناردنی بابەتو پەیوەندی:
abdulla.mahmud@gmail.com

بۆ خوێندنەوەی بابەت و وتارەکانی بۆ پێشەوە سەردانی سایتی بۆ پێشەوە بکەن:
www.bopeshawa.net

# کەس و کار خێزانی گیانبەختکردوی ١٤/٧/٢٠٠٠ نامەیەکی کراوەیان ئاراستەی مەلا بەختیار کرد

## نامەیەکی کراوە لە خێزانی قوربانیانی ١٤/٧/٢٠٠٠ بۆ بەڕێز مەلا بەختیار

پاش سلاو..

بەڕێزتان لە ڕۆژی ٢٠٢٠\٩\١٩ دا لە ناو قسەو باسیکدا کە بۆ ناساندنی کتێبەکەتان پێشکەشتان کرد، ئاماژەتان بە هەڵوێستێکی خۆتان دا کە کاتی خۆی لە کۆبونەوەیەکی سەرکردایەتی یەکێتی نیشتمانیدا، کە خودی نەوشیروان مستەفا تێیدا ئامادەبووە، ناڕەزایەتیتان دەربڕیوە بەرامبەر بە کوشتنی ٥ ئەندامی حزبی کۆمۆنیستی کرێکاری، کە لە ١٤/٧/٢٠٠٠ دا بەڕۆژی ڕوناک و بەبەرچاوی خەڵکی شارەوە ئەنجامدراوە، و بە کارێکی هەڵەتان زانیوە. بێگومان ئەم هەڵوێستە و ئەم ڕاستی وتنەتان بۆ ئێمە خێزان و کەسوکاری قوربانیانی ١٤/٧، لەگەڵ ئەوەدا کە کارێکی ئەرێنیە، بەدڵنیایەوە دەتوانێت کۆمەک بکات بە سارێژکردنی برینێک کە لە ساڵی ٢٠٠٠ ەوە لە جەستەی ئێمەدا هەڵکەندراوە، ئەویش بەوەی کە هەموو ئەو زانیاریانەی لای بەڕێزتانە لەسەر ئەم تاوانە تەسلیم بە دادگا وەیا مەرجەعێکی یاسایی بکەن تا وەک بەڵگەیەک بۆ بەلاداخستنی ئەم تاوانە سودیان لێوەربگیرێت. دەبێت ئاگاداری ئەوە بن ئەوە بۆ ماوەی ٩ ساڵ دەچێت کە ئێمە لە دادگای سلێمانی شکاتمان لەسەر نەوشیروان مستەفا و هەموو ئەوانەی دەستیان لە تاوانی کوشتنی ڕۆڵەکانماندا هەیە تۆمارکردووە، بەڵام بە پاساوی ئەوەی بەڵگە لەبەردەستدا نیە پرۆسەکەیان پەکخستووە.

بەڕێز کاک مەلا بەختیار،

ئێمە نازانین سەرکردایەتی یەکێتی نیشتمانی چ ئەنجامگیریەک لە ئاشکراکردنی ڕاستیەک وەردەگریٚ کە ئێوە لەسەر تاوانێک لە دەزگاکانی ڕاگەیاندنەوە ئاشکراتان کردووە. تەنانەت ئەوەش نازانین کە خودی بەڕێزتان چ هەنگاوێک دەگرنەبەر تا یەکێتی نێشتمانی دان بەهەڵەی تاوانەکانیدا بنیٚ، بەڵام ئەوەمان لاروونە کە یەکێتی نیشتمانی وەک حزبی حاکم و بەڕێوەبەری یاسا و دادگا بە دوای قسەکانی ئێوەدا، چیتر ناتوانیٚ لە بێدەنگیدا تاوان و غەدرێک بخنکێنیٚ کە لە ئێمە کراوە. ئێوەش ئەگەر ویژدانی ڕاستی وتن ئێوەی هێناوەتە گۆ لەسەر کوشتنی پۆلێک ئینسانی بێتاوان وشەرافەتمەند، ئەگەر بەراستی مەبەستتان لە ئاشکراکردنی هەقیقەتی ئەم تاوانەدا مەسەلەیەک نیە بۆ سیاسەتی ڕۆژ و ڕاگەیاندنەکان، ئەوا کەمترین چاوەڕوانی ئێمە ئەوەیە کە هەرچی زانیاری و وردەکاری هەیە کە پەیوەندی بەم تاوانەوەیە و ئێوە لێی ئاگادرن، تۆمار بکەن و بۆیەکلاکردنەوەی ئەم کەیسە هاوکار بن. بەدڵنیایەوە ئەمە کەمترین ئەرکێکە لەسەر شانی کەسێک کە شاهیدە بەسەر تاوانێکەوە.

لەگەڵ ڕێزماندا

١... جەمال موحسین لەلایەن کەسوکاری عەبدولباست موحسین (شێخ عەبدول)
٢... ڕێبوار لەتیف لەلایەن کەسوکاری هاوڕێ لەتیف
٣... ئیسماعیل موحەمەد لەلایەن کەسوکاری ئیبراهیم موحەمەد (هاوکار)
٤... ڕێبوار (ڕێشوان) مستەفا لەلایەن کەسوکاری محەمەد مستەفا (کەریم)
٥... سادق نیکبین لەلایەن کەسوکاری ئومێد نیکبین

**٢٨ ی سێپتێمبەری ٢٠٢٠**




## دوا وتە

# لەسێهەمین ساڵیادی ریفراندۆمدا

**عەبدولا مەحمود**

٢٥ سیبتەمبەر سیٚ ساڵ بەسەر ئەنجامدانی ریفراندۆمدا تێپەڕی. ریفراندۆیک کە زوربەی زۆری خەڵکی کوردستان بە گەرم و گوڕییەوە بەشداریان تیاکرد. خەڵکی کوردستان بۆیە لەم ریفراندۆمەدا بەحەماسەوە بەشداریان کرد، چونکە خوازیاری جیابوونەوەی کوردستان و تامەزرۆی دەوڵەتی سەربەخۆی خۆیان بوون و نەیاندەوست لەچوارچیٚوەی عیراق و ئەو دەوڵەتانەدا بمێنەوە کە خاوەنی پرانسیبی مافی هاوڵاتی یەکسان نییەو و هەمیشە لەسەر بنەمای روانینی کەمتر بۆ هاوڵاتیانی تر دامەزراوە.

لەگەڵ ئەوەدا کە ژمارەیەک دەنگی "نا" و "نەخێر" لەلایەن هەندێک حزب و هێزی سیاسی لە ململانێیەکی سیاسی ناوخۆییدا بەرزبوونەوە بەرووی ئەنجامدانی ریفراندۆمدا، بەڵام ئەمە نەیتوانی ببێتە هۆکارێک بۆ ساردکردنەوەی خەڵکی کوردستان بۆ بەشداری لە ریفراندۆمدا.

پاساوەکانی رەوت و ڕەهەندی دژە ریفراندۆم، بریتی بوون لەوەی کە ریفراندۆم کاتی نییە و پشتیوانی وڵاتانی لەگەڵ نییە، ئابوری و ژێرخانی ئابوری بەهێز نییە، هێزی نیشتیمانی سەربەخۆمان نییە، ناومالّی کورد!! یەکرێز نییە. لە کاتێکدا هیچ کام لەو پاساو بیانوانە، لەهیچ جێگاو گۆشەیەکی دنیادا نەبوونەتە مەبنای دەوڵەتسازی و ئەنجامدانی ریفراندۆم. هیچ کام لەوانە پیش مەرج بۆ ئەنجامدانی ریفراندۆم و سەربەخۆیی نین. بە پێچەوانەوە، هەرکام لەوانەو زامن بوونیان بەندە بەبوونی دەوڵەت و سەربەخۆیی سیاسی و حقوقیەوە. دیارە هەلومەرجی سیاسی کوردستان زۆر جیاوازە لە زۆربەی هەرزۆری ئەو پرۆسەی دەوڵەتسازییەی لە دنیادا ڕوویانداوە. کەم جغرافیای سیاسی لە دنیادا هەیە وەکو کێشەی کورد ئاڵۆز بێت و هێندەش پێویستی بەوە بێت کە وەڵام وەربگرێتەوە. کێشەی فەلەستین و کێشەی کورد

بۆ لاپەڕە 15